کرێکارانی جیهان یەکگرن

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم　ژمارەی ٣٠　جوزەردانی _١٣٦٨　ژوئەنی_ ١٩٨٩

## مانگرتنی بەرینی کرێکارانی کوورەخانەکان!

مانگی خاکەلیوەی ئەمساڵ کرێکارانی کوورەخانەکانی "سنخ" و "سەردەرو"ی تەوریز رایان گەیاند ئەگەر حەقدەستەکانیان زیاد نەکری بە تیکرا دەست لە کار هەڵدەگرن و کار تەعتیل دەکەن. پاش چەند رۆژ خاوەن کوورەکان موخالەفەتی خۆیان لەگەل داخوازی کرێکاران دەربری و کرێکارانیش دەستیان لە کار هەڵگرت و مانگرتنیکی گەورە و بەرینیان لە کوورەخانەکانی "سنخ" و "سەردەرو"ی تەوریز وەری خست.

ئەم نانگرتنە کە پاش چەند رۆژ هەموو کوورەکانی "سنخ" و "سەردەرو"ی داگرت، لە رۆژەکانی هەوەلی مانگی گولان دا تەشەنەی کرد و کیشرایە کوورەخانەکانی مەلایر و مەرەند و روالەتیکی سەراسەری بە خۆیەوە گرت.

هەوالی ئەم مانگرتنە بەرینە، بێجگە لە شارەکانی تەوریز و مەلایر و مەرەند لە زۆر شاری‌تری ئێرانیش بلاو بووەتەوە و شوور و شەوقیکی لە دلی کرێکارانی شوینەکانی تریش دا هەڵگیرساندوە.

داخوازی کرێکارانی مانگرتووی ئەم شوینانە بەم جۆرەیە:

١– حەقدەستی برینی هەزار خشت دەبی بکرێتە ٢٥٠ _ ٢٧٠ تمەن.

٢– دەبی هەر کرێکاریك ٢٠٠٠ تمەن پوولی سووختی بدرێتی.

٣– دەبی هەر کرێکاریك ٥٠٠٠ تمەن خەرجی هات و چووی بدرێتی.

ل٣

## وەزعی سیاسی ئێران و هەلومەرجی دوای مەرگی خومەینی بۆ کرێکاران

مەرگی خومەینی، ئیتر ماوەیەکە کە سێ حەوت رۆژانەشی بەسەر چووە. نەوحەخوانی و سەرەخۆشی رەسمی کاربەدەستانی ناوخۆ و دەرەوە هەتا دی کەمتر دەبێتەوە. بەڵام باسی مەرگی خومەینی هیشتا باسی گەرمی هەموو رادیو و رۆژنامەکان و سیاسەتمەدارانە لە ئێران و لە دەرەوەی ئێران. پیچی هەر رادیویەك بسورێنی، باس باسی مەرگی خومەینی‌یە و لیکدانەوەی جۆراوجۆر لەسەر هەڵوێستی کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی و وەزعییەتی سیاسی لە ئێران. بە تایبەت رادیو و رۆژنامەکانی رۆژئاوا، ئاڵ و گۆرەکانی وەزعییەت لە ئێران بە وردی دەدەنە بەر سەرنج و و دەستیان بە هەر سیاسەتمەدار و ساحەب نەزەریکی تەبعید کراو و هەڵاتووی ئێرانی رابگا میکروفون لە بەردەمی رادەگرن هەتا هەر لیکدانەوە و نەزەریکی هەیە باسی بکا و هیچ مەسەلەیەك بە باس نەکراوی نەمێنیتەوە.

ئەگەر کەسێك پرسیار بکا بۆچی هیشتا باسکردن لە سەر رووداوێك کە خەبەرەکەی کون بووە، هەتا ئەم رادەیە وەختی رادیو و رۆژنامەکانی بۆ تەرخان دەکری، ئەگەر کەسێك بپرسی بۆچی هەر قسەیەك لە دەمی رابەرانی حکوومەتی ئێران بێتە دەر، ئاوا بە وردی لە هەموو لایەکەوە سەرنجی دەدرێتێ و توێ بە توێی قسەکانیان دەپشکنن هەتا بزانن چی تێدایە، وەڵامەکەی ئەوەیەکە مەرگی خومەینی بۆ بورژوازی هەم لە دەرەوە و هەم لە ناوەوەی ئێران زەنگی دەسپێکردنەوەی هەول و تەقالایەکە کە لە ساڵەکانی ئاخری ژیانی خومەینی‌دا، دوا بە دوای پەلەقاژەی پان ئیسلامیستەکان بۆ سەر لە نوی هەڵکردنەوەی ئالای خۆیان، شل ببووە و یان هەر بە تەواوی راوەستابوو. بورژوازی بە وردی و لیبراوانە خەرێکی بەرەوپێش بردنی ئاڵ و گۆرێکە کە لە روانگەی خۆیان و حکوومەتی ئیسلامی ئێرانەوە، دەبی بە خێرایی تێپەر کری. هەمان ئاڵ و گۆر کە دەس بە جی پاش کوتایی پی هاتنی شەر، لایەنیك هەر لە ناو خۆی ئەم حکوومەتەوە، بە رێبەرایەتی رەفسەنجانی، سەرخەتەکانی راگەیاند بوو و بە پەلە کەوتبووە شوێنی. لە روانگەی ئەوانەوە ئەم ئاڵ و گۆرە ئەمرۆ ئیتر پاش مەرگی خومەینی دەبی لیبراوانە و بە خێرایی بە سەرەنجام بگەیەنری و هەڵبەت ئەمجار بە پاریزیکی زۆر زیاترەوە و زور حیسابکراوتر و ژیرانەتر لە جاران.

لە ساڵەکانی ئاخری شەردا کە هەموو شتێك لە خزمەت بەرەوپێش بردنی سیاسەتی پان ئیسلامیستی‌دا وەگەر خرابو و هەمووان بە ئاشکرا دەیان دیت کە درێژە پێدانی ئەم سیاسەتانە، یان بە وتەیەکی‌تر سەرپوش نانەسەر مەسەلە گرینگە کۆمەڵایەتی‌یەکان بە قازانجی بەرەوپێش بردنی سیاسەتی پان ئیسلامیستی، ئابووری بەرەو وەرشکستەیی کامل و کۆمەڵ بەرەو بوحرانیکی شۆرشگێرانەی جیددی دەبا. بورژوازی کە ئەم وەزعەی دەدیت بەو نەتیجەیە دەگەیشت کە فکریکی بنەرەتی‌تر بۆ حکوومەتەکەی لە ئێران بکاتەوە. ئەو کاتیش وەك ئەمرۆ، ئەگەر ئالترناتیویکی سەقامداری دیکە پەیدا بوایە کە جێگای حکوومەتی ئیسلامی بگرێتەوە و بە دەربەست تر بی بو بەراوردە کردنی

## بەشی جیابووەوەی حیزبی دیموکرات مانەوەی لە سەر رێبازی کون!

جیناحی جیابووەوەی حیزبی دیموکرات بەڵگەکانی کونفرانسی پووشپەری ٦٧ی پاش چەند مانگ بلاو کردەوە. بەشی ئەسلی "بەلگەکانی کونفرانسی چوارەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران _ رێبەرایەتی شۆرشگێر "، "راپورتی کومیتەی ناوەندی" بە کونفرانس.

نە ئەم گوزارشە و نە بەڵگەکان بە گشتی، رەخنەیەکی هەمەلایەنە و دوور و درێژیان پێویست نیە، یان ئێمە لیرەدا مەبەستمان ئەوە نیە. هەر ئەوەندە بەسە وەبیر بێنێنەوە ئەم نووسراوەیە کە بە پێی قاعیدە دەبوا بۆ نیشان دانی لایەنە بەهێزەکان و توانایی‌یەکانی خاوەنەکانیان نووسرابا، تەنیا لایەنە کز و لاواز و بی هێزەکانی ئەوان ئاشکرا دەکا. نیشان دەدا کە چۆن جیناحی جیابووەوە نەیانتوانیوە رابوردووی هاوبەشیان لەگەل جیناحی قاسملوو، بدەنە بەر رەخنە، چۆن نەیانتوانیوە لەبنەمای فکری و سیاسی تا ئێستای حیزبی دیموکرات و رێبازی سیاسی ئەم حیزبە دابرین، چۆن نەیانتوانیوە ئالترناتیویکی موعتەبەر و بە ناوەروك بەرانبەر بە جەرەیانی کونەپەرست و بەرشکستەی جیناحی قاسملوو بێننە گۆر و چۆن تەنیا بن بەست و بی ئاسویی ئەم جەرەیانەیان بە زمانیکی تر هێناوەتەوە گۆر.

دیارە هیچکام لەوانە سەرسوور هێنەر و چاوەروان نەکراو نین. بریارنامەی پەسند کراوی کونگرەی شەشەمی کۆمەڵە باسی هەموو ئەوانەی کردوە کە ئەم جەرەیانەی پی دەناسرێتەوە. بەڵام بۆ کەسێکی کە جۆرێکی‌تر بیری کردوەتەوە یان ئێستا بە دوای راستی‌یەکاندا دەگەری، وە یان تەنانەت بۆ کەسێك کە بە شوێن هەڵسەنگاندنی نەزەراتی ئێمەوە بی، لەوانەیە ئەم بەڵگانە سەرنج راکیش بن و بە کەلکی خوێندنەوە بین. بە هەر حال ئێمە تەنیا چەند خالی دیاری کراو بە کورتی دەدەینە بەر لیکولینەوە:

یەکەم: ئەم بەڵگەیە بە روشنی نیشان دەدا کە بە پێچەوانەی جیناح دا تاشینەکانی ئەم بەشەی حیزبی دیموکرات و راەکارگر، ئەوەی کە پێی دەگوتری جیناحی دیموکرات و شۆرشگێر، تەنیا هەڵدەگەرێتەوە سەر لایەنگری لە شوورەوی.

بەڵگەی بەشی جیابووەوەی حیزبی دیموکرات لە کاتی هێنانە گۆری "چاوخشاندنیك بە رابوردوودا" وەبیر دەیێنێتەوە:

ل٤

## قانوونی کار و کرێکارانی کوردستان

کیشە لە سەر قانوونی کار لە نیوان کرێکاران و رژیمی جمهووری ئیسلامی‌دا لە ساڵی ٦١ بەم لاوە، هەتا ئێستا (یانی ٧ ساڵ) هەروا درێژەی هەیە. لە نەتیجەی ئەم خەباتەدا چوار پێش نووسی قانوونی کار دەسکاری کراوە و رژیم هەندیك پاشەکشەشی کردوە. پی داگرتنی کرێکاران بۆ ئەوەی پاشەکشەی هەرچی زیاتر بەسەر رژیم دا بسەپێنن هەروا درێژەی هەیە.

ماوەیەکە رژیم بی دەنگەی لە قانوونی کار کردوە چونکوو دوای شکستی سیاسەتی کونەپەرستانەی شەر، سیاسەتی بازسازی و سیاسەتی سەبر و چاوەروانی رژیمیش شکستی خواردوە و ئێستا لە بەرەوپێش بردنی سیاسەتەکانی دا لە هەمیشە داماوترە.

هەڵبەت کرێکارانی کوردستان کە لە نیو دەریای بی قانوونی‌دا خەباتێکی سەرکەوتوانەیان بەرەوپێش بردوە و گەلیك داخوازیان بەسەر کارفەماکان و دەوڵەت دا سەپاندوە ئەوە دەزانن کە قانوون بەڵگەیەکە کە نیشان دەدا هەر کام لە لایەنەکان هەتا چ رادەیەك دەتوانن ویستی خۆیان بەسەر لایەنکەی‌تردا بسەیێنن.

ل٨

## شەری خوێناوی لە لوبنان!

جاریکی‌تر ئاگری شەری ناوخۆیی لە لوبنان بلێسەی سەندوە. ئێستا لە "بیروت" و چەند شاری‌تری لوبنان گوللە توپ و مووشەك بە شێوەیەکی وەحشیانە مالی خەڵك کاول دەکەن و ئاگری ئەو شەرە کونەپەرستانەیە ئاسمانی لوبنانی وەك ژیانی خەڵکی ئەو وڵاتە رەش و تاریك کردوە.

ئەم رۆژانە لە هەر گوشەیەکی دنیا هەر ئینسانیکی شەریف کاتیك دیمەنەکانی ئەم وەحشیگەری‌یە لەسەر تلویزیون دەبینی دەس بەجێ ئەم پرسیارانە بە میشکی دا دی:

– چ کەسانیك شەری ١٥ ساڵەی ناوخۆی لوبنان پەرە پی دەدەن؟ مەسیحی‌یەکان، موسولمانان، سوننی‌یەکان، شیعەکان، درووزی‌یەکان، دەوڵەتی سووریە، جمهووری ئیسلامی، ئەمریکا، فەرانسە و ئیسرائیل کامیان؟

– ئەم شەرە لەسەر چیە و بۆچی کوتایی پی نایە؟

ل٥

## ١١ی گولان: کریکارانی کورستان جەژنی چینا یەتی خویان بەریوەبرد

سنە:

*– کریکارانی سنە مەراسمی دەولەتی‌یان تەحریم کرد.

* – هەزاران کریکار، مەراسمیکی سەربەخۆی گەورە و شکوداریان لە سالونی وەرزشی "تەختی" بەریوە برد.

*– لە بریارنامەیەکی ٢٣ ماددەیی‌دا کریکاران داخوازەکانی خۆیانیان راگەیاند.

*– لە راپەیمایی کریکاران دا لە خیابانەکانی شاری سنە، هەزاران ژن و پیاوی کریکار، شیعاریان دا: بژی حکوومەتی کارگەری، بژی سوسیالیزم، بژی بزووتنەوەی شورشگیرانەی گەلی کورد!

مەهاباد:

*– شەوی پیش ١١ی گولان، کریکاران لەسەر بەرزایی‌یەکانی دیوی شار، ئاگریان کردەوە.

*– تراکت و اتلاعیەکانی رۆژی کریکار لە نیوشاردا بلاوکرانەوە.

*– لە رۆژی کریکاردا کارتەعتیل کرا و کریکاران و کوروکومەلی جوراوجۆردا جەژنیان گرت.

*– کریکارانی شارەکانی مەریوان و سەقز جەژنی رۆژی کریکاریان لە کوروکومەلی خویاندا بەریوە برد.

**گوزارشیك لە بەرێوەچوونی مەراسمی رۆژی کرێکار لە شاری سنە**

هەر لە رۆژەکانی سەرەتای مانگی گولانەوە هەر کەس لە کووچە و کولان و گەرەکە کرێکار نشینەکانی شاری سنەوە تێپەر بوایە، جم و جوولیکی تازەی بەرچاو دەکەوت: جم و جوولیك کە بە ئاشکرا خەبەری لەوە دەدا لە رۆژانی داهاتوودا جاریکی‌تر ئەم شارە دەبێتە مەیدانی نیشاندانی هێز و قودرەتی

ل٦

## پەیامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی ٣١ی جۆزەردان رۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە




کرێکاران و زەحمەتکێشان!

خەڵکی وشیاری کوردستان!

٣١ی جۆزەردان رۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە، باسکی چەکداری کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانتان لێ پیروز بی. لەم رۆژەدا یادی هەموو ئازیزانی گیان بەخت کردوو و لە ناویان دا یادی هاوری سەعیدی موعینی، یەکەم پێشمەرگەی کۆمەڵە ریز لێ دەگرین. ئەوان بۆ رزگار بوون لە ستەم و چەوسانەوە و بە عەشق بە ئازادی کرێکاران و هەموو بەشەرییەت، لە ناو ریزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا تا دوا هەناسەیان تێکۆشان، یاد و ئامانجیان لە هەموو ئیعتیراز و خەباتێکی کرێکاری و جەماوەری لە کوردستان، لە هەڵسوورانی نهینی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست لە شار و لادی، لە مەزرا و کارخانە و لە خەبات و هەڵسوورانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا بەرز و بەریز رادەگیری و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش بەرەو خۆی رادەکیشی.

دە ساڵ لەوە پێش، لە حالیکدا زۆربەی خەڵکی ئێران هیشتا تەوەهومیان بە رژیمی جمهووری ئیسلامی و خومەینی هەبوو،

ل٩

هەمەلایەنەتری نیاز و پێویستییەکانی سەرمایە چ لە کورت ماوەدا و چ لە درێژ ماوەدا بتوانی ریزەکانی بورژوازی لە ئێران لە دەوری ئالای خۆی کۆ کاتەوە، ئەگەر ئالترناتیویکی وا لە بەردەست بوایە، بورژوازی ئێران و جیهانی هیچ دوودڵییەکیان لەوەدا نەبوو کە خێرا بینێنە جێگای جمهووری ئیسلامی. بەڵام ئاوا حازر و ئامادە بۆیان دەست نادا. نەتیجەکە بوو بەوە کە هەول و تەقالایەکی یەکجار زۆر بدری بۆ ئەوەی هەمان حکوومەت بە هەمان روالەت و شکل و قالبەوە، بە قازانجی بۆرژوازی هەندیك ئاڵ و گۆر تێدا بدری. بۆیە زیاترین هێزەکانی بورژوازی بە ئێرانی و جیهانییەوە بە شێوەی نیزامی و غەیرە نیزامی دەستیان دایە ئەم کارە.

ئامانجەکانیان روشن و دیاری کراو بوون. لە کیسینجیری ئامریکایی و گنشێری ئالمانیەوە هەتا هەیئەتی نوینەرایەتی میتسووی ژاپونی، لە هەڵسووران و موبەللغینی ورد و درشتی ئەم جەریانەوە لە خودی ئێران هەتا فەرماندەکانی کەشتییە جەنگییەکانی ئەمریکا لە خەلیجی فارس کە جار و بار لەگەل خەبەرنیگاران وت و وێژیان دەکرد، هەموان بە روشنی دەیانزانی دەبی چ بکری. فشار لە هەموو لایەکەوە زیادی کرد بۆ ئەوەی هەموو رێگاکان، بێجگە لەو رێگایە کە دەبوو رێگای داهاتووی جمهووری ئیسلامی بی، لە رژیمی حاکمی ئێران ببەستری، دەبوو چ کرابا؟

هەول و تەقالای پان ئیسلامیزم کە دەیەویست شەر بکاتە مەنتەقەیی، دەبوو لیبراوانە و بی رەحمانە سەرکوت بکری. جەرەیانی پان ئیسلامیست لە نیو حکوومەت دا دەبوو ئەوەندە بخرێتە حاشیەوە کە ئیتر هیچ کلیلیکی قودرەتی بە دەستەوە نەمابی، دەبوو ناسیونالیزم بە شێوەی جیددی لە ئیدئولوژی رەسمی حکوومەتی ئێران دا بە هێز بکری. دەبوو حکوومەتی ئیسلامی رووبکاتە شێوە و رەوشت و دەرگا ئاساییەکانی بورژوازی بۆ بەرەیوە بردنی کارو باری ئابووری و بەرقەرار کردنی نەزم. دەبوو سیاسەتی ئابووری دەوڵەتی دەستیکی پێدا بهینری و ئیمتیاز و زەمانەتی لازم بۆ سەرمایەی خوسووسی و بەشداری چالاکانەی بورژوازی لە "بازسازی" و وەگەر خستنەوەی بەرهەم هێنان دا دابین بکری. دەبوو پەیوەندی سیاسی و ئابووری ئێران لەگەل ئەمریکا و ئورووپای رۆژئاوا زیاتر و پتەوتر بکری و رژیمی ئێران زیاتر خۆی بە پابەندی عورف و یاسا جیهانییەکان بزانی.

ئەمانە سەرخەتی ئەو پلاتفورمە سیاسییە بوون کە بورژوازی ئێران و ئەمپریالیزم بو دوور کردنەوەی خەتەری بوحرانیکی شۆرشگێرانەیتر بەتەما بوو بەرێوەی بەری. ئەوان لە لایەك کە هەر چەندی بۆیان ئیمکانی هەبوو بۆ پێك هێنان و خیرا کردنەوەی ئەم ئاڵ و گۆرە فشاریان بە کار دەبرد و لە لایەکیتر بە ئاشکرا لە زمان بە دەسەڵات ترین رابەرانیانەوە، لە بەیاننامەکانی کاخی سپیدا، بی دریغ پشتیوانییان لە حکوومەتیکی ئیسلامی دەکرد کە ئەم ئاڵ و گۆرانەی بە خۆیەوە دیبی. ئەمپریالیستەکان بە ئاشکرا دەیان گوت ئەگەر ئێران ئەم ریبازە قەبوول بکا رژیمی ئێران لە ناوخۆی دا هەرچی بکا ئەوان دەستی وەبەر ناهینن ئەم قسانە لە کاتیکدا کە بیرورای گشتی جیهان رۆژ لە رۆژ زیاتر نەفرەت و بیزاری خۆی لە جینایەتەکانی رژیمی ئێران چ لە جەبهەکانی شەر و چ لە نیو زیندانەکاندا دەردەبری، هیچ مەعنایکی جگە لەوە نەبوو کە ئەگەر بیت و حکوومەتی ئیسلامی سەر بینێتە ری دەوڵەتانی رۆژئاوا لە سەرکوتی هەر هێزێکی ئوپوزیسیون کە بیهەوی حکوومەتی ئێران لە ناوەوە لاواز بکا پشتیوانی دەکەن و پیش بەوەش دەگرن کە رادیو و رۆژنامەکان لە سەر "پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێران" هەرا ساز بکەن یان موزاحمەتی لەم چەشنە بۆ رژیمی ئێران دروست بکەن. لە هەموو ئەم وەعدە و بەڵێنە سیاسییانە گرنگتر، دەست و دل ئاوالەیی دەوڵەتانی ئەمپریالیست بوو کە لە زەمینەی یارمەتی ئابووری و مالیدا لە خۆیان نیشان دا. کاتێك شەر کوتایی پی هات، هەندیك بەشی ئەم پلاتفورمە وەدی هاتبوو. هەر خودی ئەوەکە ئێران گەردنی کەچ کردبۆ کوتایی پی هینانی شەر و قەبوول کردنی بریارنامەی ٥٩٨، بە مەعنای شکست دانی جەرەیانی پان ئیسلامیزم بوو لە گرینگترین مەیدانی بەربەرەکانیدا. بە تاك خستنەوە و بەرو حاشیە پال پێوەنانی خودی ئەو جەرەیانە لە مانگەکانی پێش قەبوول کردن و دوای قەبوول کردنی ئاگر بەس دا، زۆر بە خێرایی بەرەوپێش چوو بوو، لە هەمووش گرینگتر ئەوە بوو کە ئەو هێزە ئاڵ و گۆر بەخشە کە دەبوو ئەم پروسەیە لەسەر کورسی دەسەڵاتی دەوڵەتییەوە رێبەرایەتی بکا و بە سەرەنجامی بگەیەنی بە لە خورا دیوی و دل قایمییەکی چاوەروان نەکراوەوە لە ناوخۆی حکوومەت بە پێك هێنانی کیشە و ئالوزییەکی زۆر کەم، سەری هەڵدابوو سەر بەرز کردنەوەی لیبراوانەی رەفسەنجانی و ئەو ئامادەیییە کە ئەو لە خۆی نیشان دابو بەرێوە بردنی دەوری رێبەرایەتی ئاڵ و گۆری ناوخۆی رژیم، بە لەبەر چاو گرتنی ئەو جێگا و شوینەکە خۆی و هاوریکانی بوویان و هەر وەها روشن بینی رەفسنجانی لە زەمینەی ئەو کارە بنەرەتییانەدا، کە بورژوازی و ئەمپریالیزم پێیان وا بوو دەبوو بکری بە جۆرێك دەوڵەتانی رۆژئاوا و سەرمایەدارانی ناوخۆ و دەرەوەی گەشکە کردبوو کە تەنانەت هەندێك لە نوینەرانیان لە بیریان چوو بووەوە کە ئەم هەموو شادمانی کردنە تاریف و تەحسین کردنی رەفسەنجانی و دارو و دەستەکەی، لەوانەیە لەو هەلومەرجە ئالوزەی ئێران دا بە زەرەری تەواو بی و هەموو جەرەیانی پان ئیسلامیست بۆ پاراستنی جێگا و شوێنی خۆی وەخوخا. بەڵام سەرەرای ئەمە، پێشرەوی رژیمی ئێران بەرەو ئەوەکە خۆی لەگەل خەتە سەرەکییەکانی ئەو پلاتفورمە یەك خا هەتا ئەو جێگایە رەفسەنجانی نوینەرایەتی دەوڵەتی دەکرد ئەوەندە خیرا بوو. وت و وێژی سولح بە خێرایی بەرەوپێش چوو. هەر شتێك کە لە سەری پێك دەهاتن بە خێرایی بەرێوە دەبرا. گەلێك وت و وێژ و چاوپی کەوتن هەم بە نهینی و هەم بە ئاشکرا و هەم بە رەسمی و غیرە رەسمی بۆ نیوان خوش کردن لەگەل رۆژئاوا و تەنانەت لەگەل "شەیتانی گەورە" بەرێوە برا، لە بەیاننامە رەسمییەکاندا ناوی "میللەتی قارەمان" جێگای "ئومەتی شهید پەروەر"ی گرتوە. هەیئەتی ئابووری لە هەموو لایەکی جیهانەوە روویان کردە تاران و ئەمە خۆی نیشاندەری ئەوە بوو کە کاربەدەستانی حکوومەتی ئێران لە زەمینەی دابین کردنی ئەمنییەت و قازانج بەری سەرمایەکانی دەرەوەدا لانی کەم لە چوارچێوەی پروتوکولی رانەگەیەندراو دا قەول و بەڵێنی خۆیان داوە.

ئیتر تەم و مژ رەویبووەو و بورژوازی و ئەمپریالیزم رێگای خۆیان بەرەو داهاتووی حکوومەتی ئێران دوزیبووە. ئیتر ئاشکرا ببوو کە دەبی پشتیوانی لە کام داروەدستەی نیو حکوومەت بکەن. ئێستا ئیتر گیروگرفتی چکولەتر مابوو چارەسەر بکرین، نەفسی کوتایی پی هاتنی شەر بە دەست پێش کەری رەفسەنجانی بۆ خۆ یەکخستن لەگەل ویستی بورژوازی و ئەمپریالیزم هەڵگیران، نەك هەر بە خیرایی پشتیوانی جیهانی رۆژئاوا و رەزایەتی بورژوازی ناوخۆی ئێرانی بو لای خۆی راکیشا، بەڵکوو هەر وەها توانی رەوتی روولە زیاد بوونی ئیعتیرازات و داخوازەکانی جەماوەری خەڵکی وەگیان هاتووش هەتا رادەیەکی زۆر شل کاتەوە. خەڵکیکی تووره کە لە مانگەکانی کوتایی شەردا هەموو بیانوویەکیان بۆ دەربرینی بیزاری خۆیان لە رژیم بە دەستەوە دەگرت، خەڵکیك کە ئیعتیرازات و خەباتی پرژ و بلاو بەڵام بەردەوامیان بە رادەیەك هەرەشەی لە رژیم دەکرد کە رژیم ناچار ببوو هەندیك سیاسەت بۆ دڵخوشی دانەوەیان بگرێتە پێش، بە تەمای ئەوە کە داهاتووی ئێران بە جۆرێکی تر دەبی و بەو هەراو هوریایەی لەسەر هەڵوێستەکانی جمهووری ئیسلامی ساز کرا بوو، لە ناکاو کەوتنە حالەتێکی چاوەروانی، چونکە ئەوە یەکەمین جار بوو کە کاربەدەستانی رژیم نەك باسی مەسەلەکانی فقە و شەرع و مەکتب، بەڵکوو باسی مەسلەحەت و نەقشەی وایان دەکرد کە لە سەر مەسەلە گرینگە کۆمەڵایەتییەکان وەك قاتی، وەگەر کەوتنەوەی چەرخی بەرهەم هێنان، بێکاری و ئەم جۆرە شتانە تەئسیری چارەنووس سازیان هەبوو. ئەو حالەتی ئەومید و چاوەروانییە کە جێگای ئیعتیراز و داخوازەکانی خەڵکی گرتبووەوە لەگەل شەپولی گرتن و ئیعدامی بە کۆمەڵ کە مەجالی ئەوەی بە رژیم دابوو مەیدانداری بکا و رێگا بۆ هێرشەکانی دواتریشی بکاتەوە، بەش بە حالی خۆی بورژوازی لە نیگەرانی نیسبەت بە چارەنووسی خۆی دینایە دەر و هانی دەدا بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر پشتیوانی لە لایەنی رەفسەنجانی بکا.

ئەوە ئاشکرا بوو کە جەرەیانی پان ئیسلامیست کە بەرانبەر بە حەریفەکەی بە تەواوی پاشە کشەی کردبوو دەبوو بۆ پاراستنی جێگا و شوێنی خۆی کاریك بکا. رەخنەگرتن دەستی پی کرد. ئەو سیاسەتانەی رەچاوکرا بوون، بە حوکمی شیعارە سەرەتایی و سوننەتییەکانی رژیم تەنانەت بە ئاشکرا بە خیانەت لە قەلەم دران، حیزب اللە کەوتبووە تەقالا و خومەینی دەبوو دەخالەتی کردبا. مەسەلەی کتیبی سەلمان روشدی و ئەو هەرایەی لەسەری ساز کرا، ئەوپەری تەقالای پان ئیسلامیستەکان بوو کە لەوە زیاتریان لە دەست نەدەهات. مەسەلەیەك کە ئەو هەرایەی لەسەر ساز کرا، خۆی لە هەموو شتێك زیاتر نیشاندەری لاوازی و داماوی و بی ئاسویی سیاسی پان ئیسلامیستەکان بەرانبەر بە رەقیبەکانیان بوو. مەسەلەیەکی فقهی و نامەربووت بە مەسەلە حەیاتییەکانی رژیم، هەروا هەنگامەیەکی کۆنەپەرستانە کە شەپولیك لە نەفرەتی لە سەرتاسەری جیهاندا وەری خستبوو، خۆی بوو بە هویەکی تر بۆ خیرا بوونەوەی رەوتی وەدەرنانی پان ئیسلامیستەکان لە مەیدانی سیاسەت و سیاسەتگوزاری. بەڵام هەرچی بوو ئەو کەلکەی بوو کە رەوتی ئاڵ و گۆرەکانی شل دەکردەوە و بۆ پا ئیسلامیستەکان دەرەفەتێکی وەدەست دەخست. پا ئیسلامیستەکان لەم بەرانگار بوونەوەیەدا پشتیان بە خومەینییە کە لە دەمیك لەوە پێشەوە کەلك و قازانجی مەسلەحەت خوازی بۆ دەرکەوتبوو و هەروەها لە شپرزی و ئالوزی وەزعییەت ئاگادار بوو نەیهیشت وەخۆ کەوتنەوەی حیزبی اللە بناغەکانی دەسەڵاتی رەفسەنجانی بلەقینی و ژێر پیی بوش بکا. خومەینی نەی دەتوانی بەرانبەر بەو هەنگاوانە کە هەلدەگیران موخالفەتیکی سەرسەختانە بکا.. واقعییەتەکان کاریان کردبووە سەر میشکە وشکەکەی ئەویش. ئەو بەرنامانە کە رەفسەنجانی بە تەمای بەرێوە بردنیان بوو، خومەینیش بە تاقە رێگای مانەوەی حکوومەتی دەزانین. خومەینی لەو رۆژەوە کە جامی ژەهرەکەی بە سەرەوە نا، تێگەیشت بوو کە هیچ رێگایەکیتر نەماوە. جیاوازی خومەینی لەگەل تاقمەکەیتر ئەوە بوو کە خومەینی لەسەرەخۆتر و بە شێنەییتر دەچووە لاوە و نەیدەویست هەتا خۆی زیندووە ئەم ئاڵ و گۆرانە سەر بگرن. وادیارە هەر بۆیەش هاوکات لەگەل بەربەست کردنی رەوتی نیوان خوشکردن لەگەل رۆژئاوا، جیگا پێی رەفسەنجانی و داروەدستەکەی بۆ وە ئەستو گرتنی مەسئولییەتە سەرەکییەکانی پاش مەرگی خۆی قایم دەکرد.

قەبوولی دەسکاری کردنی "قانوونی ئەساسی"، ئەسپاردنی دەسەڵاتی زیاتر بە رەئیس جمهوور کە تاقە کاندیدای "واجدی شەرایت"ی هەتا ئەوکات رەفسەنجانی بوو، وەسەرەنجام، مانەوەی رەفسەنجانی لە سەرکورسی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان وەك نوینەری خومەینی، دەکری وەك نیشانەی تەسلیم بوونی خومەینی بەم سیاسەتە چارە هەڵنەگرەی حکوومەتی ئیسلامی لە درێژ ماوەدا حیساب بکری.

ئێستا ئیتر خومەینی مردوە، حیزب اللە هەتیو کەتەووە و ملی لاوازی بە لاوەناوە زۆر زوو، بەرێوە بردنی باقی خالەکانی ئەو پلاتفورمەی باسی کرا، دوای تەواو بوونی رەوزەخوانی، بە یەکجاری دەکەوێتە دەستوورەوە. رەفسەنجانی و شەریك و برا بەشەکانی بۆ بە سەرەنجام گەیاندنی ئەم ئاڵ و گۆرانە و بۆ ئەوەی رژیمی ئیسلامی ببێتە رژیمیکی هەرچی ئاساییتری بورژوایی نەك هەر پشتیوانی دەوڵەتانی رۆژئاوا و سەرمایە ئەمپریالیستییەکان، بەڵکوو پشتیوانی هێزەکانی ئوپوزیسیونی بورژوایی ئێرانیشیان لە پشتە. رۆژانی مالاوایی کردن لە پان ئیسلامیزم کە تا ئێستا شەریکی دەسەڵات بوو، خەریکە دەگا. ئەو رێگایەی کە دەبی جمهووری ئیسلامی بیگرێتە پێش، بۆ بورژوازی و نوینەرە واقیع بینەکانی، روشن و ئاشکرایە. بورژوازی، ئەمرۆ لە نیو ری دایە. لەم نیوەدا ئێمە لە کوی وەستاوین؟ کرێکاران دەبی چ رێگایەك بگرنە پێش؟ داهاتوو چ دیاریەکی پییە بۆ ئێمە؟

حەتمەن ئەوەتان بیستوە کە پاش مەرگی خومەینی شەر لە سەر قودرەت لە نیو حکوومەت دا پەرە دەگری، ئەوە هەم ئێمە گەلیك جار وتوومانە و هەم کەسانیتر. حەتمەن هەمووشتان دەزانن کە کاتێك لە نیو ریزی دوژمنانی خەڵك دا، لە نیو دەوڵەت دا یانی لە نیو دەزگای سەرکوت دا کیشە و ناکوکی سەر هەڵدا، مەوقعییەتی ئێمەمانان بۆ بەرەوپێش بردنی خەبات و ئیعتیرازی هەقخوازانەمان سەرجەم باشتر دەبی. هەموو ئەحزابی ئوپوزیسیونی ئێرانی هەم ئەوانە کە لایەنگری خەڵکن و هەم ئەوانەی کە دەیانەوی خەڵك بیان نیتە جێگای جمهووری ئیسلامی ئەم رۆژانە ئەم واقعییەتە بە زمانی جۆراوجۆر دووپات دەکەنەوە. کەوایە ئێمە لە سەر ئەم باسە ناروین. دیارە بۆ کرێکار هچ رۆژێك بە بی خەبات و بی تێك هەڵچوون لەگەل چەوسینەران و مفتەخورانی ورد و درشت ناگاتە شەو، لاوازی لایەنەکەیتر، لاوازی خاوەن کار، لاوازی پولیس و پاسدار و کومیتەچی کە هەمیشە لە بەرانبەری دا راوەستاون، هەر کە گوشەیەکی دەرکەوت، ئەمە خۆی یانی بانگەواز کردنی کرێکار بۆ پێشرەوی و بۆ بەرز کردنەوەی دەنگی هەقخوازانەی.

بەڵام ئەحزاب و گورووهەکانی موخالیفی رژیم پاش تەئکید لە سەر کیشە ناوخۆی رژیم و ئاسوی پەرەگرتنی کیشمەکیش لە ناوخۆی حکوومەت دا، زۆر جار بەو نەتیجەیە دەگەن کە: کەوایە دیسانەوە خەڵکی بیزار لە رژیم دەرژینە خیابان و حکوومەت ژێرەوژوور دەکەن و تولە لە جینایەتکارانی ناسراو دەستێننەوە. موجاهد گویا دەیەوی بە پێی ئەم لیکدانەوەیە دیسان لەشکر بکاتە سەر ئێران و رەنگە ئومیدەوار بی خەڵك هەر بەم زوانە مریم و مەسعوود بخەنە سەر شان و لە "فرودگا" وە هەتا "دەفتەری ریاست جمهووری" دایان نەنین. هەندیکیتر کە زۆر لەوە دلنیانین خەڵك لە دەورەی کیشەی

ناوخۆی حکوومەت دا ئەو کارە بکەن، تەنیا ئەرکی ئەوەیان بۆ خۆیان داناوە کە خەڵك هان بدەن برژینە خیابانەکان و کارێکی پی بکەن با بە دەواری شری نەکردبی.

ئەمانە ئارزووی خۆیان دەنینە جێگای راستی‌یەکان. ئەمانە کەندو کوسپ و دژواری‌یە واقعی‌یەکانی سەر رێگای ئاخیزی جەماوەری خەڵك نابینن، یان باشترە بڵێین نایانەوی ببیینن، چونکە ئەگەر قەبوول بکەن ئاخیزی جەماوەری جاری ماویەتی سەر بگری بۆ خۆیان کە قەرارە سواری شەپولەکانی بن و خویان بگەیەننە جێگایەك نەتیجەیەکی بێجگە لە ناهومیدی و بی سەمەری رێکخراوە و کاری سازمانی تێدا نابینن. رابەری باش لەو رێکخراوانەدا ئەو کەسەیە کە بتوانی تەنانەت ئەگەر دوورەی خەفەقان و سەرکوتی دژی شورش دە ساڵیش بخایەنی وا نیشان بدا کە راپەرینی جەماوەری یەکجار نزیك و زۆر بە ئاسانی سەر هەڵدەدا. ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ئەفرادی رێکخراوەکەیان قانع بن بەوەی هەڵسوورانی نمایشی درێژەیی پی بدەن.

هیچ کەس بە قەدەر کرێکار لەم حکوومەتە و لەم نیزامە بیزار نیە، ئەم رژیمە و رۆژیمەکانی پێشووی لە هیچ کەس بە قەدەر کرێکار زۆلمیان نەکردوە، هیچ کەس وەك کرێکار بە درێژایی ژیانی سەرشورانەی جمهووری ئیسلامی تووشی بەلا و موسیبەت نەبووە. ئاخر بەرانبەر بە کرێکار، رژیم تەنیا پەنا ناباتە بەر زیندان و ئیعدام و کوشت و بر و ئەو وەسیلانە کە توێژەکانی‌تری پی دەخاتە ژێر ستەم، سەرمایەدارە و دەوڵەتەکەی تەنیا لە زیندان دا گیانی رولەی کرێکاریان بە بارمتە نەگرتوە. دەست بە سەر بەرهەم و ئامرازی بەرهەم هینان داگرتن لە لایەك و هەژاری و برسیەتی لە لایەك وەسیلەیەکی ساز کردوە کە دەلیی دەکری هەموو شتێکی کرێکاری پی کۆنترۆڵ بکری، ئەو کرێکارە بە روالەت ئازادەی بە نیو شاردادەگەری لەوانەیە لە زیندانیانی رەسمی زیندانی‌تر بی. هەژاری و ئیجباری کویلەتی بۆ پارەوە نانیك، مەحکەمتر لە هەموو دیواریکی دیکە، ئەو ئینسانەی لە ژیان و لە هەموو نەعمەتەکانی بی بەش کردوە. زیندانی ئەبەدیە زیاترین شکەنجەوە بۆ هەموو ئەفرادی خانەوادە!

بورژوازی و حکوومەتە تازەکەی یانی جمهووری ئیسلامی لەم ساڵانەدا بە بی رەحمانەترین شیوە لەم رێگا و شێوەیە لە دژی کرێکار و ژیان و بەری چوونی کەلکیان وەرگرتوە. دیارە لە روانگەی کرێکارەوە ئەم حکوومەتە دەبی برووخی. لە راستیدا هیچ کەس نیە بە قەدەر کرێکار خوازیاری رووخانی ئەم حکوومەتە و نیزامەکەی بی.

بەلام ئەگەر تەنیا ساتێك بیر لە تەبلیغاتی رێکخراویکی وەك موجاهیدین بکەنەوە کە باسی لە بەریەك چوونی بناغەکانی حکوومەت و ئاخیزی دووبارەی خەڵك لە خیابانەکان دەکا، خیرا بۆتان دەردەکەوی کە ئەم تەبلیغاتە بە روالەت رادیکالەش هەتا ئەو جیگایەی بە کرێکار و زەحمەتکێش مەربووتە هەر ئەو تەئسیرە زیانبارەی هەیە کە تەبلیغاتی جمهووری ئیسلامی و تەبلیغاتی بی.بی.سی و رادیو ئەمریکا و ئەوانی تر هەیانە، نەتیجەی هاوبەشی هەموو ئەمانە، چاوەروان هیشتنەوەی کرێکار و زەحمەتکێش، یانی چاوەروان هیشتنەوەی ئەو هیزە کۆمەڵایەتی‌یە پر قودرەتەیە کە زیاترین شکایەت و زیاترین نەفرەتی لەم وەزعەی ئێستا هەیە. ئەو شتە کە ئەمانە زیرەکانە یان بە حوکمی غەریزە لە گویی کرێکار و زەحمەتکێشی دەخوێنن ئەوەیە کە ئەگەر کارت دەوی جاری راوەستە، وەزعەکە بەم زوانە دەگوری. ئەگەر لە قاتی و گرانی وەگیان هاتووی جاری راوەستە و تەنانەت ئەگەر بە تەمای ئەوەی هەموو داخوازەکانت وە دی بینی جاری راوەستە، حکوومەت دەرووخی و هەموو شتێك چا دەبی! هەم ئەو بەشەی بورژوازی کە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە و وعدەی ئیسلاحات و سەقامگیر بوونی حکوومەت دەدا و هەم بەشەکەی دیکە کە موخالیفە، هەرتکیان لە یەك شت دا قازانجی هاوبەشیان هەیە و ئەویش ئەوە کە ئەوانەی خاوەنی راستەقینەی کۆمەڵ و هیزی پێك هێنەری هەموو ئاڵ و گۆڕەیکن، یانی کرێکاران، جاری خۆ لە هیچ نەگەیەنن و نەیەنە مەیدان. لە تەبلیغاتیان وردبنەوە: هەموویان بە بی ئەوەی وای دانین ئێوەش دەوریکتان هەیە، وەعدەی دوا رۆژیکی باشتر تان بی دەدەن.

چاوەروانی ئەوە بوون کە ئەم وەزعە هەر خۆی دەگوری و باشتر دەبی، چاوەروانی ئەوە بوون کە ئەو گیروگرفتانەی بەروکیان بە چینی کرێکار گرتوە خۆیان بەرە بەرە چارەسەر دەبن، دروست لە دەورەیەك دا کە کرێکار پرژ و بلاوە و خۆی ریك نەخستوە و لەو لاوە گیروگرفتەکانی دەوڵەت هەتا دی توندتر دەبنەوە، خراپترین ژەهرە بۆ ژەهراوی کردنی زەینی کرێکار. یەکەمین شت کە کرێکار دەبی بە دیتنی ئەم وەزعە بۆی دەرکەوی، ئەوەیە کە رۆژ رۆژی وەخو کەوتنە نەك چاوەروانی مانەوە. ئەوەیە کە نابی بە خاوەخاو کردن وەخت بە هەدەر بدەین. ئەوەیە کە هەرچی زیاتر لەم هەلومەرجە کەلك وەرگرین. دەبی ئامادە بین بۆ هاتنە مەیدان. ئەوەیە کە کرێکار ئەگەر نەجوولێتەوە، ئەگەر ریزەکانی خۆی سەروسامان پی نەدا، سەری بی کلاو دەمینێتەوە. شەری ناوخۆی دەسەڵاتداران چ قورس بی و چ سووك، خەڵك چ بێنە خیابانەکان و چ نەیەن، هیچی پی نابری، کەوایە بە دوستانی کرێکارتان بڵێن کاریکی باش دەکەن لە هەموو ئاڵ و گۆرە سیاسی‌یەکان و لە هەموو لیکدانەوە و دەنگ و باسەکان ورد دەبنەوە. بەڵام ئەوەشیان پی بڵێن کە وریای ئەو ژەهرە بن کە رادیوکان بە ئەنقەست بە زینی گویگرەکانی‌دا دەپژینن.

وەزعییەتی شۆرشگێرانە و ئاخیزی جەماوەری خەڵك بۆ رووخاندنی حکوومەتیك شتێك نیە کە تەنیا بە هۆی نەفرەت و بیزاری خەڵك پێك بی، وە لەبەریەك ترازانی بناغەکانی حکوومەت شتێك نیە کە ئەگەر "ئایت الله"یەك پێی کوترا "حجت الاسلام" ئیسبات بوو بی. ئێمە بروامان وایە و گەلیك جاریش وتوومانە کە جەماوەر ئەگەر نەزانن چ شتێك دەنینە جێگای ئەم دەوڵەتەی لەسەر کارە، بۆ رووخاندنی دەوڵەت هەڵناستن. جەماوەر، ئاژاوە گیر و بشیوە خوازنین. تەنیا کاتیك بۆ رووخاندنی حکوومەت رادە پەرن کە لە زەینی خۆیان دا وەڵامی روشنیان بەو پرسیارە دابێتەوە کە "دەوڵەت دەبی چ بکا؟" و لە هەموو گرینگتر ئەوەکە وەڵامی هەموان یەك وەڵام بی. جگە لەوە جەماوەر دەبی باوەریان بەوە کردبی کە ئەم یان ئەو حیزبی سیاسی، ئەم یان ئەو رێکخراو و هێزی ناو کۆمەڵ، کە نوینەریانە یان سەربەخۆیانە، دەتوانی جێگای دەوڵەت بگرێتەوە و دەتوانی گیروگرفتەکان چارەسەر بکا و کۆمەڵ بەرێوە بەری. بە وتەیەکی‌تر ئەگەر خەڵك ئەو سیاسەتە و ئەو هێزە سیاسی‌یە جی نشینەیان کە قەبوولیانە لە بەردەست نەبی و نەیناسن هیشتا رووخانی حکوومەت وەك شیعاریکی عەمەلی و رۆژانە ناهێننە گۆر و خەباتیان هەر لە چوارچێوەی پێك هێنانی ئاڵ و گۆری کاتی و سەرسەرەکی‌دا دەمێنێتەوە. گیروگرفتە کۆمەڵایەتی و ئابووری‌یەکانی ئێران، لە بیکاری و ئیعتیادەوە بگرە هەتا راوەستانی بەرهەم هێنان و کەسری بوودجە، ئەمرۆ بە جۆرێك وەك کلافەبەنی ئالوزیان لی هاتوە کە لە چوارچێوەی رێگا چارەی بورژوایی‌دا، چ بگا بە خەڵکی ئاسایی، تەنانەت کارشناسانی ئابووری و ئەوستادانی دانشگاش رێگا چارەی دەس بەجێ بۆ چارەسەر کردنیان ناتوانن بدوزنەوە. هەر رێگا چارەیەك کە بیەوی لە چوارچێوە "مقدسات" ی سەرمایەدا خۆی نیشان دا، بە ئەندازەیەك بی خاسییەت و بی نەتیجەن و جاری وایە لە روانگەی خەڵکی هەژار و بی بەشەوە زیانبار و زالمانەن کە زەحمەتە کەس حازر بی بووە دی هێنانیان برژێتە خیابان و باتوومی پولیسی بۆ قەبوول بکا چ بگا بەوە کە شیعاری راپەرین بەرز کاتەوە و گیانی خۆی بنێتە بەری دەستی و حازر بی خۆی بۆ بە کوشت بدا. لە وەزعیکی ئاوا دا خەڵك رەنگە هەلچن، بینە خیابانەکان، شووشەی دووکانان بشکێنن، ئەنبار و سیلوکانی دەوڵەت تالان بکەن و بەو پەری توندوتیژی نان و کار و مەسکەنیان لە دەوڵەت بۆی، بەڵام هەتا نەزانن کە ئەگەر خۆیان لە جێگای دەوڵەت بوایەن بۆ وەدی هێنانی ئەم داخوازانە چیان دەکرد، بۆ رووخاندنی حکوومەت راناپەرن. هەر بەم دەلیلەیە کە ئێمە گەلیك جار تەئکیدمان کردوە کە شکل گرتنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری بۆ رووخاندنی حکوومەت لە ئێرانی ئەمرۆ، کە تێیدا چینەکان بە باشی یەکتریان ناسیوە، خۆی پێش هەموو شتێك لە گرەوی ئەوەدایە کە کرێکاران وەك هێزێکی سەربەخۆی سیاسی خۆنیشان بدەن. هێزیك کە بتوانی بە رێکخراوە و شیعار و سیاسەت و رێگا چارەی شۆرشگێرانەی خۆیەوە بۆ هەموو ئەو مەسەلانە کە لە نیو کۆمەڵ دا بە زەقی بەرچاون وەڵام بدوزێتەوە. ئێمە تەئکیدمان کردوە کە داهاتووی وەزعییەتی سیاسی ئێران بە شێوەی سەرەکی بە توانایی چینی کرێکار بەستراوەتەوە کە بتوانی ئالترناتیویکی هەمە لایەنە و شۆرشگێرانە بنێتە بەرانبەر هەموو کۆمەڵ. هەلخراندن و هێنانە مەیدانی هەموو هێزەکانی دیموکراسی شۆرشگێر بەرانبەر بە رژیمی ئیسلامی هەموو هێز و حیزبەکانی بورژوازی لە گرەوی ئەوە دایە کە ریزی سەربەخۆی کرێکاران ئالا هەڵگری ئەو خەباتە بی.

بە لە بەرچاو گرتنی وەزعییەتی ئێستای بزووتنەوەی کرێکاری، پەرەگرتنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری بۆ رووخاندنی رژیم، داهاتوویەکە بۆ پاش دەورەی حیساب یەك لایی کردنەوەی ناوخۆی رژیم. لە نەزەر ئێمەوە بزووتنەوەی کرێکاری نابی نەقشەی پێشرەوی خۆی لە سەر بناغەی ئەو ئیحتمالە دارێژی کە لە چەند مانگی داهاتوودا ئیعتیرازاتی پر قودرەتی جەماوەری روو دەدا. بە پێچەوانە، کرێکاران دەبی بزانن کە هەستانی شۆرشگێرانە و جەماوەری لە ئێران پێش ئەوەی یەکیك لە مەرجەکانی کاری بزووتنەوەی کرێکاری بی، یەکیك لە نەتیجەکان و حاسلی پێشرەوی و سەرکەوتنە سەرەتایی‌یەکانی بزووتنەوەی کرێکاری‌یە. هەڵبەت ئاشکرایە کە پێش بینی داهاتوو بە شێوەی قەتعی، کاریکە کە لە دەس هیچ کەس نایە. رەنگە زۆر هۆ، کە ئێستا پێش بینی ناکرین، وەزعییەتێکی تەواو جیاواز لە ئێران بخولقێنن. بەڵام هەر چی بی، تەنیا ئەو بزووتنەوە کرێکاری‌یە کە لە هەنگاو هەڵگرتن بەرەوپێشەوەدا تەنیا بە هێزی خۆی پشت ئەستوورە، دەتوانی لە رووداوەکان بە قازانجی وەدی هێنانی خیراتری ئامانجەکانی کەلك وەرگری، نەك بە پێچەوانەی ئەمە.

واقعییەت ئەوەیە کە جگە لە شکل نەگرتنی کافی ئالترناتیویکی شۆرشگێرانە لە هەموو کۆمەڵدا، کە بتوانی هەموو خەڵکی زۆلیکراو هەڵخرینی بۆ رووخاندنی رژیم، فاکتوری دیکەش ئێستا هەن کە بە زەرەری ئەوەن جەماوەر بێتە ناو مەیدانی کیشە لەسەر دەسەڵات. پلاتفورمیك کە بناغەی کاری رەفسەنجانی و بناغەی لە ناوەوە گورانی رژیمی جمهووری ئیسلامی‌یە، پلاتفورمیکە کە هێزەکانی بروژوازی، لانی کەم بۆ دەورەیەك، دەکاتە پشتیوانانی چالاکی رژیمی شکل گوراوی ئیسلامی و ریزەکانیان پتەو دەکاتەوە. پێك هێنانی پەیوەندی بازرگانی لەگەل دنیای دەرەوە، هاتنی سەرمایەکانی دەرەوە و زیاد بوونی بەرهەم هێنان و بازرگانی و ئەسپاردنی هەندیك بەشی هەڵسوورانی پر لە قازانجی دەوڵەت بە بەشی خوسووسی و بە کورتی هەموو ئەو ئاڵ و گۆرە کە وەعدەی دراوە، لە هەندیك بابەتەوە بۆ توێژیکی بەرینی وردە بورژوازی و خەڵکێکی دەست تەنگیش کە بە هەر حال کرێکاری بە هەقدەستی رۆژانە بەری چوونین دەتوانی بە مەعنای باش بوونی وەزعییەت چاوی لی بکری و سەرجەمی ئەم هویانە بەشێکی بەرچاو لە کومەڵانی غەیرە کرێکار بەرەو پشتیوانی کردنی لە رابەرانی تازەی حکوومەت هان دەدا وە یا لانی کەم چاوەروانی داهاتوویان دەکا.

بەم جۆرە هەموو شتێك نیشاندەری ئەوەیە کە هەرچەشنە ئاڵ و گۆرێك بە قازانجی کرێکاران لە کەم بوونەوەی بێکاری و هەژاری‌یەوە بگرە هەتا رووخانی رژیم هەر هەمووی دەستی خودی کرێکاران ماچ دەکا. چاوەروانی داهاتوو بوون بێجگە لە تالتر بوونی هەرچی زیاتری وەزعی ژیانمان، هیچی تێدا بەستە نیە. بە هێز کردنی ئەم یان ئەو دەستە لە نوینەرانی بورژوازی، دووپات بوونەوەی تەجرەبەی تاڵ و پرژانی رابوردوویە کە خومەینی پشتیوانی لیکرا، بە تەمای ئەوەی کە وەزعییەت دەگوری، دووپات بوونەوەی پشتیوانی کردن لە دوژمنانی چینایەتی، لە حالیکدا هیشتا کرێکار و زەحمەتکێش برینی هەلەی پیشووی بە لەشەوەیە، ئیتر ئەمجار هەڵەکردن نیە، بەڵکوو عەینی سەفا هەتە.

ئەوەی چاوەروانی ئێمەیە، دەورەیەکە لە کیشمەکیشی دەسەڵاتداران لە سەر یەکپارچەیی قودرەت و پتەو دارشتنی سیاسەتەکانی جمهووری ئیسلامی، پاشانیش دەورەیەك لە چەوساندنەوەی بیرەحمانە بە پشت ئەستووری دەوڵەتێکی پتەوو بە هەمان میزانی دژی کرێکار، هەڵبەت بە پشتیوانی بەشە جۆراوجۆرەکانی بورژوازی. ئەمە ئەو شتەیەکە ئەگەر هێزی ئێمە کرێکاران بۆ بەر پەرچدانەوەی، خۆی کونەکاتەوە و ئامادە نەبی، چاوەروانمانە. دەبی تەواوی هەوڵی خۆمان وەکار خەین. تەواوی هێزمان کۆ بکەینەوە، لە هەر دەرفەتێك کە خۆمان وەدەستی دێنین وە دوژمنانمان بۆمان دەرخسێنن، کەلکی تەواو وەرگرین و ریزەکانمان بۆ وەدی هێنانی داخوازەکانمان، بۆ باشکردنی هەلومەرجی خەباتمان و هێنانە گۆر و جێ خستنی ئالترناتیوی کۆمەڵایەتی و سیاسی‌مان بەرانبەر بەم نیزام و حکوومەتە پتەو بکەین.

هیچ گومانتان لەوەدا نەبی جمهووری ئیسلامی دەرووخێنین، هچ گومانتان لەوەدا نەبی کە لە جیاتی هەژاری و نەزانی و ستەم، رۆژێك ئازادی و دەسەڵات داردەبی. بەڵام رێگای ئێمە لیرەوە تا ئەوی بە رێبازیك دا تێپەر دەبی: رێبازی وشیاری جەماوەری بەرینی کرێکار و ئاگادار بوونیان لە بەرژەوەندی چینایەتی‌یان و توانایی کرێکاران بۆ دیفاع لە، مافە رەواکانیان، وە رێبازی رێکخراو بوونی کرێکاران و بە هێز بوونیان بۆ وەدی هێنانی هەموو ئەو شتانەی دیانەوی. رێبازی حکوومەتی کارگەری.

کەوایە هەستن! رێگای ئێمەش روشنە. دەست بدەنە دەستی یەکتر، سەنگەرەکانی بەرانبەرمان هەرچەندیش بچووك بێنە بەر چاو، دەبی بە هێزی خۆمان بیان گرین. لە هەر هەنگاویك دا یەکگرتووتر و رێکخراوتر بن، ریزەکانتان پتەوتر کەنەوە و ئامادە بن!

هەستن کە رۆژی ئاخرین شەرمان، رۆژی رووخاندنی جمهووری ئیسلامی، رۆژی خەبات بۆ گور کردنی نیزامی هەژاری و نەزانی و چەوسانەوە، بەرێوەیە!

***

# پاشماوەی مانگرتنی بەرینی کریکارانی کوورەخانەکان!

٤- دەبی هەر کرێکاریك ٤٠٠٠ تمەن حەقی خاوین کردنەوەی مەیدان و کرینی ئارد و دەسکیشی بدرێتی.

٥- ئەو کرێکارانەی یەخچالیان نیە دەبی ١٠٠٠ تمەن پوولی سەهولیان بدرێتی.

٦- خاوەن کوورە دەبی خەرجی نایلون و قالب بدا بە کرێکاران و ئاوی خواردنەوەیان بۆ بکیشی و حەمامیان بۆ ساز بکا.

بەپێی هەوالی گەیشتوو کرێکارانی هەر کوورەخانەیەك ۳ تا ٤ کەسیان وەك نوینەری خۆیان هەڵبژاردوە تا بە شێوەی دەستەجەمعی کار و باری مانگرتنەکە بەرنە پێش.

ئەم مانگرتنە تا رۆژی ١٨ی گولان هەروا درێژەی بووە و لە ژمارەکانی داهاتوودا خوێنەرانی بەریز لە چونیەتی درێژەی مانگرتنەکە و نەتیجەکانی ئاگادارتان دەکەین.

***

# بەشی جیابووەوەی حیزبی دیموکرات مانەوەی لە سەر ڕێبازی کون!

جیناحی جیابووەوەی حیزبی دیموکرات بەڵگەکانی کونفرانسی پووشپەری ٦٧ی پاش چەند مانگ بلاو کردەوە. بەشی ئەسلی "بەلگەکانی کونفرانسی چوارەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران _ ڕێبەرایەتی شۆرشگێر"، "راپورتی کومیتەی ناوەندی" بە کونفرانس.

نە ئەم گوزارشە و نە بەڵگەکان بە گشتی، ڕەخنەیەکی هەمەلایەنە و دوور و درێژیان پێویست نیە، یان ئێمە لیرەدا مەبەستمان ئەوە نیە. هەر ئەوەندە بەسە وەبیر بێنینەوە ئەم نووسراوەیە کە بە پێی قاعیدە دەبوا بۆ نیشان دانی لایەنە بەهێزەکان و تواناییەکانی خاوەنەکانیان نووسرابا، تەنیا لایەنە کز و لاواز و بی هێزەکانی ئەوان ئاشکرا دەکا. نیشان دەدا کە چۆن جیناحی جیابووەوە نەیانتوانیوە رابوردووی هاوبەشیان لەگەل جیناحی قاسملوو، بدەنە بەر ڕەخنە، چۆن نەیانتوانیوە لەبنەمای فکری و سیاسی تا ئێستای حیزبی دیموکرات و ڕێبازی سیاسی ئەم حیزبە دابرین، چۆن نەیانتوانیوە ئالترناتیویکی موعتەبەر و بە ناوەروک بەرانبەر بە جەرەیانی کونەپەرست و بەرشکستەی جیناحی قاسملوو بێننە گۆر و چۆن تەنیا بن بەست و بی ئاسویی ئەم جەرەیانەیان بە زمانیکی تر هێناوەتەوە گۆر.

دیارە هیچکام لەوانە سەرسوور هێنەر و چاوەروان نەکراو نین. بریارنامەی پەسند کراوی کونگرەی شەشەمی کۆمەڵە باسی هەموو ئەوانەی کردوە کە ئەم جەرەیانەی پی دەناسرێتەوە. بەلام بۆ کەسێکی کە جۆرێکیتر بیری کردوەتەوە یان ئێستا بە دوای راستییەکاندا دەگەری، وە یان تەنانەت بۆ کەسێك کە بە شوێن هەڵسەنگاندنی نەزەراتی ئێمەوە بی، لەوانەیە ئەم بەڵگانە سەرنج راکیش بن و بە کەلکی خوێندنەوە بین. بە هەر حال ئێمە تەنیا چەند خالی دیاری کراو بە کورتی دەدەینە بەر لیکولینەوە:

یەکەم: ئەم بەڵگەیە بە روشنی نیشان دەدا کە بە پێچەوانەی جیناح دا تاشینەکانی ئەم بەشەی حیزبی دیموکرات و راەکارگر، ئەوەی کە پێی دەگوتری جیناحی دیموکرات و شۆرشگێر، تەنیا هەڵدەگەرێتەوە سەر لایەنگری لە شوورەوی.

بەڵگەی بەشی جیابووەوەی حیزبی دیموکرات لە کاتی هێنانە گۆری "چاوخشاندنیك بە رابوردوودا" وەبیر دەێنێتەوە:

" لە کونگرەی چوارەمی حیزب دا... دوو جەرەیانی گرینگ لە بەرامبەر یەکتردا راوەستا بوون. یەکەم: جەرەیانی سازان لەگەل کوماری ئیسلامی کە لە ژێر شوینەواری سیاسەتەکانی حیزبی توودەدا بوو و خەتی خوبە دەستەوە دان لە بەرامبەر رژیمی تەبلیغ دەکرد و جەرەیانی دووهەم لە کەسانێك پێك هاتبوو کە بروایان بە درێژەدانی خەباتی چەکدارانە و بەربەرەکانی لە بەرامبەر کونەپەرستی دەسەلاتدار هەبوو، کونەپەرستی یەك کە دەیەویست بناغەی حاکمییەتی دژی گەلی خۆی لە ئێران دا دامەزرینی. جەرەیانێکی تیکەلاو لە دیموکراتە شۆرشگێرەکان و سوسیال دیموکراتەکان بوو...".

تا ئیرە ئەوەی باسی لی دەکری نەك جیاوازی نیوان "دیموکراتە شۆرشگێرەکان" و "سوسیال دیموکراتەکان"، بەڵکوو لە راستیدا خالی هاوبەشیانە یانی ئەوەی کە بەڵگەکە وەك موخالفەت لەگەل خەتی تەسلیم لە بەرانبەر رژیم دا (خەتی حیزبی توودە) و، لایەنگری درێژە پی دانی خەباتی چەکدارانە لە دژی رژیمی حاکم نیوی لی دەبا. (هەرچەند بەڵگەکە "وجوودی دوژمنایەتی قاسملوو لەگەل نورالدین کیانوری" وەك هۆی موخالفەتی قاسملوو لەگەل خەتی تەسلیم تەلەبی حیزبی توودە نیو دەبا، بەلام ئەم دەلیلە تەنیا بۆ خودی قاسملوو دەتوانی موعتەبەری بی نەك بۆ خەتی سوسیال دیموکراسی.) دیسانیش بە وتەی بەڵگەکە:

"هەلبەت دەبی ئەوەمان لەبەر چاو بی کە تەیفی دیموکراتە شۆرشگێرەکان کە زۆربەی ئەندامان، کادرەکان و پێشمەرگەکانی حیزبیان پێك هێنابوو تەیفیکی یەکگرتوو، یان بالیکی جیاواز نەبوو کە بەرنامەیەکی دیاری کراوی بۆ بەرەو پێش بردنی ئامانجەکانی خۆی هەبی".

کەوابی ئەم تەیفە هێندەش لەوانیتر جیاواز نەبوون و بەرنامەیەکی دیاری کراویشیان نەبوو، دیسانیش مەعلووم نەبووەوە کە ئەی بۆچی بە شێوەیەکی تایبەت پێیان دەکوتری دیموکراتی شۆرشگێر و ئەسلەن بە بی پتەوی، جیاوازی و بەرنامە و پلاتفورمی دیاری کراو و چون لەوانەیتر جیا دەکرێنەوە بەم جۆرە دیاری کراوەش نیویان لی دەنری؟

بەڵگەکە باسەکە درێژە پی دەدا:

"ئەو تەیفە زورتر لەو رووناکبیرانە پێك هاتبوو (ئەی "زوربەی ئەندامان" بوو بەچی) کە ویرای باوەر بە رەوا بوونی بزووتنەوەی عادلانەی گەلی کورد، بەرامبەر بە ماهییەتی سوسیال دیموکراسی لە شك و گومان دا نەبوون و هەر ئەوانەیان بە حەق بە دوستانی ستراتیژیکی حیزب و گەلی کورد دەزانی کە لە ئەدەبیاتی حیزب و بەرنامە و پیرەوی نیو خودا باسیان دەکرا و لەگەل مەیل و بۆچوونی ئەو بەشە لە ریبەرایەتی کە هەولی دەدا حیزب بەرەو سازان لەگەل کۆر و کۆمەڵە ئیمپریالیستییەکان و سوسیال دیموکراسی بەری، موخافەفەتیان دەکرد."

(بەڵگەکان... لاپەری ١٣ و ١٤)

کەوابی هەموو "دیموکراتیزمە شۆرشگێرەکەی" ئەم تەیفە لەوەدایە کە "دوستانی ستراتیژیك" بەرەسمی دەناسن. یان بە وتەیەکیتر لەوەدا خولاسە دەبێتەوە کە لایەنگری لە شوورەوی دەکەن. لیرەدا چکولەترین قسەیەك لە مەسەلە و مەوزوعە واقیعییەکانی دیموکراسی شۆرشگێر لە جامیعەدا و هەروەها پێوەندی هەڵوێستەکانی ئەم "دیموکراتە شۆرشگێرانە" لەگەل مەسەلە دیاری کراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ناکری. هەر ئەوەی کە شوورەوی بە دوستی ستراتیژیکی خەڵکی کورد بزانی بەسە تا ئەتوماتیك و بی ئەوەی هیچ شتیکی سیاسی و بەرنامەیی ئەو حوکمەت بۆ بسەلمێنێ، ببێتە دیموکراتی شۆرشگێر.

دیارە سەرچاوەی بەخشینی ئەم ناو و سفەتە بە بەشیك لە لایەنگرانی شوورەوی کە لە ئەحزابی رەسمی سەر بە شوورەوی دانین کەس نەبووە جگە لە خودی شوورەوی و ئیدەئولوگەکانی کە کاریان ئەوەیە تئوری لەگەل قازانج و بەرژەوەندی دەوڵەتی شوورەوی و دیپلوماسی رێك بخەن و لە چوارچێوەیەکیان دا بگونجینن. ناوەرۆکی واقیعی و بایەخی سیاسی ئەمەش چی لە تەعاروفیکی دیپلوماتیك زیاتر نیە. تازە هەموو ئەمانەش هی رابوردوویە ئەمرۆ شوورەوی نەهیندە لەغەمی ئەم دوستانە دایە و نە سەر فراز کردن و شانازی پی بەخشینیان بە لایەوە گرینگە.

هەروەها مەعلووم نیە بی ئەوەی کە ئەم دوستانە نیشانەیەکیان لە دوستایەتی خۆیان دەربریبی بۆچی دەبی ئەم شەرە توند و پر شورە لە سەر "دیاری کردنی دوستانی ستراتیژیك" بکری.

دووهەم_ بەڵگەی جیناحی جیا بووەوەی حیزبی دیموکرات لە درێژەی موبارزەی خۆی دا لە دژی سوسیال دیموکراسی و بە قازانجی شوورەوی دەچێتە سەر باسیکی "تئوریك"ی بی ناوەرۆك و تەنانەت سەیر و سەمەرەکە بە ئاشکرا مەعلوومە ئەوەشیان لە "دوستانی ستراتیژیکیان" بە ئەمانەت وەرگرتوە." بەڵگەکانی کونفرانسی چوارەمی..." دەنووسی:

"ئێستا کە قسە لە سوسیال دیموکراسی هاتوەتە گۆری هیندیك تەوزیحی کورت لەو بارەوە بە پێویست دەزانین: سوسیال دیموکراسی لە پێوەندی لەگەل شۆرشی کۆمەڵایەتی و سوسیالیزم دا بە هێزیکی ریفورمیست دەژمیردری. ئەو جەرەیانە لە هیندیك ولات دا دەسەلاتی بە دەستەوە گرتوە و بە کردەوە نیشانی داوە کە سەرەرای هیندیك هەولدان بۆ بەر تەسك کردنەوەی داهاتەکان و دیفاع لە ئازادییە سیاسییەکان و شتی دیکە لە بناغەدا هیزیکە کە بۆ پاراستنی نیزامی سەرمایەداری و بە ئیستلاح ئاشت بوونەوەی چینایەتی تێدەکوشی.

(بەلگەکانی ... لاپەرەی ٢٩)

رەخنەگرتن لە سوسیال دیموکراسی لە روانگەی سوسیالیزم و شۆرشی کۆمەڵایەتییەوە کاریکی زۆر باشە. بەلام مانای ئاسایی ئەم رەخنە گرتنە ئەوەیەکە ئەو کەسەی رەخنە دەگری خۆی باوەری بە سوسیالیزم و شۆرشی کۆمەڵایەتی هەیە و ئەساسەن هەر بۆیەشە کە سوسیال دیموکراسی بەم عەیارە هەڵدەسەنگینی و لەمحەکی دەدا. لەوەش واوەتر ئەگەر حیزبیکی سیاسیش بیەوی قسەکانی بە جیددی بزانن و پێی پێنەکەنن و نەیکەنە گالتەجار، دەبی بتوانی ئەوە نیشان بدا کە لەبەریوەبردنی ئەم روانگە و بۆچوونەدا جیددییە و لە راستیش دا مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و، لەوانە بەرنامەی سیاسی حیزبەکەی خۆشی هەر بە پێی ئەم روانگە و بۆچوونە هەڵدەسەنگینی و دای دەرێژی. ئەگەر وا نەبی، ئەم جۆرە رەخنە گرتنانە لە لایەن کەسانیکەوە کە هەموو بەرنامەی حیزبەکەیان جگە لە پاراستنی بنج و بناوانی سەرمایەداری و داخوازی ئیسلاحاتیکی زۆر کەم و ناچیز هیچیتر نیە، تەنیا بە چاو بەستنیکی سیاسی دەژمیردری.

دەبی لەو ئاغایانە بپرسری کە بۆچی ئەو رەخنەیەی کە لە سوسیال دیموکراسی دەیگرن هیچ پێوەندییەکی واقیعی و ئورگانیکی لەگەل بەرنامەی سیاسی و ڕێبازی خۆتان نیە؟ ئەم پێوانە دوو لایەنەیەیان ئەم یەك بان و دوو هەوایە چۆن تەوزیح دەدەن و چۆنی پاساو دەکەن. ئێوە نەك هەر هەڵوەشاندنەوەی مالیکیەتی خوسووسی و موناسەباتی بەرهەم هێنانی بورژوایی و دامەزراندنی مالیکییەتی هاوبەش، نەك هەر شۆرشی کرێکاری و حکوومەتی کارگەری لە بەرنامە سیاسییەکەتان دا نەبووە و نیتانە، بەڵکوو تەنانەت نوینەری ئیسلاح تەلەبییەکی جیددیش لە جامیعەدا نین. شۆرشی کۆمەڵایەتی هیچ، بۆچی لە هەموو بەرنامەکەتان دا سەبارەت بە ئازادی مانگرتن، بیمەی بێکاری بۆ هەمووان، زیاد کردنی حەقدەست بە پێی تەوەروم و گرانی، باشتر بوونی شەرایتی کار، قانوونی کاری پەسند کراوی کرێکاران، رێکخراوە کرێکارییەکان و ... تەنانەت کەلیمەیەکیش وجوودی نیە؟ بۆچی تەنانەت باسیکیش لە مەحدوود کردنەوەی دەرامەدەکان و دابەش کردنی عادلانەتری سەروەت و سامان، کە وەك شتیکی کەم و ناکافی لە بەرنامەی سوسیال دیموکراتەکاندا نیوی لی دەبەن، نیە؟ بۆچی ئاسەواریك لە مالیاتی تساعدی، لە دانی کوشك و تالاری زیادی و تەجەمولی داراکان بە خەڵکی هەژار و بی سەرپەنا، لە مسادرەی ئەرزی لە لایەن زەحمەتکێشانەوە و شتی لەم چەشنە نابیندری؟ بۆچی تەنانەت لەوە دەترسن بەرانبەر بە مەزهەبییەکان و خورافات و سوننەتە کونەکان راوەستن و لەوە دەترسن دیفاع لە ئازادی و رزگاری ژنان بکەن و مانای دیاری کراوی پی ببەخشن؟

نا ئاغایان ئێوە ناتوانن بە ئەمانەت هەڵوێستی سوسیالیستی بگرن، ناتوانن بە قەستی هەڵوێستێك بگرن کە بە پێی ماهییەتتان هی خۆتان نیە و ناتەانەوی هی خۆتان بی و دەتانەوی تەنیا بۆ بەحس کردن لە دژی جیناحی رەقیبتان کەلکی لی وەرگرن و پاش تەواو بوونی پاراگرافەکەش هەروا سووك و هاسان بگەرێنەوە سەر هەڵوێستی بورژوا ناسونالیستیتان. ئەمە تیکەلاویکە لە ریاکاری و سادەلوحی.

بەلام ئەگەر شێوەی جوولانەوەی جیناحی جیابووەوە لەگەل سوسیال دیموکراسی و بە کار هێنانی محەکی دوولایەنە لەو بابەتەوە تیکەلاویکە لە ریاکاری و سادەلوحی، دیفاع کردنیان لە شوورەوی و بە گشتی مانەوەیان لە حال و هەوای چەند دەساڵی رابوردوودا ئیتر سادەلوحییەکی داماوانەیە. ئەوان هەر ئەو شتانە دووپات دەکەنەوە کە چەند دەساڵی پێشوو لە بەریان کردوە، یانی بەریوایەتیك باسی مەسایلی جیهانی دەکەن کە هی زەمانیکە کە پاش چەند جار دەستاودەست بوون دەگەیشتە دەستیان و لە حیزبی توودە فیری دەبوون، بی ئەوەی تەنانەت سەرنج بدەنە ئەوەی کە ئیستا خۆدی شوورەوی نە هەڵوێست و لیکدانەوەی ئەوەیە و نە ئەمانە فورمولە دەکا و نە خریداریشیانە، ئەوان وا خۆ بەم شێوە نەزەراتە هەڵدەواسن کە گوایە ئاگاداری ئەوە نین کە ئەم شێوە نەزەراتە لە پێش چاوی هەمووان دادەرووخی. گوایە نابینن کە ئەم ئوردووگایە خۆی یەك لە دوای یەك حاشا لە محەکەکانی پێشووی دەکا و خیرا خیرا رەتیان دەکاتەوە. ئەوانە وا بە بی خەبەرییەوە قسە دەکەن کە گوایە ئەسلەن هیچ رووداویك بۆ "دوستە ستراتیژیکەکانیان" نە هاتوەتە پێش و ئەم خۆ پی هەڵواسینەیان دەتوانی هەم پتەوی نەزەری و هەم پشتیوانی سیاسی، هەرتکیانیان بو زەمانەت بکا.

وا وی دەچی ئەوان تەنانەت نەیان بیستبی کە هەڵوێستی شوورەوی بەرانبەر بە سوسیال دیموکراسی گوراوە و لە کونگرەی بیست و حەوتەمی حیزبی کۆمۆنیستی شوورەوی دا سوسیال دیموکراسی وەك جەرەیانیك لە نیو بزووتنەوەی کرێکاری دا نیوی لی براوە و حیزبە سوسیال دیموکراتەکان وەك ئەحزابی کرێکاری ناسراون.

ئینسان لەو هەموو بی خەبەرییە شك هەلدەگری کە نەکا ئاغایان تەنانەت دەستیان بە نووسراوە و رۆژنامەکانی دنیا راناگا و گوی نەدەنە رادیوکانیش. بە هەر حال ناکری لە کەسیك کە کونەشاگردی لاوەکی حیزبی توودە بووبی و راویژکەری باسی ئێستاشی راەکارگر بی، چاوەروانی لەوە پترت هەبی.

سێهەم _ خالیکیتریش کە لە "بەلگەکانی کونفرانسی چوارەم"دا سەرنج راکیشە و بو لیکولینەوە دەبی، لیکدانەوەیەکی سەبارەت بە شەری نیوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات دەیهیننە گۆر. "راپورتی کومیتەی ناوەندی بە کونفرانسی چوارەم" پاش هێنانە گۆر و لیکولینەوەی ئیخلاقیاتیان لەگەل دارودەستەی قاسملوو لە بەندی پێنجەم دا دەچیتە سەر لیکولینەوەی موناسەباتی حیزبی دیموکرات لەگەل حیزب و سازمانەکانی دیکە و لە بەشێکی دا سەبارەت بە شەری دیموکرات و کۆمەڵە ئاوا بیوورای خۆی دەردەبری.

"شەری سی ساڵەی نیوان کۆمەڵە و حیزب کە گەورەترین زیانی بە بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران گەیاندوە، یەکیك لەو مەسەلە گرینگانەیە کە دەبی سەرنجیکی تایبەتی بدریتی. بە هۆی ئەو شەرە زیانبارەوە سەدان کەس لە باشترین پێشمەرگەکان و کادرەکانی حیزب و کۆمەڵە گیانی خۆیان لە دەست داوە و زۆر کادر و پێشمەرگەی هەر دووك لاش بە هۆی موخالیفەت لەگەل ئەو شەرە دانیشتوون و پەسیو بوون. بە بروای ئێمە چەپرەوی و تەبلیغاتی شەر هەلایسینانە و دنەدەرانەی کۆمەڵە کە شەر لەگەل حیزبی دیموکراتی لە پێش تر لە شەر دژی رژیمی کۆماری ئیسلامی دادەنا و دروست کردنی سی گوشەیەك لە لایەن ئەو رێکخراوەوە کە لەودا حیزبی دیموکرات تەنانەت بۆ خراپتر لە رژیمی کۆماری ئیسلامی لە قەلەم درا بوو و سەرەنجام بە حیساب هێنانی حیزبی ئێمە وەك بەشیك لە ئیمپریالیزمی جیهانی و زۆر شتی دیکە لە هەڵوێستی غەیری مەنتیقی و نامەسئوولانەی ریبەرایەتی کۆمەڵە، دەبی وەك پێك هێنەری زەمینەی دەست پێکردنی ئەو شەرە و هێندیك لە هەڵوێستە چەوتەکانی ریبەرایەتی حیزبی

ئێمە تا ڕاگەیاندنی هەڵوێستی ریبەرایەتی شۆڕشگێر وەك هۆی عومدەی درێژەدانی بخرێتە بەر چاو."

(بەلگەکانی..... لاپەری ٣٤و ٣٥)

ئەم قسانە بە روشنی نیشان دەدەن کە بەرێوەبەرانی جیناحی جیابووەوەی حیزبی دیموکرات لە لیکدانەوە و هەڵوێست گرتنیان دا بەرانبەر هۆیەکانی شەری نیوان دیموکرات و کۆمەڵە، لەگەل جیناحی قاسملوو وەك یەك بیر دەکەنەوە و لەم بابەتەوە هیچ لیك جیا نەبوونەوە. ئەوان تەنانەت هەر ریك ئەو درویانە کە قاسملوو و جیناحەکەی لەم بارەیەوە هەلیان بەستوە و ئێمە زۆر جار وەدرومان خستوونەوە، بی ئەوەی شەرم لە خۆیان بکەن بۆ خەڵك دووپات دەکەنەوە. (دروی وەك ئەوەی کە گەوایە ئێمە شەر لەگەل حیزبی دیموکراتمان لە پیشتر لە شەر لەگەل رژیمی جمهووری ئیسلامی دا ناوە یان ئەم جەرەیانەمان بە خراپتر لە رژیمی جمهووری ئیسلامی داناوە) ریبەرایەتی جیناحی جیا بووەوە بە لاساری کردنی بۆ شاردنەوەی راستی‌یەکان و بە هەرتك دەست بەو ریوایەتە هاوبەشەوە نووسان کە سەبارەت بەو شەرە لەگەل قاسملوو پیکەوە دەیکەن، تەنیا هەڵوێستی سیاسی چینایەتی هاوبەشیان لەگەل قاسملوو نیشان دەدەن.

ئێمە زۆر جار لە بەرێوەبەرانی "جیناحی شۆڕشگێر" مان پرسیوە (بی ئەوەی وەڵامیکمان وەرگرتبیتەوە) و دیسانیش لییان دەپرسین ئایا هەموو ئەو خەتا و ئینحرافانە کە خۆتان بۆ جیناحی قاسملوو دەبژێرن (لە نزیك بوونەوە لە ئەمپریالیزم و ئوپوزیسیونی دژی شۆڕشی ئێرانەوە بگرە تا لە دەست دانی ئاسوی موبارەزاتی و سازان لەگەل جمهووری ئیسلامی و گوتنە پێشی سیاسەتی دژی دیموکراتیك بەرانبەر بە حیزب و سازمانە سیاسی‌یەکانی تر کە بە قسەی خۆتان بووەتە هۆی تەریك بوونەوەی سیاسی حیزبی دیموکرات، دەست بردن بۆ شێوە و رەوشتی دژی دیموکراتیك تەنانەت لە نیو تەشکیلات دا و دامەزراندنی فەزای خەفەقان و هەرەشە و بەرتیل دان بە ئەندامان، وجوودی فەسادی مالی و ئەخلاقی و زۆر خەسلەتی ناحەزی‌تر کە خۆتان باسی دەکەن و زۆر شتی‌تری لەم چەشنە) لەگەل دەست بردن بۆ شەر لە دژی کۆمەڵە هیچ پەیوەندیکیان نیە؟

سەرنج بدەنی کە ئەوان هەر لە هەوەلی ئەم باسەدا، رابیتەی نیوان حیزبی دیموکرات و سازمانە سیاسی‌یەکانی دیکە چون تەوزیح دەدەن:

"بوونی پێوەندیی دوستانە لە نیوان حیزب (ی‌دیموکرات) و زۆربەی رێکخراوە خەباتگێر و شۆڕشگێرەکانی ئێرانی و کوردستانی یەکیك لەو مەسەلانە بووە کە هەمیشە لە لایەن ریبەرانی حیزبەوە وەك دیاردەیەکی موسبەت قامکی لەسەر دادەنرا. بەڵام ئەو پیوەندی‌یە لە زۆر بارەوە وردە وردە بەرەو لاوازی چوو و کار گەیشتە جیگایەك کە حیزبی ئێمە لە نیو ئەو رێکخراوانە، لانی کەم ئەوانە کە بەکردەوە لە خەبات دژی رژیم دا حوزووریان هەیە تەقریبەن تەریك کەوتەوە.

دەکری بڵێین پێوەندیی دوستانەی حیزبی ئێمە لەگەل هەموو رێکخراوە دیموکراتەکان، خەباتگێر و شۆڕشگێرەکان لە لایەکەوە بە هۆی دەرکەوتنی رۆژ لە رۆژ زیاتری مەیلی سازشکارانەی سەرکردەکانی فراکسیون بۆ لای کۆر و کۆمەڵە ئیمپریالیستی‌یەکان و گرتنە پێشی شێوەی مەسلەحەت خوازانە لەگەل ئوپوزیسیونی دژی شۆڕش کە فراکسیون وەك "جمهووریخواز "ناوی دەبرد و لە لایەکی دیکەوە بە هۆی خۆ بە زل زانینی سەرکردەکانی فراکسیون لە پێوەندی لەگەل رێکخراوەکاندا رۆژ بە رۆژ بەرەو ساردی چوو. بە شێوەیەك کە ئێستا پێوەندیی فراکسیون لەگەل هەموو ئەو رێکخراوانە کە بە کردەوە لە بزووتنەوەی سەرانسەری و بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بەشدارن، نەك هەر دوستانە نیە بەڵکوو لە زۆر بارەوە دوژمنانەشە."

(بەلگەکانی ... لاپەرەکانی ٣٣ و ٣٤، خەتی تەئکیدەکان هی ئێمەن.)

دەبینن کە لە هەموو ئیختیلافەکاندا و لە پێك هاتنی هەموو دوژمنایەتی‌یەکانی نیوان حیزبی دیموکرات و سازمانە سیاسی‌یەکاندا "سەرکردەکانی فراکسیون" (یانی جیناحی قاسملوو و ریبەرایەتی ئەوکاتی حیزبی دیموکرات) بە خەتابار نیویان دەبری جگە لە مەوریدی کۆمەڵە. وە لە هەموو ئەو مەوریدانەدا هۆیەك کە بۆ پێك هاتنی ئەو دوژمنایەتی‌یانە دەدوزرێتەوە وجوودی گەرایشە دیاری کراوەکانی نیو حیزبی دیموکرات جگە لە مەوریدی کۆمەڵە، لەو مەوریدەیان دا بە پێچەوانە، هیچکام لەو "ئینحیرافاتەی" کە لە ریبەرایەتی حیزبی دیموکرات دا دوزرا بووەوە و وەك عامیلی پێك هێنانی هەموو دوژمنایەتی‌یەکان لەگەل سازمانە سیاسی‌یەکان نیوی لی برا بوو، بە هیچ جۆر باسی لی ناکری و لە لیکدانەوەکەیان دا بە کارنابری، بەڵکوو هەمان ریوایەتی کونی "سەرکردەکان فراکسیون"، بە هەمان ئیستیلاحات و تەنانەت بە هەمان دروکانیانەوە، بە تام و خۆی دووپات دەکرێتەوە. گوایە ئاغایان لە بیریان چووەتەوە کە ئەوان لە حیزبی دیموکراتی پێشوو جیا بوونەوە نەك لە کەسی‌تر و قەرار بوو لەو کونفرانسەدا جیاوازی خۆیان لەگەل حیزبی دیموکرات و سیاسەتەکانی پێشووی روشن بکەنەوە نە لەگەل کەسی‌تر.

سەرنج راکیشە کە چاوتان بە نموونەیەکی دیکە بکەوی لە بەر کار هێنانی ئەم دوو محەکە لە قەزاوەت کردن دا:

"لە پێوەندی لەگەل هاتنە دەری حیزب (دیموکرات) لە شوورا (میللی مووقاوەمەت) وەبیر هێنانەوەی مەسەلەیەك پێویستە: یەکیك لە کارە دژی دیموکراتی‌یەکانی سەرکردەکانی فراکسیون، کە لە راستی‌دا بە شێوەی ئاکامی لاوەکی هاتنە دەری حیزب لە شوورا خۆی نواند (١١) پێك هێنانی مەحدوودیەت لە رێگای تێکۆشانی ئازادانەی رێکخراوە سیاسی‌یەکان لە کوردستان بوو کە لە هێندیك مەوریدا پێك هێنانی تێك هەڵچوونی لە نیوان حیزب و ئەو رێکخراوانەدا بە دواوە بوو."

(بەلگەکانی .... لاپەری ١٨، نووسراوی ناوکەوانەکان هی ئێمەن)

وا دیارە ئەم مەسەلەیە تەنیا لە مەوریدی کۆمەڵەدا وا نەبووە!

سەرەرای هەموو ئەوانە "راپورتی کومیتەی ناوەندی بە کونفرانس" لە بەشێکی دیکەی دا بە نیوی "چاوخشاندنیك بە رابوردوودا" ویرای باس کردنی ئەو مەسەلانەی کە لە کونگرەی حەوتەم دا رووی داوە، باسی چەند خالی سەرنج راکیش دەکا:

"کونگرەی حەوتەم لە گەرمەی شەری کۆمەڵە و حیزب دا پێك هات. مەسەلەی تەئییدی هەڵوێستی تازەی ریبەرایەتی لە لایەن کونگرەوە سەبارەت بە سەرانسەری کردنی شەر دژی کۆمەڵە و درێژەدانی ئەو شەرە تا کاتیك کە کۆمەڵە هەموو مەرجەکانی حیزب قەبوول دەکا، بەشێوەیەك مەسەلە و گیروگرفتەکانی دیکەی داپوشی کە کارەکانی دیکەی فراکسیون سەرنجیکی ئەوتویان پی نەدرا، سەرکردەکانی فراکسیون لە ژیر پەردەی بە ناو یەکسەرە کردنی کاری کۆمەڵەدا، لە سەرە خۆ بە بی دەنگی ژمارەیەکی دیکە لە ئەفرادی دیاری کراوی خۆیان بۆ بەرێوەبردنی سیاسەتەکانیان لە داهاتوودا هێنایە نیو کومیتەی ناوەندی‌یەوە و بەم جۆرە هەنگاویکی دیکە لە رێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان چوونە پێش."

(بەلگەکانی ... لاپەرەی ١٧ و ١٨)

هەر ئەوچەند جوملەیە واقیعییاتیکی گرینگی تێدایە کە هەڵبەت هەرگیز جیناحی جیابووەوە لە لیکدانەوەی شەری کۆمەڵە و دیموکرات دا ئیشارەیان پی ناکا و وەك بەلگە نایان هێنێتەوە و بە کاریان نابا.

یەکەمیان ئەوەیە کە ریبەرایەتی حیزبی دیموکرات تەسمیمی گرتبوو شەر لەگەل کۆمەڵە سەراسەری بکاتەوە. گوزارشی کومیتەی مەرکەزی سەبارەت بە تاریخی گرتنە پێشی ئەم "سیاسەتە تازەیە" لە لایەن ریبەرایەتی حیزبی دیموکراتەوە هیچ نالی. ئەم تەسمیمە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٣، یانی پێش دەست پی کردنی شەر لە پلینومی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات دا گیرا بوو. ئەمە لە بابەت زەمینە ساز کردنی شەرەوە.

دووهەمیان ئەوەیە کە ریبەرایەتی حیزبی دیموکرات هەولی دەدا کە بە تایبەت ئەمە بە کونگرە بسەلمێنێ و سەلماندی کە تا قەبوول کردنی "هەموو شەرتەکانی" حیزبی دیموکرات لە لایەن کۆمەڵەوە، شەر دەبی درێژەی پی بدری." ئەمەش لە بابەت مەسئوولیەتی درێژە پێدانی شەر و هەڵوێستی شەر داسەپێنانە و دژی دیموکراتیکەوە.

سێهەمیان ئەوەیە کە "یەکسەری کردنەوەی کاری کۆمەڵە" بە ئاشکرا لە کونگرەدا هاتوتە گۆر، تەوافوقی لەسەر کراوە و تەنانەت هێندەی هەیەجان و هیستریای گشتی‌ی لەسەر ساز کراوە کە ریبەرایەتی توانیویەتی لە سیبەری دا ئامانجەکانی خۆی بەرەوپێش بەری. ئەمەش لە بابەت مەبەست و ئامانجەنیهایی‌یەکانی حیزبی دیموکرات بەرانبەر بە کۆمەڵە و شەر لەگەل کۆمەڵە.

ریبەرایەتی جیناحی جیابووەوەی حیزبی دیموکرات چکولەترین رەخنەیەکیش لەم تەسمیم گیری و سیاسەتانە ناگری و تەنانەت ئەوروش نایەوی هیچ سنووریك لە بەرانبەری دا بکیشی. بەڵکوو سەرەرای هەموو ئەوانە زۆر سووك و هاسان رادەگەیەنی کە "چەپ رەوی‌یەکان و توندرەوی‌یەکان"ی کۆمەڵە و "دروست کردنی سی گوشە" (کە لە کۆمۆنیست"ی ١٥دا کە بە هەر حال پاش دەست پی کردنی شەر لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە نووسرا) ئەم شەرەیان پێك هینا.

شیوە و رەوشتی ریاکارانەی ریبەرایەتی جیناحی جیابووەوەی حیزبی دیمورکات پتر لەوەی کە بگەرێتەوە سەر خەسلەت و شەخسییەتی ئەوان، دەگەرێتەوە سەر ئەو هەڵوێستە سیاسی‌یەی کە هەیەتی رەچاو دەکا و ئەو جیگا و شوێنە سیاسی‌یەی کە خۆی تێدا دادەنی. ئەوان بە سنگەوە گوشینی پەروەندەی "ئازیز" و پر لە شەرم و شوورەیی پێشووی خۆیانیان بەلاوە باشترە لە فری دانی ئەم پێشینەیە، چونکوو لە ئەساس دا، هەڵوێستی سیاسی و چینایەتی یان هیچ فەرقیکی نەکردوە.

دەور و نەقش و مەسئوولیەتی واقیعی ئەم کەسانە هەرچی بوو، جیا بوونەوە بە شێوەیەکی عەینی دەرفەتیکی هاندەری بۆ خولقاند بوون تا ئەوان باری گرانی تاوانی ئەم شەرە جینایەتکارانەیە لە سەر شانیان لابەرن و هەموو مەسئوولیەتیك بخەنە سەر شانی ئەو کەسانەی کە ئێستا ئەم سیاسەتە درێژە پی دەدەن. بەڵام ئەوان نیشانیان دا کە زۆر لەوە زیاتر پابەندی سیاسەتەکانی پێشوویان بوون و ئەم دەرفەتەی کە بۆیان خولقا بوو لە دەستیان دا.

***

# شەری خوێناوی لە لوبنان!

جاریکی‌تر ئاگری شەری ناوخۆیی لە لوبنان بلێسەی سەندوە. ئێستا لە "بیروت" و چەند شاری‌تری لوبنان گوللە توپ و مووشەك بە شێوەیەکی وەحشیانە مالی خەڵك کاول دەکەن و ئاگری ئەو شەرە کونەپەرستانەیە ئاسمانی لوبنانی وەك ژیانی خەڵکی ئەو وڵاتە رەش و تاریك کردوە.

ئەم رۆژانە لە هەر گوشەیەکی دنیا هەر ئینسانیکی شەریف کاتیك دیمەنەکانی ئەم وەحشیگەری‌یە لەسەر تلویزیون دەبینی دەس بەجێ ئەم پرسیارانە بە میشکی دا دی:

– چ کەسانیك شەری ١٥ ساڵەی ناوخۆی لوبنان پەرە پی دەدەن؟ مەسیحی‌یەکان، موسولمانان، سوننی‌یەکان، شیعەکان، درووزی‌یەکان، دەوڵەتی سووریە، جمهووری ئیسلامی، ئەمریکا، فەرانسە و ئیسرائیل کامیان؟

– ئەم شەرە لەسەر چیە و بۆچی کوتایی پی نایە؟

– بۆچی ئەم هێزە شەرخوازانە، کرێکاران و زەحمەتکێشان و زۆربەی کۆمەلانی لوبنان کە موخالیفی ئەو شەرەن دەکەنە قوربانی ئامانجە چەپەلەکانی خۆیان؟

لە کوردستان و ئێران کە خەڵك لە چەند ساڵی رابوردوودا لە جەهەننەمی توپ باران و مووشەك باران دا ژیانیان بەسەر بردوە باش دەزانن کە ئێستا کرێکار و زەحمەتکێشی "بیروت" و "سیدا" لە چ وەزعیکی تال و ناخۆش دان.

واقعییەت ئەوەیە کە شەری ١٥ ساڵەی لوبنان شەری دابەشکردنی میرات، شەری قودرەتی سەرمایەداران و ملکدارانە کە وەك شەریکی خوێناوی لە نیوان چەند دەستە و تاقمی کونەپەرست دا کە هەرکامیان سەر بە مەزهەب و میللەتیکن بەرێوە دەچی، وە جمهووری ئیسلامی، سووریە، ئیسرائیل، ئەمریکا، فەرانسە و دەوڵەتانی تریش هەر کامیان لەم بازارە ئالوزەدا لە دووی بەرژەوەندی مەنتەقەیی و رۆژانەی خۆیەتی و کایە بە چارەنووسی خەڵکی لوبنان دەکا.

ئێستا نزیکەی ١٥ ساڵە لە نەتیجەی ئەم شەرە ناوخۆیی‌یەدا، شیرازەی حاکمییەتی مەرکەزی و دەوڵەتی لە لوبنان لە بەریەك چووە. قودرەتی دەوڵەتی لە لوبنان پاش کوتایی حوزووری ئیستیعمارگەرانەی فەرانسە لە لایەن سەرمایەداران و ملکدارانەوە بە شکلی پلە و پایەی دەوڵەتی و دەسەڵاتی سیاسی دابەش کرایە نیو تاقمە مەزهەبی‌یەکانی مەسیحی، سوننی و شیعە. هەر لە سەرەتاوە دیار بوو ئەم شێوە حکوومەتە دەبێتە کانگای کیشە و پێك دادانی حاکمانی دەوڵەتی و لە هەمان کات دا دەبێتە مایەی پەرەگرتنی تەفرەقەی مەزهەبی لە نیو خەڵکدا. بێگۆمان ئەگەر خەڵك خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکردایە لەوە ئاگادار بوون کە ئەم جۆرە تەفرەقەیە و دابەشکردنی کورسی‌یەکانی پارلمان قەت بە قازانجیان نیە. بە هەر حال بەردەوام بوونی ئەو وەزعییەتە شەریکی هەڵگرساند کە تێیدا تاقمی وەك حزب اللەی سەر بە جمهووری ئیسلامی وە ئەمەلی سەر بە رژیمی سووریە پێك هاتن. ئەمەل و حزب اللە هەرکامیان خۆیان بە نوینەری شیعەکانی لوبنان دەزانن. بەڵام نە ئەم دوو تاقمە و نە ئەوانەی خۆیان بە نوینەری مەسیحی‌یەکان و سوننی‌یەکان و درووزی‌یەکان دەزانن و نە ئەرتەشی سووریە و نە پاسدارانی جمهووری ئیسلامی و نە ئەرتەشی ئیسرائیل هیچکامیان بەلایانەوە گیانی ئەو خەڵکە کە بە درێژایی ئەم ١٥ ساڵە و بە تایبەت لە ئاگر بارانی ئەم رۆژانەی بیروت دا خوێنیان بە ناحەق دەرژی، بایەخی نیە.

کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و زۆربەی کۆمەلانی خەڵکی لوبنان موخالیفی ئەم شەرە جینایەتکارانەیەن و ئەگەرچی ئیمکان و مەجالی نارەزایەتی دەربرینیان لی زەوت کراوە، چ لە مانگرتنی گشتی ئەم دواییانەی دانیشتوانی بیروتی شەرقی دا و چ لە خوپێشاندانی گەورە و شکوداری کرێکاران لە یەك دوو ساڵی رابوردوودا، خەڵکی لوبنان نەفرەت و بیزاری خۆیان بەرانبەر بەم شەرە نیشان داوە و داواکاری ئەوە بوون دەس بەجێ کوتایی پی بی. لە خوپێشاندانی گەورەی دوو ساڵ لەوەپێش دا ژنان و پیاوان و منداڵانی لوبنان یەکدەنگ رایان گەیاند: "ئێمە نانمان دەوی، شەرمان ناوی"، "شەری ناوخۆیی دەبی دەس بەجێ کوتایی پی بی!". ئەم شیعارانە ئێستا زیاتر لە هەمیشە داخوازی کرێکاران و زەحمەتکێشان و کۆمەڵانی خەڵکی لوبنانن لە دژی ئەم جەهەننەمە کە تاقم و دەوڵەتە کونەپەرستەکان دایان خستوە.

بورژوازی و ئەمپریالیستەکان لە لوبنان بۆ نەجاتی ژیانی ئابووری و سیاسی خۆیان لە چنگ توورەیی چینایەتی، تووی نەفرەت و تەفرەقەی مەزهەبی یان لە نیو خەڵکی لوبنان دا چاند. سەرمایەداران و ملکداران لە لوبنان رەنگ و بۆی مەزهەبی یان بە دەسەڵاتی سیاسی خۆیان و بە کیشەی ناوخۆیی داوە و بۆ پاراستنی میراتی خۆیان خەڵکیان بەرداوەتە گیانی یەکتر. ئێستا چەندین ساڵە لە لوبنان کیشەی دەوڵەمەندان میلیونەرەکان بووەتە شەری مەزهەبەکان و ئاسایشی لە خەڵك بریوە. قرەو کیشە لە سەر ژمارەی کورسی‌یەکانی پارلمانو کابینە بە قیمەتی ویران بوونی مالی هەزاران ئینسانی زەحمەتکێش تەواو دەبی.

کەوایە دەخاڵەتی ئازادانەی خەڵك بە بی لە بەر چاو گرتنی ئەوەی لە باری مەزهەبی و قەومی‌یەوە سەر بە چ لایەنیکن لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی لوبنان دا یەکەمین هەنگاوە بۆ کوتایی پی هێنانی شەری ناوخۆیی و رقەبەری مەزهەبی و هەروەها دەسەڵاتی بورژوازی بەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی لوبنان دا.

***

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٣٠ | جوزەردانی_١٣٦٨ | ژوئەنی _ ١٩٨٩

پێشڕەو

# ١١ی گولان: کریکارانی کورستان جەژنی چینا یەتی خویان بەریوەبرد

سنە:

- کریکارانی سنە مەراسمی دەولەتی‌یان تەحریم کرد.
- هەزاران کریکار، مەراسمیکی سەربەخۆی گەورە و شکوداریان لە سالونی وەرزشی "تەختی" بەریوە برد.
- لە بریارنامەیەکی ٢٣ ماددەیی‌دا کریکاران داخوازەکانی خۆیانیان راگەیاند.
- لە راپەیمایی کریکاران دا لە خیابانەکانی شاری سنە، هەزاران ژن و پیاوی کریکار، شیعاریان دا: بژی حکوومەتی کارگەری، بژی سوسیالیزم، بژی بزووتنەوەی شورشگیرانەی گەلی کورد!

مەهاباد:

- شەوی پیش ١١ی گولان، کریکاران لەسەر بەرزاییی‌یەکانی دیوی شار، ئاگریان کردەوە.
- تراکت و اتلاعیەکانی رۆژی کریکار لە نیوشاردا بلاوکرانەوە.
- لە رۆژی کریکاردا کارتەعتیل کرا و کریکاران و کوروکومەلی جوراوجۆردا جەژنیان گرت.
- کریکارانی شارەکانی مەریوان و سەقز جەژنی رۆژی کریکاریان لە کوروکومەلی خویاندا بەریوە برد.

## گوزارشیك لە بەرێوەچوونی مەراسمی رۆژی کرێکار لە شاری سنە

هەر لە رۆژەکانی سەرەتای مانگی گولانەوە هەر کەس لە کووچە و کولان و گەرەکە کرێکار نشینەکانی شاری سنەوە تێپەر بوایە، جم و جوولیکی تازەی بەرچاو دەکەوت: جم و جوولیك کە بە ئاشکرا خەبەری لەوە دەدا لە رۆژانی داهاتوودا جاریکی‌تر ئەم شارە دەبێتە مەیدانی نیشاندانی هێز و قودرەتی یەکگرتووی کرێکارانی وشیار و تێکۆشەر.

لە هەزاران بەرگ تراکت و ئیتلاعیەدا کرێکاران بانگەواز کرا بوون بۆ روژی ١١ی گولان کار تەعتیل بکەن، مەراسمی دەوڵەتی تەحریم بکەن و بە پێك هێنانی مراسمی سەر بە خۆی کرێکاری جەژنی چینایەتی خۆیان بەرێوە بەرن.

رژیمی جمهووری ئیسلامی کە تەجرەبەی سالانی پێشوو ئەو راستی‌یەی پی سەلماند بوو کە ناتوانی بە ئاشکرا پێش بە بەرێوە چوونی مەراسمی رۆژی کرێکار بگری، لە چەند رۆژ پێش ١١ی گولانەوە دەستی دایە هەول و تەقالا هەتا بە هەر چەشنیك بوی بکری کوسپ بخاتە سەر رێگای بەرێوە چوونی جەژنی کرێکاران. رژیم بە دانانی چەندین مسابەقەی سیاسی عەقیدەتی و وەرزشی و شتی‌تر و بە راگەیاندنی مەراسمی دەوڵەتی لە رۆژی کرێکاردا هەولیدا نەهیلی کرێکاران مەراسمی سەربەخۆیان بەرێوە بەرن، بەڵام کرێکارانی سنە، بە وشیاری و یەکگرتوویی خۆیان پیلانەکانی رژیمیان پووچەل کردەوە و جەژنی شکوداری خۆیانیان بەرێوە برد.

## کیوی ئاویەر:
## کۆبوونەوەی ژنان و پیاوانی کرێکار و زەحمەتکێش و هەڵکردنی دو ئالای سوور!

رۆژی جومعە، ٨ی گولان، کیوی ئاویەر کە دەروانیتە سەر شاری سنە، شاهیدی شەوق و شادمانی سەدان کەس لە ژنان و پیاوانی کرێکار و زەحمەتکێشی شاری سنە بوو کە بە پیشوازی جەژنی رۆژی کرێکارەوە دەهاتن.

سەعات ٢ و ٣ی بەیانی رۆژی ٨ی گولان ژمارەیەکی زۆر لە ژناو پیاوانی ئازادیخواز و شۆرشگێر بەرەو کیوی ئاویەر کەوتنە ری. خەڵکەکە لە رێگادا ژمارەیەکی زۆر تراکت و شیعاریان بەرچاو کەوت کە پێشتر بەسەر بەردەکانی قەراخ رێگاکەدا درا بوون. لە تراکتەکان دا نووسرا بوو:

– بەریز بی ١١ی گولان رۆژی جیهانی کرێکار!

– بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری!

– مەرگ بۆ جمهووری ئیسلامی، بژی کۆمەڵە، بژی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران!

– گرانی، خەفەقان، بێکاری، ئەمەیە دیاری جمهووری ئیسلامی!

کاتێك کاروانی خەڵکەکە گەیشتە سەر لووتکەی کیوی ئاویەر، پلاکاردیکی گەورە بە درێژایی ٥ میتریان بەرچاو کەوت کە بە ئەستیرەی سوور و داس و چەکوش رازیندرابووەوە و لە سەری نووسرابوو: ١١ی گولان رۆژی هاوپەیمانی کرێکارانی جیهانتان لی پیروز بی!". لە چەند میتر ئەولاتر ئالایەکی سوور هەڵکرا بوو و لە سەری نووسرابوو: "بژی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران!".

سەعات ٥ی بەیانی، کاتیك کە چەند کەس لە کاروانەکە دەگەنە سەر لووتکەی ئاویەر، لەگەل دوو پاسدار بەرەو روو دەبن کە دەیانەویست ئالا و پلاکاردەکان لەگەل خۆیان بەرن. خەڵکەکە بەرەنگاری پاسدارەکان دەبن و پلاماریان دەبەنە سەر کە لە ئەنجام دا پاسدارەکان هەڵدین و ئەو شوێنە بەجێ دێلن.

بەیانی رۆژی جومعە کاروانەکە کە لووتکەی ئاویەر بەجێ دیلی و بەرەو شوینیك بە نیوی "کانی ماماتکە" دەکەویتە ری. لیرەشدا پلاکاردیکی گەورەی پارچەیی دەبینن کە بە ئەستیرەی سوور و داس و چەکوش رازیندابووەوە و بە خەتی درشت لەسەری نووسرابوو: "ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری". لە خوارەوەتر بەخەتیکی وردتر نووسرابوو: "بژی ئەوەڵی مانگی مەی رۆژی جیهانی کرێکار"، "بژی یەکیەتی و هاوپەیمانی کرێکارا،". هەروەها لە پال ئەم پلاکاردەش دا ئالایەکی سوور هەڵکرابوو کە لەسەری نووسرابو: "بژی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران".

سەعات ٧/٥ی بەیانی دەستەیەك لە لاوانی کچ و کور کە موورزیك و ساز و زەربیان لەگەل خۆ هێنابوو هەڵپەرکی‌یەکی گەرم و گۆر دەخەنە ری کە تاماوەیەکی زۆر بە خۆشی و شادمانی‌یەوە درێژەی پی دەدری. سەعات ٩ی بەیانی چەند لاوی شۆرشگێر ئالایەکی سووری دیکە لەسەر یەکیك لە بەرزاییەکانی ئەو دەور و پشتە هەل دەکەن کە دەبیتە مایەی خۆشاحالی بەشدار بووان. ئەم مەراسمە هەتا سەعات ١٠ی بەیانی رۆژی جومعە درێژەی بوو. پاشان بەشدار بووان دەگرێنەوە نیو شاری سنە.

هەوالی ئەم مراسمە لە شاردا دەنگی دایەوە و زۆربەی شار پر بوو لە شیعار و تراکتی رۆژی کرێکار. بە دوای ئەوە دا ژمارەی گەشتی‌یەکانی رژیم لە کووچە و کولان و خیابانەکانی سنە لە چاو جاران چەند بەرابەر زیاتر ببوون.

## تەحریمی مراسمی دەوڵەتی

شەوی ١١ی گولان رژیم رایگەیاند کە بەیانی ئەو رۆژە بە بۆنەی رۆژی کرێکارەوە مەراسمیکی دەوڵەتی لە "ئامفی تئاتر"ی دانشگای رازی سنە بەرێوە دەچی. بەم بۆنەوە رژیم داوای لە کرێکاران کرد کە لەو مەراسمەدا بەشداری بکەن بەڵام کرێکارانی سنە کە لە ماوەیەك پێشترەوە رایان گەیاندبوو مەراسمی سەربەخۆی کرێکاری بەرپا دەکەن، حازر نەبوون لەو مەراسمە دەوڵەتی‌یەدا بەشداری بکەن و تەحریمیان کرد. ئەو مەراسمە بە پێچەوانەی ویستی رژیم، بوو بە جێگای نمایشی بەرشکست بوون و ناکامی رژیم و شکستی سیاسەتە دژی کرێکاریەکانی لە کوردستان و سەرەرای هەموو هەول و تەقالایەك کە نەیتوانی کوسپ و تەگەرە بخاتە سەر رێگای پێك هاتنی مەراسمی سەربەخۆی کرێکارانی تێکۆشەری سنە.

## مەراسمی گەورە و سەربەخۆی کرێکاران لە سالونی وەرزشی "تەختی"

سەعات ٣ی دوانیوەروی ١١ی گولان بە بەشداری هەزاران ژن و پیاوی کرێکار مەراسمیك لە سالونی وەرزشی "تەختی" بەرپا کرا. ئەمەش لە حالیکدا بوو کە لە چەند رۆژ لەوە پێشەوە کرێکارانی تێکۆشەری سنە لە لایەن رژیمەوە هەرەشەیان لی دەکرا و بە بیانووی جۆراوجۆر لە پێك هێنانی مەراسمی سەربەخۆی کرێکاری مەنع دەکران. چەند رۆژ پێشتر ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی فەسلی و کرێکارانی کارگا چکولە و گەورەکانی سنە لە دەوری یەك کۆبوونەوە و بۆ بەرێوە بردنی جەژنی رۆژی کرێکار تەگبیر و راوێژیان کرد، لەگەل ئیدارەی کار قسەیان کرد و داوایان کرد جێگایەکیان پی بدری بۆ گرتنی مەراسمەکە. کاربەردەستانی رژیم بە کرێکارانیان راگەیاند مادام نیو و موشەخەساتی کاملی هەموو ئەو کەسانەیان پی نەدری کە لە مراسمی رۆژ کرێکاردا قسەدەکەن جێگا بە کرێکارەکان نادەن. بەڵام کرێکارانی وشیار فریوی ئەم پیلانگیری‌یەی کاربەدەستانی ئیدارەی کاریان نەخوارد و حازر نەبوون نیوی هیچ کرێکاریکیان پی بدەن. قسە و باس و گفت و گو لە نیو کرێکاران و ئیدارەی کاری رژیمدا کە لە چەند رۆژ پێشترەوە دەستی پێکردبوو هەتا سەعات ١٢ی نیوەروی ١١ی گولانی خایاند. کرێکاران کە ئیتر دلنیابوون رژیم جێگایان ناداتی بریاریان دا خۆیان جیگا بۆ بەرێوە بردنی مراسمەکەیان دیاری بکەن و بەم جۆرە سالونی وەرزشی تەختی‌یان هەڵبژارد.

ئەم خەبەرە خیرا لە نیو کرێکارانی شاردا بلاو بووەوە. کرێکاران لە سەعات ١ی دوانیوەرۆوە دەستە دەستە بەرەو شوینی مراسمەکە وەری کەوتن. سەعات ٣ی دوانیوەرو کرێکاران درگای سالونەکەیان کردەوە.

لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە کرێکارەکان لە دەرەوەی سالونەکە کۆببوونەوە گشتی‌یەکانی رژیم کە پێشتر لەو نزیکانە بوون و کارتی شناسایی یان لە خەڵك دەویست، نەیان ویرا لە کرێکاران نزیك بنەوە و دوای ماوەیەك لەوی دوور کەوتنەوە.

هەر کە درگای سالون کرایەوە دەستەیەك لە کرێکاران پلاکاردەکانیان لەسەر دیوارەکانی سالونەکە دا کوتا و سالونەکەیان رازاندەوە. بەشیك لەو شیعارانە کە لە سەر پلاکاردەکان نووسرابوون ئەمانەن:

– کرێکارانی جیهان یەکگرن!

– پیروز بی ١١ی گولان رۆژی جیهانی کرێکار!

– ئێمە کرێکارانی سەنعەتی خوازیاری تەعتیل بوونی رۆژی جیهانی کرێکارین!

– ئێمە کرێکارانی شیرکەتی شاهو خوازیاری تەعتیل بوونی رۆژی جیهانی کرێکارین!

– ئێمە کرێکارانی کوردستان پشتیوانی خۆمان لە خەباتی کرێکارانی فەلەستین دەردەبرین!

– بژی رۆژی کرێکار!

– بژی یەکگرتوویی و هاو خەباتی کرێکاران!

– رێگای نەجاتمان یەکیەتی‌مانە!

زۆربەی پلاکاردەکان بە ئستیرەیەکی سوور رازابوونەوە و لە ژێریان دا نووسرابوو: "کرێکارانی سنە". سەعات ٣ی دوانیوەروو لە حالیکدا چەند هەزار ژن و پیاو و پیر و لاو لە ناوەوە و دەرەوەی سالونەکە کۆببوونەوە، مەراسم دەستی پێکرد.

لە پێشدا یەکیك لە کرێکارانی بەخیر هاتنی حازرانی کرد. پاشان بۆ ریزگرتن لە یادی کرێکارانی گیانبەخت کردووی شیکاگوو هەموو ئەو کەسانەی کە لە رێگای رزگاری چینی کرێکاردا گیانیان بەخت کردوە دەقیقەیەك بی دەنگی راگیرا. بە دوای ئەوەدا سوخەنرانی کرێکاران دەستی پێکرد.

کرێکاریك سەبارەت بە تاریخچەی رۆژی کرێکار قسەی کرد. ئەم کرێکارە لە قسەکانیدا پاش باسکردنی چونیەتی بەرێوە چوونی مەراسمی رۆژی کرێکار لە لایەن کرێکارانی هەموو وڵاتانی دنیاوە و پی داگرتن لەسەر ئەوە کە لەم رۆژەدا چەرخی بەرهەم هێنان لە هەموو کارخانەکانی دنیا راوەستی و چینی کرێکار بە تەعتیل کردنی کار هێز و قودرەتی یەکگرتووی خۆی نیشان بدا، وتی: ئەم رۆژە بۆ ئێمە کرێکاران دەرفەتیکی گەورەیە کە هێز و قودرەتی یەکگرتووی خۆمان بە هەموان نیشان بدەین و ئەم راستی‌یە بسەلمێنین کە هەموو سەروەت و سامانی ئەم جیهانە بەرهەمی کاری ئێمەیە. قسەکانی ئەم هاوری کرێکارە لە ناو شور و شەوقی حازران دا کوتایی پی هات.

دووهەمین قسە و باسی ئەو مراسمە، قسە و باسی کرێکاریکی‌تر بوو سەبارەت بە پێویستی رێکخراو بوونی کرێکاران. ئەو کرێکارە لە قسەکانیدا ئیشارەی بەو مەحدوودیەتانە کرد کە پەیتا پەیتا لە لایەن دەوڵەتی سەرمایەدارانەوە لەسەر رێگای خۆ رێکخستنی کرێکاران پێك دەهێنرین. ئەو هاوری‌یە لەسەر ئەهمییەتی پێك هێنانی شوورا و کۆبوونەوەی گشتی و ئیمکان پەزیر بوونی ئەو کارە بە هێزی خودی کرێکاران تەوزیحاتیکی بۆ حازران دا. پاشان لەسەر بیمەی بێکاری قسەی کرد و وتی: "ئێمە کرێکاران خوازیاری ئەوەین کە هەر کرێکاریکی بیکار و هەموو ئەو کەسانەی کاریان نیە، بیمەی بیکاری یان پی بدا بەڵام کە کارمان پی نادەن دەبی بیمەی بێکاری مان پی بدەن. "ئەم کرێکارە لە درێژەی قەسکانیدا وتی: "بە پێی ئاماری دەوڵەتی تەنیا دە هەزار بیکار لە ئێران هەن کە دەبی بیمەی بێکاری یان پی بدری، بەڵام ئێمە دەزانین ئەم ئامارە دروست نیە چونکوو تەنیا لەم شارەی ئێمەدا زیاتر لە دە هەزار کرێکار بێکارن. "قسەکانی ئەم کرێکارە لە نیو شور و شەوقی حازران دا کوتایی پی هات.

سێهەمین قسە و باسی ئەم مەراسمە سەبارەت بەو زولم و ستەمانە بوو کە لە جامیعەدا لە ژنان دەکری. ئەو کرێکارەی لەم بابەتەوە قسەی کرد، پێی لەسەر ئەوە داگرت کە پێویستە کرێکاران بۆ بە دەست هێنانی بەرابەری ژنانی هاو چینی خۆیان لە هەموو مەیدانەکانی کار و ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا خەبات بکەن.

بە دوای ئەوەدا کرێکاریکی ١٥ ساڵە سەبارەت بە کاری منداڵان و لاوانی کەمتر لە ١٨ ساڵ قسەی کرد و بەوردی لەسەر ئەوە رویشت کە چلون سەرمایەداران لە موحتاجی و کەم دەرامەدی خانەوادەی کرێکار کەلك وەردەگرن بۆ ئەوەی لە رولەی نەونەمامیان کار بکێشنەوە. لە حالیکدا ئەو مندال و لاوانە لەو تەمەنەدا دەبی بە کەلك وەرگرتن لە ئیمکاناتی کۆمەڵ خەریکی خوێندن و خەملاندنی توانایی و قابلییەتی ئینسانی خۆیان بن، سەرمایەداران لە باوەشی خانەوادە دەیان رفینن و لە بازاری بیرەحمی و بی بەزەیی کاردا دەیان چەوسێننەوە.

دوایین بەشی بەرنامەکە خوێندنەوە و پەسند کردنی بریارنامەیەکی ٢٣ی ماددەیی بوو کە کرێکاریك

خوێندیەوە و هەر ماددەیەکی بە چەپلە ریزانی دوور و درێژ و هەڵهەلەی شادمانی حازران پشتیوانی لێ کرا و پەسند کرا. کاتی خوێندنەوەی بریارنامە چەند کەس لە کرێکاران دەقی چاپکراوی بریارنامەکەیان لە نیو بەشداربووان دا بلاو کردەوە. وەرگێردراوی دەقی بریارنامەکە لە کوتایی ئەو گوزارشەدا هاتوە.

لە نیوان سوخەنرانی‌یەکاندا چەند کەس لە کرێکاران بە سروود خوێندن و گورانی وتن مەراسمەکەیان رازاندبووەوە. یەك لەوانە کچیکی کرێکار بوو کە سروودی "بپا بپا! ئەی گرسنەگان، ئەی ستەمکەشان"ی پێشکەش کرد.

هەروەها سروودیك لە لایەن چەند کرێکاری مندالکارەوە خوێندرایەوە. کرێکارانی بەرێوەبەری مەراسمەکە بە شەربەت و شیرینی پەزیرایی‌یان لە بەشدار بووان کرد. مەراسمەکە بە خوێندنی سروودی "ئاگرە سوورە" لە لایەن یەکیك لە کرێکارەکانەوە هاودەنگی‌یان لەگەل دەکرد، تەواو بوو.

بەم جۆرە مەراسمی شکوداری جەژنی جیهانی کرێکار لە نیو سروود خوێندن و دەنگی شیعاری "بژی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد!"، "یەکیەتی، تێکۆشان، سەرکەوتن" دا کوتایی پی هات.

## راپەیمایی هەزاران ژن و پیاوی کرێکار و زەحمەتکێش لە شەقام و کولانەکانی شاری سنە

پاش کوتایی پی هاتنی مەراسمی سالونی وەرزشی تەختی، هەزاران ژن و پیاوی کرێکار و زەحمەتکێش بە هەلبرینی دەنگی شیعاری "ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری"، لە ریزی پتەو و یەکگرتوودا بەرەو شەقام و خیابانەکانی شار کەوتنە ری.

جەمعییەتەکە بەرەو خیابانی "شهدا"، لە کووچەکانی "تەختی"، "مەولەوی"، "ئەولەسەن" و "شەعبانی" تێپەر بوون و تا نزیك چوار ریی "تالەقانی" رێگاکەیان درێژە پێدا. لە ناو ری دا ژمارەی جەمعییەتەکە هەرچی دەهات زیادی دەکرد و خەڵکی تێکۆشەر دەستە دەستە دەهاتنە نیو ریزی خوپێشاندانی کرێکارانەوە و دەنگی شیعاریان بەرزتر دەبووەوە بە چەشنیك کە لە چەند کولان و خیابانی ئەولاترەوە دەنگی شیعار دەبیسترا. لە کوتایی ریگاکەدا ژمارەی جەمعییەتەکە دوو بەرابەر زیادی کردبوو. شیعارەکانی ئەم خوپێشاندانە بریتی بوون لە:

– ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری!

– هەر بژی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کورد!

– یەکگرن! یەکگرن! کرێکاران یەکگرن!

– بژی سوسیالیزم!

– سینگی ئێمە قەلخانە، گوللە کارمان لێ ناکا!

– کوردستان دەکەینە فەلەستین!

جەمعییەتەکە لە نزیك چوار ری "تالەقانی" لە سەعات ٦ی ئیوارەدا بە نەزمەوە بلاوەیان کرد.

## مەراسمی‌تر لە کۆر و کۆمەڵی کرێکاراندا

جگە لەو مەراسمە لە سەرەوە باسی کرا، دەیان مەراسمی تر لە گوشە و کەناری شار، لە دەرەوەی شار و لە گەرەکە جۆراوجۆرەکانی شار بەرپا کرا. یەك لەوانە مەراسمی کارخانەی شاهو بوو. مەراسمی سەربەخۆی کرێکارانی کارخانەی شاهو سەعات ١٢ی نیوەروی رۆژی ئەوەلی مانگی مەی بەرێوە چوو. لەو مەراسمەدا ویرای ئەوەی چەند کەس لە کرێکاران قسەیان کرد، لە نیو بەشدار بووان دا شەربەت و شیرینی بلاو کرایەوە و چەند گورانی و سروود پێشکەش کران. هەروەها بریارنامەیەکی ١٦ ماددەیی لە لایەن کرێکارانی ئەو کارخانەیەوە خوێندرایەوە و پەسند کرا.

## بریارنامەی کرێکارانی کوردستان لە رۆژی کرێکاریدا سنە ١١ی گولانی ١٣٦٨

کرێکاران، زەحمەتکێشان!

هاوری‌یانی هاوچارەنووس!

ئەوەلی مانگی مەی، ١١ی گولان رۆژی جیهانی کرێکاران و رۆژی نیشاندانی یەکیەتی و هاوپشتی هەموو کرێکارانی جیهان لە هەر میللەت و نەژاد و دین و جنسیك، لە هەمووتان پیروزبایی دەکەین و ئێمەش لەگەل هاوچینەکانمان لە سەراسەری جیهان، ئەو رۆژە مێژوویی‌یە بەریز دەگرین و، لە کاتیك دا جەژنی ئەم رۆژە بەرپا دەکەین کە کرێکاران بە شیعاری "کرێکارانی جیهان یەکگرن!" بەرەو ئەوە دچن بە کەلك وەرگرتن لە هێزی مەزن و یەکگرتووی خۆیان، داخواز و ئامانجەکانیان بە روشنی راگەیەنن، ویست و داخوازی رۆژ لە رۆژ زیاتریان بە هێزیکی زیاترەوە وەدی بینی. ئەمرۆ رۆژیکە کە کرێکارانی جیهان دەست لە ناو دەستی یەکتر، پەیمانی یەکگرتنی خۆیان تازە دەکەنەوە. ئەم رۆژە نەك هەر رۆژیکە بۆ ریز گرتن لە یادی مانگرتنی گشتی ئامریکا و خەباتی خوێناوی کرێکارانی موعتەریزی شیکاگو لە ساڵی ١٨٨٦، (١٠٣ ساڵ لەوەپێش)، بەڵکوو رۆژیکە کە ویست و داخوازەکانمان رادەگەیەنین و پێیان لەسەر دادەگرین و بریارنامەیەکی ٢٣ ماددەیی رادەگەیەنین.

ئێمە کرێکارانی کوردستان داواکارین:

١– ئێمە داواکاری بەرەسمی ناسران و تەعتیلی ١١ی گولان رۆژی جیهانی کرێکارین.

٢– ئێمە داواکاری بە رەسمی ناسرانی رێکخراوە کرێکاری‌یەکانین لە شوورا و سەندیکا و ئیتحادیە و کومیتەی چارەسەری کیشەی نیوان کرێکاران و کارفەرمایان بە بەشداری نوینەرانی راستەقینەی کرێکاران.

٣– ژنان نیوەی کۆمەڵن، ئێمە کرێکارانی کوردستان داواکاری بەرابەری مافی کاملی پیاوان و ژنانین بۆ کاری یەکسان لە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی‌دا.

٤– ئێمە داواکاری قەدەغە بوونی کاری مندالانی کەمتر لە ١٨ سالین.

٥– ئێمە داواکاری زیاد بوونی هەقدەستی کرێکارانین بە لەبەر چاو گرتنی گرانی و خەرجی خیزانیکی ٥ کەسی.

٦– داواکارین لانی کەمی هەقدەستی کرێکاران بەلە بەرچاو گرتنی گرانی و خەرجی خیزانیی ٥ کەسی بە هۆی نوینەرانی راستەقینەی کرێکاران دیاری بکری.

٧– ئێمە داواکاریبەرێوەچوونی ٤٠ سەعات کار لە حەوتوودا و دوو رۆژ تەعتیلی لەسەر یەك لە حەوتوودابن.

٨– داواکاری قەدەغەبوونی هەر چەشنیکی زیدەکاری و شەو کارین لە هەموو واحیدەکانی بەرهەم هێنان و غەیری بەرهەم هێنان دا، بیجگە لەو کارانەی بۆ کۆمەڵ پێویستن ئەویش بە حقووق و مەزایای دووبەرابەرەوە.

٩– ئێمە داواکاری قەدەغەی هەرچەشنیکی قەتعەکاری و کاری کونتراتین.

١٠– ئێمە داواکاری قەدەغەی هەرچەشنیکی دەرکردن لەسەر کار و کەم کردنەوەی هەقدەستین کە کارفەرما بە بیانووی جۆراوجۆرەوە بیکا.

١١– ئێمە داواکاری پێك هاتنی بیمەی بیکارین بۆ هەموو کەسانی بیکاری ئامادە بە کار، چ ژن و چ پیاو، کەتەمەنیان لە ١٨ ساڵ زیاتربی.

١٢– هەر وەك دەزانن هۆی سەرەکی بۆ فەساد و فەحشا و ئیعتیاد و هەژاری، بیکاری‌یە لە کۆمەڵدا. ئێمە داواکاری پێك هاتنی کاری مناسبین بۆ هەموو ژنان و پیاوانی تەمەن زیاتر لە ١٨ ساڵ.

١٣– ئێمە داواکاری مەسکەنی موناسب، بیهداشت و تەعاونی مەسرەف لە شوێنی موناسب بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشانین.

١٤– ئێمە داواکاری ئیجباری بوونی خوێندن بۆ هەموو مندالانی کرێکاران و زەحمەتکێشانین هەتا تەمەنی ١٨ ساڵی بە خەرجی دەوڵەت.

١٥– ئێمە داواکارین رۆژانی مەرەخەسی کرێکاران لە ١٢ رۆژەوە بکرێتە ٣٠ رۆژ لە هەموو واحیدەکانی بەرهەم هێنان و غەیری بەرهەم هێنان دا.

١٦– ئێمە داواکاری پێك هاتنی تەسهیلاتی ریفاهی بۆ ژنانین وەك مەهدی کوودەك، شیرخورگە، مەرەخەستی کافی لە کاتی دووگیانی دا و دامەزراندنی جلشورخانەی گشتی لە شوێنی کار و ژیان.

١٧– ئێمە کرێکاران داواکاری کەم بوونەوەی دەس بەجێ قیمەتی کالا پێویستەکان و پێداویستی‌یە گشتی‌یەکانی کۆمەڵین.

١٨– ئێمە داواکارین هەقدەست و "بن"ی کالاکان لە سەر وەختی خۆیدا بدری.

١٩– ئێمە داواکاری ئەوەین لە بەرانبەر "بن"ی کرێکاری‌دا ئەو کالا ئەساسی‌یانە کە یارمەتی پلەی بەرێچوونی ئێمە کرێکاران دەدا بدرین.

٢٠– ئێمە داواکاری سزادانی کەسانی رشوە خور و سوود خور لە هەموو ئیدارە و دەزگا دەوڵەتی و خوسووسی‌یەکانین.

٢١– ئێمە داواکاری پێك هاتنی ئیمکاناتی وەرزشی و تەفریحی بۆ هەموو کرێکاران لە شوێنی کار و ژیانی کرێکارانین.

٢٢– ئێمە کرێکارانی کوردستان، پشتیوانی لیبراوانەی خۆمان لە خەباتی حەقخوازانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی فەلەستینی لە دژی ئیسرائیل و ئەمپریالیزم، رادەگەیەنین.

٢٣– ئێمە کرێکارانی کوردستان پشتیوانی لیبراوانەی خۆمان لە خەباتی کرێکارانی جیهان لە پێناوی وەدی هێنانی داخوازە رەواکانیان دا رادەگەیەنین.

بژی ئەوەلی مانگی مەی، ١١ی گولان، جەژنی جیهانی یەکگرتوویی و هاوپشتی کرێکارانی جیهان!

پتەوتر بی یەکگرتوویی و هاوپشتی کرێکارانی جیهان!

١١ی گولان _ ئەوەلی مانگی مەی ١٣٦٨ کرێکارانی کوردستان

## مهاباد:
## رێزگرتن لە رۆژی کرێکار

کرێکارانی شاری مهاباد رۆژی کرێکاریان لە گەرەکەکان و لە نوی کۆر و کۆمەڵە کرێکاری‌یەکاندا جەژن گرت و بەشێوەی جۆراوجۆر شادمانی و پەیمانی هاوپشتی و یەکیەتی خۆیان لەگەل باقی کرێکاران لە رۆژی کرێکاردا نیشان دا.

کرێکارانی تێکۆشەری مهاباد لە ماوەیەك پێش رۆژی کرێکارەوە خۆیان بۆ بەرێوەبردنی ئەو جەژنە ئامادە دەکرد. هەر لە رۆژەکانی سەرەتای مانگی گولانەوە دەرك و دیواری زۆربەی شوێنە کرێکاری‌یەکان بە شیعار و بانگەوازی جۆربەجۆر رازابوونەوە کە تێیاندا کرێکارانی مهاباد بانگەواز کرا بوون رۆژی جیهانی کرێکار جەژن بگرن. رۆژی پێش رۆژی کرێکار لە مەیدانی کرێکاران و چەندین شوێنی کار تراکتیك بلاو کرایەوە کە تێیدا نووسرا بوو:

"کرێکارانی شاری مهاباد! سبەێنی دووشەممە ١١ی گولان رۆژی جیهانی کرێکارە، لەم رۆژەدا کرێکاران لە سەراسەری دنیا کار تەعتیل دەکەن. ئێمەش وەك باقی هاوچینەکانمان لە جیهان سبەێنی کار تەعتیل دەکەین و لە گەرەکەکان، یان لە مالی دوستان و ئاشنایانمان لە دەوری یەکتر کو دەبینەوە و سەبارەت بە گیروگرفتەکان و داخوازەکانمان وەك زیاد کردنی هەقدەست و کەم کردنەوەی سەعاتی کار و گرانی و بێکاری لە رادەبەدەر قسە و باس و راوێژ دەکەین.

ئەگەر کارفەرماکان وە یا کەسانی‌تر لە تەعتیل بوونی کاری کرێکاران لەو رۆژەدا بەرگری بکەن لەگەل وەڵامی توندی ئێمە بەرەو روو دەبن".

لە سەرەوەی تراکتەکە شیعاری "بژی رۆژی جیهانی کرێکار" و لە خوارەوەی تراکتەکەش شیعاری "کرێکارانی جیهان یەکگرن"! نووسرابوو.

ئیوارەی رۆژی ١٠ی گولان، سەرەرای زیاتر بوونی ژمارەی هێزە چەکدارەکانی رژیم لە نیو شاردا، پێش تاریك بوونی هەوا، چەند دەستە لە کرێکاران بۆ ریز گرتن لە جەژنی جیهانی خۆیان لە چەند شوین و لەوانە لەسەر بەرزایی‌یەکانی دیوی گەرەکەکانی "مەجبورئاوا"، "کانی مام قەنبەران" و "کانی سوفی تەها" ئاگریان کردەوە.

رۆژی ١١ی گولان، سەرەرای ئامادە باشی هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم و زیاد بوونی ژمارەی گەشتی‌یەکان و دانانی چەندین کەمین لە گەرەکەکان و خیابان و کولانەکانی شار بۆ چاوترسین کردنی کرێکاران بە جورێك کە مهاباد بە تەواوی سیمای شاریکی داگیر کراو و میلیتاریزەی گرتبووە خۆی، کرێکارانی تێکۆشەری مهاباد بە تەعتیل کردنی کار لە گەلیك شوین ویرای دەربرینی خوشحالی خۆیان جەژنی رۆژی کرێکاریان دەست پی کرد. لەو رۆژەدا لە گەرەکەکانی مەجبوورئاوا، سی ئاشان، کانی مام قەنبەران و باغی شایگان چەندین کۆمەڵ لە کرێکارانی ساختمانی، کرێکارانی کارگا چوکولەکان و چەند رشتەی‌تر مەراسمی جەژنی رۆژی کرێکاریان بەرپا کرد. لەو مەراسمانەدا کرێکاران لەسەر گرینگی تەعتیلی کار و بەرپا کردنی مەراسم، پێویستی یەکیەتی کرێکاران لە خەبات دا و هەروەها پێویستی زیاد کردنی هەقدەست و کەم کردنەوەی سەعاتی کار و باقی مەسەلە کرێکاری‌یەکان قسە و باسیان کرد. لەم رۆژەدا رادیوی دەنگی شۆرشی ئێران بەشداری جەژنی کرێکارانی شاری مهاباد بوو.

لە مەراسمەکانی رۆژی کرێکاردا کرێکارانی ساختمانی لەو شارە بۆ وەدی هێنانی یەکیك لە داخوازەکانیان، یانی زیاد کردنی هەقدەست، بریاریکیاندا و رایان گەیاند کە لە رۆژی دواترەوە، یانی لە رۆژی ١٢ی گولانەوە هەقدەستەکانیان ٥٠ تمەن زیاد دەکەن و لە جیاتی ٣٥٠ تمەن، رۆژی ٤٠٠ تمەن کار دەکەن. بە پێی ئەو هەوالانەی دواتر گەیشتوون، کرێکارانی ساختمان لەو رۆژەوە بریارەکەی خۆیان بەرێوە بردوە.

## کورتە گوزارشێك لە بەرێوە چوونی مەراسمی رۆژی کرێکار لە شاری مەریوان و دێهاتی دەوروبەر

کرێکارانی شاری مەریوان چەند رۆژ پێش رۆژی کرێکار بە بلاو کردنەوە تراکت لە خیابانەکان و مەدرەسەکان و چەند گەرەکی ئەو شارە وەك تازاوا، گەرەکی بلچەسووری‌یەکان، جەنگەلبانی، داسیران، سی‌رای بایەوە و گەرەکی میانەیی‌یەکان، خۆیان بۆ بەرێوە بردنی ئەو جەژنە ئامادە کردبوو.

ئیوارەی رۆژی ١١ی گولان لە بەرزایی‌یەکانی پشت داسیران لە دوو جێگە ئاگر کرابووەوە. لە رۆژی کرێکاردا بەشێکی زۆر لە مەرکەزە کرێکاری‌یەکانی شار تەعتیل بوون و کرێکاران نەچوونە سەر کار. رژیم لەو رۆژەدا مەراسمیکی بەرپا کرد بەلام کرێکاران تەحریمیان کرد و تەنیا ژمارەیەك لە دەست و پێوەندەکانی رژیم بەشداری‌یان تێدا کرد.

پێشڕەو

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٣٠ | جوزەردانی_١٣٦٨ | ژوئەنی _ ١٩٨٩

کرێکارانی شاری مەریوان لە کۆبوونەوە و کۆڕ و کۆمەڵی خۆیان دا ئەو ڕۆژەیان جەژن گرت.

ژمارەیەك لە کرێکارانی مەریوان بۆ بەرپا کردنمی جەژن و مەراسم لە شوینیك کە پێشتر دیاری‌یان کردبوو کۆبوونەوە. کرێکاران کە بە جل و بەرگی تازەوە هاتبوونە ئەو جەژنە ویرای قسە و باس کردن لە سەر ڕۆژی کرێکار و لەسەر پێویستی خەبات بۆ وەدی هێنانی داخوازەکانیان، شیرینی یان بلاو کردەوە و شادی و شادمانی خۆیان دەربری. ئەم مەراسمە پاش سوخەنرانی یەکیك لە کرێکاران سەبارەت بە چۆنیەتی بەرەوپێش چوونی خەباتی کرێکاران و پێویستی یەکگرتنی کرێکاران، کوتایی پی هات.

هەر لەو ڕۆژەدا ژمارەیەکی‌تر لە کرێکارانی شاری مەریوان بە بەرپا کردنی مەراسمی سەربەخۆیان، ڕۆژی کرێکاریان جەژن گرت. لەو مەراسمەدا کە کرێکاران پێشتر خۆیان بۆ ئامادە کردبوو، سەبارەت بە مەسەلە جۆراوجۆرەکانی ژیان و خەباتی کرێکاران قسە وباس کرا. ئەو مەراسمەش بە سوخەنرانی یەکیك لە کرێکاران لە بابەت تاریخچەی ڕۆژی کرێکار و وەزعی چینی کرێکار و داخوازە کرێکاری‌یەکان کوتایی پی هات.

هەر بە پێی ئەو گوزارشە لە ژمارەیەك لە ئاوایی‌یەکانی ناوچەی مەریوانیش کرێکاران لە کۆڕ و کۆمەڵی خۆیاندا ئەو ڕۆژەیان جەژن گرت. لە هەندیك لەو مەراسمانەدا ژمارەیەك لە کرێکارانی کەشاوەرزی ویرای قسە کردن لەسەر هەقدەستەکانیان بریاریان دا هەقدەستەکانیان زیاد کەن کە ڕۆژی دواتر ئەو بریارەیان بەرێوە برد.

## سەقز:

# ریزگرتن لە ڕۆژی کرێکار لە کۆڕ و کۆمەڵی کرێکاران دا

ئیوارەی ڕۆژی ١٠ی گولان، کرێکارانی شاری سەقز لە چەند گەرەکی ئەو شارە وەك حەمال ئاوا، سالەح ئاوا، شافعی، کەریم ئاوا و بەرزایی‌یەکانی پشت بەردبران و تەپی مالان ئاگریان کردەوە.

لە ڕۆژی کرێکاردا کرێکارانی چەند مەرکەزی کرێکاری ئەو شارە کاریان تەعتیل کرد و لە کۆبوونەوە و کۆڕ و کۆمەڵی خۆیان دا جەژنیان گرت.

لە یەکیك لەو مەراسمانەدا کە بە بەشداری دەیان کەس لە کرێکاران بەرێوە چوو، مەراسمەکە بە دەقیقەیەك بی دەنگی دەستی پێکرد و بە قسە و باسی چەند کەس لە کرێکارەکان سەبارەت بە مەسەلەی جۆراوجۆر درێژەی پی درا. یەکیك لە کرێکارەکان لە بابەت گرانی و فشاریك کە لەم بابەتەوە بۆ ژیانی کرێکاران دی و هەروەها پێویستی زیاد بوونی هەقدەستەکان پی بە پێی گرانی، قسەی کرد و وتی: "سەرمایەداری هۆی هەموو نابەرابەری و ستەم و چەوسانەوەیەکی نیو جامعەیە. کرێکاران بۆ رزگار بوون لەم وەزعە دەبی بۆ بنیات نانی کۆمەڵیکی ئازاد و بەرابەر خەبات بکەن". ئەو کرێکارە لە درێژەی قسەکانی‌دا وتی "تەجرەبەی چینی کرێکار لە سەرتاسەری جیهان دا نیشانی داوە هەر کات کرێکاران پەکپارچە و یەکگرتوو لە دژی نابەرابەری‌یەکانی نیزامی سەرمایەداری خەبات بکەن، سەرمایەداران تووشی پاشەکشە و شکست دەکەن. ئێمە کرێکاران جگە لەوە هیچ رێگا چارەیەکی‌ترمان نیە. رزگاریمان لە گرەوی خەباتی یەکگرتوانەمان دایە؟".

لە مراسمیکی‌تردا لەو شارە، یەکیك لە کرێکاران سەبارەت بە ڕۆژی کرێکار قسەی کرد. ئەمجار کرێکاران لە سەر ئەو ستەم و نابەرابەری‌یەی جامیعەی سەرمایەداری بەسەر ژنانی داسەپاندوە و هەروەها سەبارەت بە مەسەلە و داخوازە کرێکاری‌یەکان قسەیان کرد.

ئەو مەراسمانە سەرجەم ٣ سەعاتیان خایاند و لە نیو شادمانی کرێکاران دا کوتایی‌یان پی هات.

# گوزارشێك لە بەرێوەچوونی مەراسمی ڕۆژی کرێکار لە ئوردووگای ئاوارە ئێرانی‌یەکان

ڕۆژی ١١ی گولان، زیاتر لە ١٠٠٠ ژن و پیاوی کرێکار و زەحمەتکێشی دانیشتووی ئوردووگای ئاوارە ئێرانی‌یەکانی رمادیەی عێراق مەراسمیکی گەورە و شکوداریان بۆ ریزگرتن لە ڕۆژی کرێکار بەرپا کرد.

لە چەند ڕۆژ پێشترەوە قسە باسی ڕۆژی کرێکار و بەرپا کردنی مراسم لەم ڕۆژەدا، لە نیو کۆڕ و کۆمەڵی بەشیکی زۆر لە دانیشتوانی ئەم ئوردووگایەدا بە گەرمی دەستی پی کرا و هەیئەتیك بۆ بەرێوە بردنی ئەم مراسمە پێك هات. کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی ئەم ئوردووگایە، شەوی ١١ی گولان لە ١٢ شوێنی ئوردووگا ئاگریان کردەوە.



ڕۆژی ١١ی گولان دەور تا دەوری شوینی مەراسمەکە، کە مەیدانێکی گەورە بوو، بە شیعار و پوستەر و پلاکارد رازیندراوە. مەدرەسەکانی بەشێك لە گەرەکەکانی ئوردووگا تەعتیل کرابوون.

بە بلاو بوونەوەی شیعر و سروود لە بلندگوی شوینی مەراسمەکەوە، کرێکاران و دانیشتوانی دیکەی رمادیە، لە حالیکدا پلاکاردیان بە دەستەوە بوو لیباسی تازە و خاوینیان لەبەر کردبوو، دەستە دەستە لەو شوینە کۆبوونەوە.

مەراسم سەعات ٤/٥ی پاش نیوەرو، بە سروودی ئەنترناسیونال دەستی پێکرد و پاش راگرتنی دەقیقەیەك بی دەنگی بۆ ریزگرتن لە یادی گیان بەخت کردوانی رێگای ئازادی و سوسیالیزم، هاوری عمر کەریمی یەکیك لە مەسئوولانی کۆمەڵە سوخەنرانی کرد.

دوای قسە و باسی هاوری عمر کەریمی کە لەگەل پیشتوازی گەرم و گور و چەپلەریزانی بەشدار بوانی مەراسمەکە بەرەو روو بوو، هاوری مسلەح شیخ الاسلامی (ریبوار) پارچە شیعریکی خوێندەوە کە بە بۆنەی ئەم ڕۆژەوە وتبووی.

پاشان مەراسمەکە بە سوخەنرانی ژنیکی زەحمەتکێش و پەیامی موعەلیمان و دانش ئامووزان درێژەی پیدرا و دوای ئەوانەش بریارنامەی کرێکارانی دانیشتووی ئەم ئوردووگایە خوێندرایەوە.

ئەم بریارنامەیە لە لایەن بەشدار بوونانی مەراسمەکەوە پەسند کرا.

دوای کوتایی پی هاتنی مەراسمەکە چەند کۆبوونەوەی هونەری بە بەشداری سێ کەس لە دانیشتوانی ئوردووگای رمادیە بەرپا کرا و ویرای ئەوەش قسە و باس سەبارەت بە ڕۆژی کرێکار لە کۆڕ و کۆمەڵی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئوردووگای رمادیە درێژەی هەبوو.

***

# قانوونی کار و کرێکارانی کوردستان

کیشە لە سەر قانوونی کار لە نیوان کرێکاران و رژیمی جمهووری ئیسلامی‌دا لە ساڵی ٦١ بەم لاوە، هەتا ئێستا (یانی ٧ ساڵ) هەروا درێژەی هەیە. لە نەتیجەی ئەم خەباتەدا چوار پێش نووسی قانوونی کار دەسکاری کراوە و رژیم هەندیك پاشەکشەی کردوە. پی داگرتنی کرێکاران بۆ ئەوەی پاشەکشەی هەرچی زیاتر بەسەر رژیم دا بسەپێنن هەروا درێژەی هەیە.

ماوەیەکە رژیم بی دەنگەی لە قانوونی کار کردوە چونکوو دوای شکستی سیاسەتی کونەپەرستانەی شەر، سیاسەتی بازسازی و سیاسەتی سەبر و چاوەروانی رژیمیش شکستی خواردوە و ئێستا لە بەرەوپێش بردنی سیاسەتەکانی دا لە هەمیشە داماوترە.

هەڵبەت کرێکارانی کوردستان کە لە نیو دەریای بی قانوونی‌دا خەباتێکی سەرکەوتوانەیان بەرەوپێش بردوە و گەلیك داخوازیان بەسەر کارفەماکان و دەوڵەت دا سەپاندوە ئەوە دەزانن کە قانوون بەڵگەیەکە کە نیشان دەدا هەر کام لە لایەنەکان هەتا چ رادەیەك دەتوانن ویستی خۆیان بەسەر لایەنکەی‌تردا بسەپێنن.

کەوایە لە کیشەی نیوان کرێکاران و دەوڵەتی سەرمایەداران دا، ئەوەی چارەنووس سازە، هێزی لایەنەکانە. هەڵبەت رژیم بە هەر ئەندازەیەك لە قانوونی کاردا مل بە داخوازی کرێکاران بدا، جەماوەری کرێکاران هاسانتر لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوە و بە جیددی‌تر داوای مافەکانیان دەکەن. رژیم بە درێژایی ئەم چەند ساڵە هەمیشە هەولی داوە قانوونی کاریك پەسند بکا کە کەمترین مافی بۆ کرێکاران تێدا بی. بەڵام هەر جارە لەگەل ئیعتیراز و خەباتی کرێکاران بەرەو روو بووە و پاشەکشەی کردوە. ئەم پاشەکشە کردنانەی رژیم کە حاسل و دەسکەوتی خەباتی چەند ساڵەی چینی کرێکاری ئێرانن بریتین لە:

– قانوونی کاری ئیسلامی "ناوی گوراوە و کراوەتە "لایحەی کار"، کەوایە رژیم لەمەولا ناتوانی بە بیانووی ئیسلامی بوونی ئەم قانوونە، رەسم و یاسای کونەپەرستانەی هەزاران ساڵ لەوەپێش بەسەر کرێکاران دا بسەپێنی.

– سەعات کاری حەوتوانە لە ٤٨ سەعاتەوە کراوەتە ٤٤ سەعات.

– لەو لایحەیەدا راگەیەندراوە کاری منداڵانی لە ١٥ ساڵ کەمتر قەدەغەیە.

– بە پێی ئەم لایحەیە، ژنان و پیاوان بۆ کاری یەکسان دەبی کریی یەکسانیان پی بدری.

– لەو لایحەیە هەڵبژاردنی نوینەر و شوورای کرێکاری ئیشارەی پی کراوە کە ئەگەرچی مەبەست شوورای ئیسلامی‌یە بەڵام پاشەکشەی رژیم بەرانبەر بە مافی رێکخراو بوونی کرێکاران نیشان دەدا.

– لەو لایحەیەدا ڕۆژی جیهانی کرێکار بە رەسمی ناسراوە.

هەندیك خالی تریش هەن کە لەگەل پێش نووسەکانی پێشوو بە تەواوی جیاوازن. بەڵام هیشتا ئەم لایحەی کاریش کە لە سالونەکانی مەجلیس دا سەرگەردانە سەرەرای هەموو پاشەکشەکانی جمهووری ئیسلامی زۆر لەو قانوونی کارە کەمترە کە کرێکاران داوای دەکەن. لەوە کەمترە کە هەر ئێستا کرێکاران بە هێزی خەباتی خۆیان دەتوانن بەسەر رژیمی بسەپێنن.

بۆ نموونە کرێکارانی کارگا چکولەکان بە بیانووی "کارگای خانەوادەگی" و شتی ترەوە، مەشموولی ئەم لایحەیە نابن و لە کوردستانیش بەشیکی زۆری کرێکاران لە کارگا چکولەکان کار دەکەن کە بە پێێ ئەم لایحەیە پەیوەندیان لەگەل کارفەرماکان ناگوردری. یانی کارفەرماکان دەتوانن بە مەیلی خۆیان بەهەر ئەندازەیەك پێیان خۆش بی دەسدرێژی بکەنە سەر پلەی گوزەران و هەقدەستی کرێکاران. یانی کارفەرما یان هەروا ئازاد دەبن کە منداڵانی لە ١٥ ساڵ کەمتر و تەنانەت منداڵانی ٧ _ ٦ ساڵەش لە کارگاکانی قالیباف، لە کوورەخانەکان، وە یا لە فرۆشگاکان و چایخانەکان و رەستوورانەکان و ... بخەنە بەر کار و بیان چەوسێننەوە. یانی هەروا ژنانی قالیباف و کرێکارانی ژن لە کوورەخانەکان و لە کاری کەشاوەرزی دا هەقدەستی کەمتر لە پیاوانیان پی بدری، یانی جەماوەری بەرینی کرێکارانی کەشاوەرزی و ساختمانی بە بی هیچ قانوونیك بۆ چەوسانەوە دەکەونە بەر دەستی سەرمایەداران.

کەوایە داخوازی هەموو کرێکاران و بە تایبەت ژنان و پیاوانی کرێکار لە کوردستان ئەوەیە کە قانوونی کار هەموو کرێکاران بگرێتەوە.

لەم رووەوە بەشداری هەرچی زیاتری کرێکارانی کوردستان لە خەباتی سەراسەری کرێکارانی ئێران دا بۆ داسەپاندنی قانوونی کاریك کە ویست و داخوازەکانی هەموو ژنان و پیاوان و منداڵانی کرێکار بەراورد بکا، زۆر پێویستە دەبی زیاتر لە ساڵانی رابوردوو بکرێتە سەر لەوحەی خەباتی کرێکاران.

***

# لە ئاوینەی خوزگەی خۆم دا

لە ئاوینەی خوزگەی خوم دا
دنیایەکم لە بەرچاوە
لەو دنیایە
هیچ ئینسانیك، کەسی دیکە
لە خۆی بەکەمتر نازانی
هیچ ئینسانیك، کەسی دیکە
بەچاوی سووك چاو لی ناکا
هیچ ئینسانیك
دوژمنی ئەوی تر نیە
هەموو کەس دوستی یەکترە و
زەویش پرە
لە ئەوین و خۆشەویستی
جادەکانیش
بیشکەی ئاشتی و ئاسایشن
لە ئاوینەی خوزگەی خۆم دا
دنیایەکم لە بەرچاوە
لەو دینایە
هەموو کەسیك
رێگای پیروزی رزگار
شارەزایە و
بەرچاو تەنگی
نەشتەر لە چاومان روناکا
لە ئاوینەی خوزگەی خۆم دا
دنیایەکم لە بەر چاوە
لەو دنیایە
رەش یان سپی
هەر کەس لە هەر نەژادیك بی
لە نیعمەتی لیوا و لیوی سەر
رووی زەوی بەهرەمەندە
هەموو ئینسانیك ئازاد و
هەر بە تەنیا
خەم و مەینەت گەردن کەچ و
شەرمەزارە و
شادیش وەکوو
ملوانکەیەك لە مرواری
بۆ گەردنی هەموومانە و
بەشەرییەت خەنی دەکا.
لە ئاوینەی خوزگەی خۆم دا
ئەو دنیایەم لە بەر چاوە.

***

# پەیامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی ٣١ی جۆزەردان ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە

کرێکاران و زەحمەتکێشان!

خەڵکی وشیاری کوردستان!

٣١ی جۆزەردان ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە، باسکی چەکداری کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانتان لێ پیروز بی. لەم ڕۆژەدا یادی هەموو ئازیزانی گیان بەخت کردوو و لە ناویان دا یادی هاوری سەعیدی موعینی، یەکەم پێشمەرگەی کۆمەڵە ریز لێ دەگرین. ئەوان بۆ ڕزگار بوون لە ستەم و چەوسانەوە و بە عەشق بە ئازادی کرێکاران و هەموو بەشەرییەت، لە ناو ریزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا تا دوا هەناسەیان تێکۆشان، یاد و ئامانجیان لە هەموو ئیعتیراز و خەباتێکی کرێکاری و جەماوەری لە کوردستان، لە هەڵسوورانی نهینی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست لە شار و لادی، لە مەزرا و کارخانە و لە خەبات و هەڵسوورانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا بەرز و بەریز ڕادەگیری و خۆشەویستی کۆمەلانی خەڵکی زەحمەتکێش بەرەو خۆی ڕادەکیشی.

دە ساڵ لەوە پێش، لە حالیکدا زۆربەی خەڵکی ئێران هیشتا تەوەهومیان بە ڕژیمی جمهووری ئیسلامی و خومەینی هەبوو، لە لایەن شەخسی خومەینییەوە فتوای هێرشی چەکدارانە بۆ سەر خەڵکی کوردستان درا، کۆمەڵە بە بی بیرەبیرە و ڕاراییی بریاری دا کە هاندەر و بەڕێوەبەری خەبات و موقاوەمەتی خەڵکی کوردستان بیت لە هەموو مەیدانەکانی خەبات دا و لەوانە لە مەیدانی خەباتی چەکدارانەش دا و، بەم جۆرە هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە کە ماوەیەك پێشتر لە جەرەیانی دیفاع لە زەحمەتکێشان و دیفاع لە دەستکەوتەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان دژ بە زۆرداران و کونەپەرستان پێك هاتبوو، ئەمجار پێی نایە دەورەیەك لە خەباتی سەرسەختانە و سەربەرزانە لە دژی هێرشی جمهووری ئیسلامی بۆسەر کوردستان.

پێویستی پێکهێنانی ڕێکخراوی چەکداری کرێکاری لە کوردستا، لە شەرایتیك دا هاتە گۆڕ و کۆمەڵەش بە پێشوازیەوە چوو کە داروەستەی جۆراوجۆری دژ بە زەحمەتکێش و دژی شۆڕش هەموو چەکدار بوون و دەوڵەتی ئیسلامی تازە پێگەیشتووش خەریك بوو تەشکیلاتی نیزامی شای، کە زەربەی خواردبوو و پرش و بلاو ببوو، کۆدەکردەوە و بۆ ئەستاندەوەی چەك لە دەستی خەڵکی ڕاپەریو کەوتبووە خۆ.

بنکەکانی چەکداری پێشمەرگەی کۆمەڵە لە شوێنە جۆربەجۆرەکانی کوردستان دامەزران و یەکەم هەنگاوی ئەم هێزە ئەوەبوو کە جم و جووڵی چەکدارەکانی ئاغا و عەشیرەکانی لە دژی زەحمەتکێشان پووچەل کردەوە و لەو کاتەوە تا ئەورو لە پال خەباتیکی بی ئەمان و سەرسەختانە دژ بە جمهووری ئیسلامی، پاریزەر و هاندەری خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان بووە لە دژی هەموو چەوسینەران و زۆر وێژان و پاریزەرانی نیزامی چینایەتی.

بەم جۆرە دەردەکەوی کە تەسمیم بۆ پێك هێنانی هێزی چەکداری سەربەخۆ، لەم واقعییەتەوە تەنیا سەرچاوەی نەگرتبوو کە هێرشی جمهووری ئیسلامی بۆ سەر کوردستانی تێدا چاوەروان دەکرا، بەڵکوو تەجرەبەی شۆڕش و ڕاپەرینی خەڵکی ئێران ئەم حەقیقەتەی بە زەقی نیشان دا بوو کە سەر بە خۆیی چینایەتی کرێکاران لە هەموو مەیدانەکانی خەبات دا دەبی بە بی هیچ تەردیدیك بپاریزری. هەروەتر چەکدار بوونی هەموو ئیرتجاع و بورژوازی کورد و وشیار بوونەوەی چینەکانی ناو کۆمەڵ بەرانبەر بە یەك، زەرووڕەتی پێك هێنانی هێزیکی چەکداری کۆمۆنیستی کە بۆ قازانج و بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان لەم شۆڕشەدا تێبکۆشی، لە هەموو کاتیك ڕوشنتر خستە بەر چاو.

ئێستا دەساڵە هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە هەڵسووراوانە خەبات دەکا و پێشمەرگەی کۆمەڵە زۆر قوناغی دژوار و سەختی وەپشت سەر ناوە و بە زۆر بواریی تاقی کردنەوەی مێژوویی و چینایەتیدا سەربەرزانە تی پەریوە و نیشانی داوە قوول ترین پەیوەندی لەگەل قازانج و بەرژەوەندی چەوساوەکانی ناو کۆمەڵ هەیە و ئەوەش تەنیا ڕازی سەربەرزمانەوەیەتی. پێشمەرگەی کۆمەڵە بووەتە هێزی جێگای متمانە و هیوای کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان. بووەتە هێزی جیانەکراوە لە خەبات و ئیعتیرازی کرێکاری و پالپشتی چەکداری ئەم خەباتە دژ بە ئیرتجاع و سەرمایەداری لە کوردستان و ئێران.

نە هێرشی دڕندانەی جمهووری ئیسلامی و نە پیلانی بورژوازی و ئیرتجاعی کورد نەیان توانیوە پەیوەندی نیوان خەڵکی زەحمەتکێش و پێشمەرگەی کۆمەڵە سست کەنەوە. خوراگری و سەرسەختی پێشمەرگەی کۆمەڵە لەسەر ئوسوول و بنەماکانی کرێکاری بووەتە هۆی توند بوونەوەی خەبات و ئیعتیرازی کرێکاران و زەحمەتکێشان دژ بە دوژمنانی چینایەتی یان.

هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە دەساڵ خەبات و هەڵسوورانی خۆیدا پاریزەری ئازادی و دیموکراسی و پاریزەری شیلگیری مافی خەڵکی زەحمەتکێش و چەوساوەکانی کوردستان بووە، بەم چەشنە سەفی خەباتی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە کوردستان بە هێز کردوە و هیوا و هومیدی بەسەر کەوتنی بەسەر دوژمنانی ستەمکار و چەوسێنەردا لە دلی میلیونەها کرێکار لە کوردستان و بگرە لە هەموو ئێران پەروەردە کردوە.

هەموو ئەو واقعییەتانەی باس کران ڕوالەتیکی نوی یان داوە بە پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی کۆمەڵە کە بە تەواوی جیاوازە لە سوننەتی پێشمەرگایەتی کون و بورژوایی. هاتنە مەیدانی کرێکاران وەك چینیکی سەربەخۆ لە شۆڕشی کوردستان دا، ڕوالەتی نوی داوە بە هەموو مەیدانەکانی شۆڕش لە کوردستان. دەکری بلێین دەورەیەکی تازە و شۆڕشێکی نوی لە کوردستان دەستی پێکردوە و بەردەوامە. پێشمەرگەی کۆمەڵە بۆ ئەو ئاڵ و گۆڕە دەوری گرینگی وەئەستو گرتوە و بۆ خۆشی ڕۆژ لەگەل ڕۆژ زیاتر لەو گورانەدا گوراوە و کامل بووە و بووەتە دەسکەوتیکی پڕ بایەخ و مێژوویی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و ئەرکی سەر شانی هەموومانە بی پاریزین.

کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان!

هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بە بی پشتیوانی بی دریغی ئیوە و بە بی خەبات و ئیعتیرازی کرێکاری هەرگیز نەیدەتوانی زۆر کەند و کوسپی سەر ڕێگای وەلا بنی و سەرکەوتوو بی. پێشمەرگەی کۆمەڵە کور و کچ و خوشك و براو یار و هاوسەنگەر و یارمەتی دەری خەبات و ئیعتیرازی ئیوە و پێشمەرگەی خۆتانن. لە هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە پشتیوانی بکەن. پتەو کردن و بەهێز کردنی ریزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بەشیکی جیانەکراوەیە لە خەباتی ئێمە دژ بە زولم و زۆر و چەوسانەوە.

پێشمەرگە خۆشەویستەکانی کۆمەڵە، هاورییان!

گیان بازی و هەڵسووران و فیداکاری بی وچانی ئیوە و هەموو گیان بەخت کردووانی ئەم ڕێبازە بە درێژایی عومری پێشمەرگەی کۆمەڵە، شوینەواریکی گرینگی خەباتی کرێکاران و شۆڕشی کوردستان دا بەجێ هیشتوە و هەتا هەتایە دەمێنێتەوە. ئیوە پەیوەندیکی بەرینی کۆمەلایەتی و چینایەتی تان لەگەل کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان پەیدا کردوە و بوونەتە جێگای متمانەیان. دەبی لە کار و هەڵسوورانتان دا سیمای پێشمەرگەی حیزبی کۆمۆنیست و ڕێگا و ڕەوشتی هێزی چەکداری کرێکارانی کوردستان پرشنگ دارتر لە جاران ڕابگرن.

هاورییان!

ستراتیژی ئێمە لە کوردستان جیگا و نەقشی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە و خەباتی چەکدارانەی لەم دەورەیەدا بە ڕوشنی دیاری کردوە. لەم چوارچێوە دا بۆ ڕەخساندن و پێك هێنانی هەلومەرجی ڕاپەرینی کۆمەلانی خەڵکی زەحمەتکێش لە شارەکان و هەروەتر لە دێهات، بۆ ڕێکخستن و یەکگرتوو کردنی بەرینی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هێرشی نیهایی هێزی چەکداری جەماوەری ڕاپەریو بۆ سەر دام و دەزگای دەوڵەتی سەرمایەداران و کونەپەرستان، تێبکۆشن. خەباتی چەکدارانە و هەڵسوورانی ئیوە یەکیك لە پایەکانی خەباتی بەرینی ئێمەیە بۆ لە دەسەلات خستنی ستەم و چەوسانەوە. تێکەلاو و پەیوەندی قووڵی خەباتکارانەتان لەگەل زەحمەتکێشانی کوردستان زیاتر لە جاران ڕابگرن. بۆ وشیار کردنەوە و یارمەتی دان بە خەبات و ئیعتیرازیان بی پشوودان تێبکۆشن. سەرکەوتن هەر بۆ ئێمەیە.

مەرگ و نەمان بۆ ڕژیمی جمهووری ئیسلامی!

بژی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە!

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری!

کومیتەی ناوەندی سازمانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)

٣٠ی جۆزەردانی ١٣٦٨

# (پاشماوەی) چاوگیرانیکی کورت بەسەر هەڵسوورانی نیزامی ......

پەلاماری دلیرانە و یەك لە دوای یەکی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە ئەمساڵیش وەك ساڵانی پێشوو، ویڕای ڕووخاندنی ورەی بەکریگیراوان و زەربە وەشاندن لە هێزەکانی ڕژیم، ورەی خەباتکارانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی بردە سەر و لە لایەن ئەوانەوە پشتیوانی گەرم و گۆڕی لیکرا. بەڵام هەڵسوورانی ئەم ماوەیە چەند خوسووسیەتی تایبەتی هەبوو کە پێویستە ئیشارەیەکی کورتیان پی بکری:

هەڵسوورانی ئەم ماوەیەمان لەسەر ئەساسی سیاسەتی گشتی کۆمەڵە و بە پێی تەرح و نەقشەی دیاری کراو بەڕێوە چوو. مەئمووریەتی هەموو واحیدەکان بە وردی و بە ڕوشنی دیاری کرا بوو. هەر کام لە عەمەلیاتەکان نەقشەی تایبەتی و دیاری کراوی خۆیان هەبوو.

بەڕێوەچوونی عەمەلیاتەکان بە پێی نەقشەی عەمەلی دیاری کراو، بێجگە لەوەی ئیمکانی سەرکەوتوو بوونی واحیدەکانمانی لە شەری داسەپێندراوی ڕژیم و لە شەری پێش بینی نەکراو، کە پێشمەرگە دەخاتە حالەتی دیفاعییەوە، پاراست و ڕادەی تەلەفاتی هێنایە خوار.

شناسایی کردنی دەقیق لە هەڵسوورانی ئەم ماوەیەدا جێگایەکی تایبەتی هەبوو. شناسایی دەقیقی پایگاکان، سەنگەرەکان و شوێنی کەمین و ڕێگای هات و چووی هێزەکانی ڕژیم، وەدەست هێنانی ئیتیلاعاتی پێویست لە ئیمکاناتی دوژمن و ژمارەی هێزەکانیان چەکەکانیان، شارەزا بوون بە مەنتەقە و ڕێگاو بان و شناسایی دەقیقی ڕێگای نفووز و گەرانەوەی پێشمەرگەکان و ... ئەمانە هەموو کە بەشیکی بەرچاوی بە یارمەتی بی دریغی خەڵکی کوردستان کرا. لە دارشتنی نەقشەی عەمەلیاتەکان و مەئمووریەتەکان دا دەخالەت دران و کەلکیان لی وەرگیرا.

ئەم شناسایییە دەقیق و وردەش ئیمکانی سەرکەوتوو بوونی عەمەلیاتەکانی تا ڕادەیەکی زۆر بردە سەر و شەرایتیکی بۆ هێزەکانمان خوڵقاند کە بتوانن بە بی مانع و بە دەست و برد، بە نیو دەیان پایگا و مەقەر و مەرکەزی نیزامی و بە پال کەمینی هێزەکانی دوژمن دا تێپەرن و بی ئەوەی ئەوان پی بزانن، عەمەلیاتەکانیان بەڕێوە بەرن.

عەمەلیاتەکانی سێ مانگی ڕابوردوومان بە گشتی پەلامار دەرانە بوون، لە هەموویان دا پێشمەرگەکانی کۆمەڵە پەلاماریان بردوەتە سەر هێزەکانی ڕژیم و دوژمن نەیتوانیوە شەرمان بەسەر دا سەپێنی و تووشی شەری دیفاعیمان بکا. هێزەکانی ڕژیم نەك هەر نەیانتوانیوە دەرفەتی ئەوەیان پی نەدراوە کە هێرش بکەنە سەر هاورییانمان، بەڵکوو بە پێچەوانە لە حالەتی دیفاعی و ئامادەباشی کامل دا ڕاگیراون. لە سەرجەمی هەڵسوورانی ئەم ماوەیەدا تەنیا یەکجار هێزەکانی ڕژیم تەقەیان دەست پی کردوە کە ئەویش بە قودرەتەوە تێك شکێندراوە و پێشمەرگەکان هاوکات لەگەل تێك شکاندنی ئەم هێرشە، پەلاماری پایگایەکی ڕژیمیان داوە و زەرەر و زیانیان پی گەیاندوە.

لە ماوەی سێ مانگی ڕابوردوودا پێشمەرگەکانی کۆمەڵە نزیکی ٤٠ عەمەلیاتی گەورە و چکولەیان بەڕێوە بردوە کە لە هەموویان دا سەرکەوتنی کاملیان بە دەست هێناوە. دارشتنی نەقشەی بە دەست هێناوە. دارشتنی نەقشەی دەقیق بۆ عەمەلیاتەکان و مەئمووریەتەکان، شناسایی دەقیق و پەلامار دەرانە بوونی شێوەی هەڵسوورانی نیزامی و خۆ پاراستن لە شەری دیفاعی، جەسارەت و لیبراوی و کارزانی و دەست و بردی لیهاتوانەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، ڕێگای هەرچەشنە جم و جوولیکی هێزەکانی ڕژیمی لە کاتی عەمەلیاتەکان دا بریوە و تەنانەت تا ماوەیەك پاش عەمەلیاتەکانیش دەرفەتی دەست کردنەوەی بە هێزەکانی ڕژیم نەداوە.

یەکیك لە سیاسەتە نیزامییەکانی چەن ساڵی ڕابوردووی کۆمەڵە ئەوە بووە کە هەڵسوورانی نیزامی هێزی پێشمەرگە بە جۆرێك بەرێتە پێش کە تەلەفاتی هاورییانمان دا شکێنێتە سەر لانی هەرە کەمی خۆی. پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ماوەی سێ مانگی ڕابوردوودا سەرەرای گرتنی پایگا و وەشاندنی زەربەی قورس لە نیو شارەکانی مەریوان و سەقز و بەڕێوە بردنی دەیان عەمەلیاتی گەورە لە پەنا شارەکانی‌تر، کە ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی ڕژیمیان تێدا کوژرا و بریندار بوون، سەرەرای بە دیل گرتنی ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزەکانی ڕژیم و بە دەسکەوت گرتنی ژمارەیەکی بەرچاو چەك و تەقەمەنی و تیك ڕووخاندنی ژمارەیەك مەقەر و پایگا و سەنگەری هێزەکانی دوژمن، ئەم سیاسەتە نیزامییەیان بە تەواوی بەڕێوە بردوە و لەو ماوەیەدا هیچ تەلەفاتیك لە هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە نەکەوتوە و هاورییانمان هەموویان بە سلامەت گەراونەوە.

ئەمانە خوسووسیاتی کاری نیزامی سێ مانگی ڕابوردوومان بوون کە ئیعتیماد بە خۆی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە و ورەی خەباتکارانەی کرێکاران و خەڵکی تێکۆشەری کوردستانیان زیاتر لە پێشوو بردە سەر، زەرەر و زیان و ورەی بەردەوامی هێزەکانی ڕژیم زیاتر کرد و دەست پێشکەری لی ئەستاندن و خستنیە حالەتی دیفاعییەوە.

هەموو ئەوانەی کە باسمان کرد لەگەل سیاسەتی گشتی نیزامی کۆمەڵە یەك دەگرێتەوە کە بە پێی ئەو سیاسەتە، هەڵسوورانی نیزامی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە تەنیا هەڵسوورانیکی نیزامی نیە و دەبی بێجگە لە وەشاندنی زەربەی نیزامی لە هێزەکانی ڕژیم لە خزمەت گەشە و هەلدان و پەرە پێدانی خەبات و ئیعتیرازی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان دابی. ئەمانە خۆی بە ڕوشنی نیشان دەدا کە هەڵسوورانی نیزامی سێ مانگی ڕابوردوومان چەندە سەرکەوتووانە بەڕێوە چوو.

***

پێشڕەو

# کورتەی هەواڵی هەڵسووڕانی سێ مانگی رابوردووی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە

* رۆژی ١٨ی رەشەمەی ٦٧ پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد لە ئاوایی "دەرەوەران" لە بەشی خاومیراوای مەریوان، پەلاماریان بردە سەر قەرارگایەکی هێزەکانی رژیم.

هاوکات لەگەل ئەم عەمەلیاتە واحیدیکی دیکە لە پێشمەرگەکان پەلاماریان بردەسەر رێگایەکی حفازەتی رژیم لە نزیك ئەم قەرارگایە. لەم دوو پەلامارەدا تەلەفاتیك لە بەکریگیراوان درا و زەرەر و زیانیکیش لە ساختمانی قەرارگا و سەنگەرەکانیان کەوت.

* رۆژی ٥ی خاکەلیوە پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد و تیپی ١١ی سنە لە درێژەی حوزوور و هەڵسووڕانی خۆیاندا لە ناوچەی مەریوان، چوونە ئاوایی "رەشەدی" لە ٥ کیلومیتری شاری مەریوان و پاش شناسایی ساختمانیك کە بۆ مەرکەزی میحوەری سپای پاسداران ساز کرا بوو، ئەم ساختمانەیان تەقاندەوە.

هاوکات لەگل ئەم عەمەلیاتەش هاورییان پەلاماریکی جەسوورانەیان بردە سەر پایگای رژیم لەو ئاوایییە و تەلەفات و خەسارەتیکی بەرچاویان پی گەیاند.

* شەوی ٧ی خاکەلیوە هاورییانی گوردانی کاك فوئاد چوونە نیو ئاوایی "سیف" لە ١٠ کیلومیتری شاری مەریوان و پەلاماریان بردە سەر پایگای رژیم لەم ئاوایییە و تەلەفاتیکیان پی گەیاند.

* ئیوارەی رۆژی ٥ی گولان پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد لە درێژەی ئەنجام دانی مەئمووریەتەکانیان دا کە بە پێی تەرحیك گشتی و لە پێش دا داریژراو دەچووە پێش، چوونە نیو شاری مەریوان و بە یارمەتی خەڵکی تێکۆشەر کۆنترۆلی بەشێکی زۆری شاریان بە دەستەوە گرت. هاورییان هاوکات پەلاماریان بردەسەر دوو مەقەری گرینگی هێزەکانی رژیم لە مەرکەزی شار و هەروەها پەلاماریان بردەسەر مالی فەرماندار و موعاوینی فەرمانداری مەریوان و تەقەی پایگای حفازەتی شاریش دەسبەجێ بە ئاگری چەکی پێشمەرگەکان بی دەنگ کرا. هاوکات لەگەل ئەوەش پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە بلندگوی مزگەوتی گەرەکی "تازاوا"وە سەخەنرانییان بۆ خەڵك کرد و لە هەموو شوینەکانی تریش ویرای قسە و باس لەگەل خەڵك، نووسراوە و تراکتی حیزبییان لە نیودا بلاو کردنەوە.

لە جەرەیانی ئەم زنجیرە عەمەلیاتە سەرکەوتوانەیەدا مەقەری داسیران بە تەواوی بەسەر بەکریگیراوانی رژیم دا خاپوور کرا و بێجگە لە تەلەفاتیکی بەرچاویتر هەموو بەکریگیراوانی ئەم مەقەرە کوژران و بریندار بوون.

* رۆژی ٦ی گولان چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی سەردەشت و گوردانی ٢٤ی مەهاباد لە چەندین قەرارگا و پایگای رژیم تێپەرین و لە ئاوایی "بەنەژاژ" پەلاماریان بردەسەر پایگایەکی رژیم لەو ئاوایییە و بەشێك لە سەنگەرەکانی ئەم پایەگایەیان خاپوور کرد و تەلەفاتیکیان بە بەکریگیراوانی رژیم گەیاند.

* هاورییانی ئەم دوو گوردانە پاش ئەنجام دانی ئەم عەمەلیاتە دەستیان دایە جەولەیەکی سیاسی و لە چەند ئاوایی دەوروبەر ویرای قسە و باس لەگەل خەڵك لە نیو پێشوازی گەرمی خەڵکی ئەم ئاوایییانەدا تراکت و نووسراوەی حیزبییان بلاو کردەوە.

* شەوی ٨ی گولان پێشمەرگەکانی گوردانی سەردەشت لە درێژەی جەولەی سیاسی و نیزامی خۆیان دا پەلاماریکی دلیرانەیان بردەسەر پایگای بەکریگیراوانی رژیم لە ئاوایی "کانی بی" لە ١٠ کیلومیتری شاری سەردەشت و زەرەر و زیانی گیانی و مالییان پی گەیاندن.

* شەوی ٢ی گولان پێشمەرگەکانی گوردانی کاوە کە لەگەل خەڵکی ئاوایی "مەولان ئاوا" خەریکی قسە و باس لە سەر ئەوزاعی سیاسی ئێران و کوردستان بوون، لە لایەن بەکریگیراوانی رژیمەوە هێرشیان کرایەسەر. پێشمەرگەکان بە دەست و برد پەلاماریکیان بردەسەریان و هێرشی بەکریگیراوانیان تیك شکاند و راویان نان. هاوکات لەگەل تیك شکاندنی هێرشی بەکریگراوان، پێشمەرگەکان پەلاماریان بردەسەر پایگایەکی رژیمیش لە دەور و بەری ئاوایی و بە گشتی تەلەفات و خەسارەتیکی بەرچاویان پی گەیاندن.

* پێشمەرگەکانی گوردانی ٢٦ی سەقز، شەوی ٥ی گولان، ویرای بە دەستەوە گرتنی کۆنترۆلی ئاوایی "حاجی مەمەدان"ی سەقز و گەمارودانی مەقەری گوورهی زەربەتی رژیم لەو ئاوایییە پەلاماریان بردەسەریان و تەلەفات و خەسارەتێکیان پی گەیاندن.

* واحیدیك لە پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد کە رۆژی ٢٠ی خاکەلیوە دەستیان دابووە جەولەیەکی سیاسی لە چەندین ئاوایی ناوچەی مەریوان، ویرای تەبلیغی سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیستی و بلاوکردنەوەی نووسراوە و تراکتی حیزبی، لە کۆبوونەوەکانیان دا لەسەر موشکیلاتی خەبات و ژیانی خەڵکی ئەم ئاوایییانە و چونیەتی خەباتیان بۆ وەدەس هێنانی داخوازە سیاسی و ئابووریيەکانیان قسە و باسیان کرد و جەولەکەیان سەرکەوتوانە کوتایی پی هێنا.

* پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی بانەش لە جەولەی سیاسی سەرکەوتوانەیان دا لەسەر چونیەتی بەرەوپێش بردنی خەباتی خەڵکی ئاوایییەکانی ئەم ناوچەیە بەرانبەر بە سیاسەتەکانی رژیم قسە و باسیان لەگەل خەڵك کرد.

* هاورییانی گوردانی کاك فوئاد لە جەولەیەکی سیاسی نیزامیتردا کە لەم ناوچەیە بەرێوەیان برد ویرای دیدار تازە کردنەوە لەگەل خەڵکی چەندین ئاوایی ئەم ناوچەیە، سەبارەت بە وەزعیەتی نالەبار و ئیختیلافاتی ناوخۆی رژیم و لەسەر موشکلاتی خەڵکی ئەم ناوچەیە قسە و باسیان لەگەل کردن.

* رۆژی ١٤ی گولان پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد و تیپی ١١ی سنە، لە درێژەی جەولەی سیاسی و نیزامی خۆیاندا، پەلاماریکی دلیرانەیان بردە سەر مەقەری هێزەکانی دوژمن لە ئاوایی "چنارە".

هاوکات لەگەل ئەم پەلامارە واحیدیکی دیکەی پێشمەرگەکان پەلاماری کەمین و دیدەبانەکانی رژیمیان دا و لەسەرجەمی ئەم دووعەمەلیاتەدا تەلەفاتیك بە هێزەکانی رژیم گەیشت و خەسارەتیان ویکەوت.

* نیوەی دووهەمی گولان هاورییانی واحیدی ئینفجاراتی گوردانی کاك فوئاد مینیکیان لەسەر جادەی نیزامی "دەکەل" لە نزیك شاری مەریوان داناوە کە پاش چەند رۆژ تەراکتوریکی تەداروکاتی رژیم وەسەری پەری و تیك شکا و رانندە بەکریگیراوەکەی بە توندی بریندار بوو.

* شەوی ٢٠ی گولان واحیدیك لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە کە دەچوونە ئاوایی "رەشەدی" لە نزیك ئاوایی تووشی کەمینی بەکریگیراوان بوون و بە پەلاماریکی بەدەست و برد تیکیان شکاندن و تەلەفاتیکیان پی گەیاندن.

* شەوی ٢٤ی گولان چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد و تیپی ١١ی سنە چوونە ئاوایی "شیخ عەتار" لە نزیك جادەی سنە _ مەریوان و پەلاماریان بردەسەر پایگای بەکریگراوان لەو ئاوایی یە و تەلەفات و خەسارەتیان پی گەیاندن.

* شەوی ٢٥ی گولان پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد و تیپی ١١ی سنە پاش تێپەرین لە دەیان پایگا و مەرکەزی نیزامی رژیم، پایگای بەکریگیراوانیان لە ئاوایی "سوفی بلە" لە بەشی سارالی سنە دایە بەر پەلامار و ویرای خاپوور کردنی بەشیکی زۆر لە ساختمانی پایگا تەلەفاتیکی بەرچاویان لە هێزەکانی رژیم دا.

* شەوی ٢٧ی مانگی گولان پێشمەرگەکانی گوردانی کاوە پاش تێپەر بوون لە دەیان پایگا و مەقەری بەکریگیراوان خۆیان گەیاندە ئاوایی "دەورەقەلا" لە بەشی خورخورە و لە پەلاماریکی جەسوورانەدا بۆ سەر پایگای هێزەکانی رژیم لەم ئاوایییە، تەلەفات و خەسارەتیان پی گەیاندن.

* هەر ئەو شەوە چەند واحیدیتر لە پێشمەرگەکانی گوردانی کاوە، بە پەنای کەمینی هێزەکانی رژیم دا چوونە نیو ئاوایی "قاراوا" و هاوکات لەگەل بەرێوە بردنی مەئمووریەتی تەبلیغی و بلاو کردنەوەی تراکت و نووسراوەی حیزبی پەلاماری پایگای کەمینی بە کریگیراوانیان دا و تەلەفاتو خەسارەتیان پی گەیاندن.

* شەوی ٢٩ی گولان پێشمەرگەکانی گوردانی ٢٦ی سەقز و گوردانی کاوە پەلاماریان بردەسەر پایگای رژیم لە ئاوایی "کەکەوسان" لە بەشی خورخورە و ویرای خاپوور کردنی بەشێکی پایەگا و سەنگەرەکان، تەلەفاتیکیان پی گەیاندن. هاوکات لەگەل ئەم عەمەلیاتە چەند واحیدیتر کەمینیان بۆ هێزی کومەکی رژیم دانا کە بەکریگیراوان نەیان ویرا هیچ جم و جوولیك بکەن.

* رۆژی ٢٩ی گولان چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد و تیپی ١١ی سنە پەلاماریان بردە سەر پایگای رژیم لە ئاوایی "دی بنیا" لە بەشی بەری سارال و ویرای ویران کردنی بەشیکی زۆر لە سەنگەرەکان و ساختمانی پایگا بەسەر بەکریگیراواندا، تەلەفاتیکی بەرچاویان بە هێزەکانی رژیم گەیاند.

* شەوی ٣٠ی گولان چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی کاوە و گوردانی ٢٦ی سەقز لە ئاوایی "دەرەویانی شیخ" لە بەشی خورخورە پەلاماری پایگایەکی رژیمیان دا و تەلەفاتیکی بەرچاویان لە هێزەکانی رژیم دا و بەشیك لە سەنگەر و ساختمانی پایگاکەیان ویران کرد. کاربەدەستانی رژیم رۆژی دواتر بە هیلیکوپتەر و ئامبولانس جەنازەی کوژراو و بریندارەکانیان گوازتەوە.

* رۆژی ٣١ی گولان پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد خۆیان گەیاندە ئاوایی "گیلی کەران" لەسەرشیوی مەریوان و لە پەلاماریکی دلیرانەدا بەشیك لە سەنگەر و ساختمانی پایگای هێزەانی رژیمیان لەو ئاوایییە ویران کرد و تەلەفاتیان لە هێزەکانی رژیم دا.

* شەوی ١ی جوزەردان پێشمەرگەکانی گوردانی ٢٦ی سەقز و گوردانی کاوە لە ئاوایی "بەسام" کە مەرکەزی فەرماندەهی هێزەکانی رژیم لەو مەنتەقەیە و هەروەها فەرماندەهی جەبهەی شلیریشی لییە، پەلاماریان بردەسەر مەقەریکی بەکریگیراوان و تەلەفات و خەسارەتیان پی گەیاند.

* رۆژی ٢ی جۆزەردان پایگای هێزەکانی رژیم لە ئاوایی "خانەخەل" لە بەشی باسکی کۆلەسەی سەردەشت کەوتە بەر پەلاماری پێشمەرگەکانی گوردانی سەردەشت و تەلەفات و خەسارەتیك لە بەکریگیراوان کەوت.

* شەوی ٥ی جۆزەردان هاورییانی گوردانی ٢٦ی سەقز لە سێ عەمەلیاتی جیاوازدا، هاوکات پەلاماریان بردەسەر پایگاکانی رژیم لە ئاوایییەکانی "بەیان دەر"، "سیانەزار" و "مام سیوەدین" لە بەشی سەرشیوی سەقز، لەم سێ عەمەلیاتە پەلامار دەرانەدا خەسارەت و تەلەفاتیکی بەرچاو لە هێزەکانی رژیم درا.

* هاورییانی گوردانی کاك فوئاد و تیپی ١١ی سنە، لە نیوەی دووهەمی مانگی گولانەوە تا رۆژی هەوەلی مانگی جۆزەردان لە جەولەیەکی سیاسی و نیزامیدا کە لە بەرپلەی سارال و کوماسی و سەرشیوی مەریوان بەریوەیان برد، دیداریان لەگەل خەڵکی ئاوایییەکانی "بەردەرەشە"، "گوگجە"، "کانی تەمرخان"، "گولچییەر"، "ئالیهەمەیان"، "قەوەتەن" ، "بیەرەشە"، "شیخ عەتا"، "باوا"، "سیوەر"، "توراخ تەپە" و "زویران" تازە کردەوە و ویرای باس کردنی ئەوزاعی سیاسی ئێستا و تەبلیغی سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیست و بلاو کردنەوەی نووسراوە و تراکتی حیزبی، سەبارەت بە موشکیلاتی ژیان و خەباتی خەڵکی ئەم ناوچەیە قەس و باسیان لەگەل کردن.

* هاورییانی گوردانی کاوە و گوردانی ٢٦ی سەقز لە رۆژی ٢٦ی مانگی گولانەوە جەولەیەکی سیاسی نیزامی سەرکەوتوانەیان لە بەشەکانی خورخورە و سەرشیوی سەقز بەریوە برد و سەبارەت بە مەسایلی سیاسی ئێستای ئێران و کوردستان و سەبارەت بە موشکیلاتی ژیانی خەڵك و پێویستی موبارەزەی یەکگرتوانە لە دژی جمهووری ئیسلامی قسە و باسیان لەگەل خەڵك کرد و زنجیرە عەمەلیاتیکیشیان لە "کەکەوسان"، "بسام"، "دەرەویانی شیخ"، "دەورەقەلا"، "بەیان دەرە" و "مام سیوەدین" بەریوە برد و خەسارەت و تەلەفاتیکی بەرچاویان بە هێزەکانی رژیم گەیاند.

***

# چەند نموونەی قەراردادی کار لە کوورەخانەکان

بەدەست پێکردنی کاری کوورەخانەکان ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران و خانەوادەکانیان لە شارەکان و دێهاتی سەردەشت، مهاباد، بۆکان، نەغەدە، شنو، پیرانشار و شارەکانیتری کوردستان بۆ کار چوونە کوورەخانەکانی تاران، مەرەند، کەرەج، قەزوین، تەوریز مەلایر و هەمەدان و ورمی.

زۆربەی ئەم کرێکارانە پێش دەست پی کردنی کار قەراردادیان لەگەل خاوەن کوورەکان نووسیوە کە تا ئێستا ژمارەیەك لەم قەراردادانەمان بە دەست گەیشتوە و بۆ ئاگاداری خوێنەران چەند دانەیان وەك نموونە دێنێینەوە:

## دەقی قەراردادی ژمارەیەك لە کوورەخانەکانی تاران لەگەل کرێکارانی سەردەشت

– حەقدەستی برینی هەزار خشت ٢٥٠ تمەنە.
– هەر خانەوادەیەك یەخچالیکی دەدریتی.
– سووختی نان کردن لەسەر خاوەن کوورەیە و کرێکاران سەهمیەی ئاردیان دەدریتی.
– خاوین کردنەوەی مەیدان، چ کاتی دەست پی کردن و چ لە نیوان کاردا، لە ئەستوی خاوەن کارە.
– ٢٠ لەتە خشت بە ١٠ خشت دەژمیردری.
– ٢ وەتاغ دەدری بەو خانەوادانە کە ژمارەیان ٢ تا ٥ کەس بی.
– دابین کردنی ئاو، بەرق و حەمام لە سەر خاوەن کارە.
– لە ماوەی فەسلی کاردا ٢ جار حەقدەست پەرداخت دەکری، جاریك لە نیوە راستی کاردا و جاریکیش لە ئاخری کاردا.
– ئەگەر لەبەر نەبوونی وەسایلی کار وەك شیلانگ و نایلون و پیمەرە و قولنگ، کرێکاران ناچار بن کار تەعتیل کەن دەبی خاوەن کار حەقدەستی بەقەد رۆژی پیشوو بدا بە کرێکاران.
– خاوەن کار ٢٠٠٠ تمەن لە سەرەتای دەست پێکردنی کاردا دەدا بە هەر خانەوادەیەك و هەموو پێنج شەممەیەك "مساعده"یان دەداتی.

## دەقی قەراردادی خاوەن کوورەیەکی قەزوین کە بۆ کرێکارانی نەغەدە و مهاباد و پیرانشار و شنوی ناردوە:

– کری ماشینی چوون بۆ کوورە و گەرانەوە لە ئەستوی خاوەن کارە.
– خەرجی خوردوخوراکی هەوەل رۆژی گەیشتنە جێی کرێکاران لەسەر خاوەن کارە.
– هەر خانەوادەیەك لەسەرەتای کاردا، ١٠٠٠٠ تمەنیان بە نیوی "شیرینی مەیدان" دەدریتی.
– حەقدەستی برینی هەزار خشت ٢٦٠ تمەنە. ئەگەر قیمەتی فرۆشی خشت چووە سەر حەقدەستی کرێکارانیش زیاد دەکری و دەنا هەر ئەوەندە دەبی.
– خاوەن کوورە قەولی داوە بۆ هات و چووی رۆژانی جومعە ماشین بۆ کرێکاران دابین کا.
– خەرجی کۆکردنەوەی خشتی شکاو و کرینی پێمەرە و نایلون و قالب و شیلانگ و فەرغوون لەسەر خاوەن کارە.
– نەفت بۆ نان کردن بە خۆرایی دەدری بە کرێکاران.
– هەموو مانگی تایەك ئارد بە قیمەتی دەوڵەتی دەدری بە کرێکاران.
– خاوەن کوورە قەولی داوە لە کاتی پێویست دا "مساعده" بدا بە کرێکاران.

## دەقی قەراردادی بەشیك لە کوورەکانی تاران لەگەل کرێکارانی مەهاباد:

– حەقدەستی برینی هەزار خشت ٣٠٠ تمەنە.
– کرێکاران مانگی ٢ جووت دەسکیش وەردەگرن.
– خاوین کردنەوەی مەیدانی کار لە سەر خاوەن کوورەیە.
– خشتی شکاو لە سەر خاوەن کوورە حیساب دەکری.
– کری ماشینی چوون بۆ کوورەخانە لە ئەستوی خاوەن کوورەیە.

***

دەورەی دووهەم ژمارەی ٣٠ جوزەردانی_١٣٦٨ ژوئەنی _ ١٩٨٩

پێشڕەو

# (پاشماوەی) کورتە باسێك سەبارەت بە قەراردادی خاوەن کوورەکان!

کەوابی پێشنیاری نووسینی قەرارداد پێش دەست پێکردنی کار و سەلماندنی هیندیك لە داخوازەکانی کرێکاران لە لایەن خاوەن کوورەکانەوە هی پیاو چاکی و بزوتنی رەحمی ئەوان نیە و بۆ ئەوە نیە کە شەرایتی کاریکی ئینسانیتر و مناسبتر بۆ کرێکاران فەراهەم بکری. ئەمە نەتیجەی خەباتی یەکپارچە و مانگرتنی دەستەجەمعی و لیبراوانەی سالانی پێشووی دەیان هەزار ژن و پیاوی کرێکاری کوورەخانەکانە کە سەرمایەدارانی ناچار کردوە پاشەکشە بکەن و پیویستە کرێکاران ئەمە بە دەسکەوتیکی بی ئەم لاو ئەو لای خەبات و هێزی یەکگرتووی خۆیان بزانن نەك حاتەم بەخشی و پیاو چاکی خاوەن کوورەکان.

مەسەلەیەکی دیکەش پیویستە لەم بابەتەوە ئیشارەی پی بکری: ئەمسال شەری ئێران و عێراق نەماوە. کاری کوورەخانەکان رەونەقیکی زیاتری هەیە. خاوەن کوورەکان کە لەوە ئاگادارن قیمەتی خشت ئەمسال زۆر دەچێتە سەر و هەروەها قیمەتی پێداویستی ژیانی کرێکارانیش زۆر لە پار گرانتر بووە، دەیانەوەی بە سەلماندنی بەشیکی کەم لە داخوازەکانی کرێکاران شان لە ژیر باری دابین کردنی هەموو داخوازەکان لادەن و هەر بەوەندە چاوی کرێکاران ببەستن و پێشی خەباتی ئەمسالیان بۆ زیاد کردنی حەقدەست بە پێی گرانی و بۆ باقی داخوازەکانیان بگرن.

کرێکاران دەبی وشیار بن و کلاوی خاوەن کوورەکانیان نەچێتە سەر. قسە ئەوە نیە کە گویا کرێکاران ئەم بەشە لە داخوازەکانیان، کە سەرمایەداران سەلماندوویانە، قەبوول نەکەن. بەلکوو مەسەلە ئەوەیە کە ئەوان پێویستە ویرای قەبوول کردن و جی گیر کردنی ئەم دەسکەوتانەی خەباتی خۆیان، دەست لە خەباتی یەکپارچە و دەستەجەمعییان بۆ وەدی هێنانی باقی داخوازەکانیان هەلنەگرن. نابی ئەم چەند داخوازە سەلمێندراوە پێش چاویان بگری و پێی رازی بن. بەلکوو پێویستە بەکەلك وەرگرتن لەم دەسکەوتانەی کە بە دەستیان هێناوە رێگای خەباتی یەکپارچەتر و سەراسەری تر و بە هێز و تواناتری ئەمسالیان خوشتر کەن و بە خەباتی یەکگرتووی خۆیان، پیلانی سەرمایەداران و خاوەن کوورەکان بۆ چەوساندنەوەی زیاتر پووچەل کەنەوە. بێجگە لەم مەسەلە گشتییانەی کە تا ئێستا باسمان کرد پێویستە بۆ روشن بوونەوەی زیاتر، بە تایبەتی باسی چەند خالی ئەم قەراردادانە بکەین:

یەکیك لەو مەسەلانەی کە خاوەن کوورەکان لە قەراردادەکانیان دا گونجاندوویانە دیاری کردنی حەقدەستە. لانی کەمی حەقدەستی کرێکاریك دەبی ئەوەندە ببی کە خانەوادەیەکی ٥ کەسی بە باشی پی بەری بچی. بۆ پاراستنی ئەم لانی کەمی حەقدەستەش پێویستە پی بە پێی گرانی و چوونە سەری قیمەتی کالا ئەساسی‌یەکان، حەقدەستی کرێکارانیش بچێتە سەر. بەلام ئەگەر چاویك لەو میزانە بکەین کە خاوەن کوورەکان لە قەراردادەکانیاندا گونجاندوویانە، دەبینین هیچکام لەوانە لە بەر چاو نەگیراوە. خاوەن کوورەکان ٢٥٠ تمەن و ٢٦٠ تمەنیان بۆ برینی هەر هەزار خشت داناوە، ئەمە تەنیا ١٠ تمەن لە ئاخرین حەقدەستی پاری کرێکارانی کوورەخانەکان زیاترە لە حالیکدا خەرجی ژیانی کرێکاران زۆر لەوە زیاتر چووەتە سەر. هەر بۆیە پێویستە کرێکارانی کوورەخانەکان لە کۆبوونەوەی گشتی خۆیاندا لە سەر میزانی حەقدەستی ئەمسالیان قسە بکەن و پی بە پێی چوونە سەری قیمەتی پێداویستی‌یەکانی ژیانیان، خۆیان حەقدەست دیاری بکەن و رای بگەیەنن کە حەقدەستی لەوە کەمتر وەرناگرن.

مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە کە خاوەن کوورەکان دەبی حەقدەستی رۆژانی تەعتیل بدەن بە کرێکاران. لە زۆربەی ولاتانی دنیا و لە هەموو کارخانە و کارگا و شیرکەتەکانی ئێرانیش حەقدەستی رۆژانی تەعتیلی حەوتوو و رۆژانی تەعتیلی رەسمی وەك حەقی کرێکاران بەرەسمی ناسراوە. تەنانەت لە زۆر جێگا حەقدەستی رۆژانی مانگرتنیش دەدری بە کرێکاران. بۆچی دەبی کرێکارانی کوورەخانەکان لەو حەقدەستە رەوایەی خۆیان بی بەش بن؟ خاوەن کوورەکان لە قەراردادەکانیاندا تەنیا حەقدەستی ئەو رۆژانەیان سەلماندوە کە لەبەر نەبوونی وەسایلی کار، کرێکاران ناچار دەبن کار تەعتیل بکەن و حەقدەستی رۆژانی تەعتیل و رۆژانی مانگرتنیان نەسەلماندوە.

مەیدانی کار بە رەنجی شان و کاری کرێکارانی کوورەخانەکان خاوین دەکرێتەوە، کرێکاران دەبی چەند رۆژ لە وەختی خۆیان و مال و مەندالیان بۆ خاوین کردنەوەی مەیدانی کار و ئامادە کردنی بۆ کار تەرخان بکەن. ئاشکرایە کە خاوەن کوورەکان دەبی حەقدەستی خاوین کردنەوەی مەیدان بدەن بەلام سەرەرای هەموو ئەوانە خاوەن کوورەکان بە بیانووی جۆراوجۆر هەول دەدەن ئەم حەقەی کرێکاران بخون. کرێکاران نابی قەبوول بکەن خاوەن کوورە لە هەر دەرفەتیکدا کە بۆی هەلدەکەوی ئەو حەقەیان لی ببری. مەسەلەیەکی تر کە کرێکاران تا ئێستا بە تەجرەبەی خۆیان بۆیان دەر کەوتوە بە قازانجی خاوەن کوورەکان تەواو دەبی ئەوەیە کە حەقدەستەکانیان بە دوو جار پی دەدری. ئەمسالیش خاوەن کوورەکان لە قەراردادەکانیان دا هەر ئەوەیان گونجاندوە و کوتوویانە حەقدەست بە دوو جار دەدری. جاریك لە نیوەی کاردا و جاریکیش پاش تەواو بوونی کار. لە حالیدا لە هەموو کارخانە و کارگا و شیرکەتەکانیش حەقدەستی کرێکاران رۆژانە یان مانگانە پەرداخت دەکری. خاوەن کوورەکان بەم جۆرە دەیانەوی کلاو بکەنە سەر کرێکاران و جاری پێش هەموو شتیك کرێکاران دەکەنە دەسەندە خۆری خۆیان و چونکوو حەقدەستەکەیان نادەنی، مەجبووریان دەکەن تا ئاخری کار لە لایان بمێننەوە و تەنانەت ئەگەر کرێکاران بە قەراردادەکەش نارازی بوون و ویستیان لە جێگایەکیتر بە شەرایتیکی باشتر کار بکەن، لەو حالەدا ناتوانن کوورەخانەکە بەجێ بێلن.

لەمانەش خراپتر ئەوەیە کە خاوەن کوورەکان پاش تەواو بوونی کار بە بیانووی جۆراوجۆر لە حەقدەستی کرێکاران کەم دەکاتەوە یان دەلێن جاری پولمان نیە و چەندین مانگ دەیان هینن و دەیان بەن و خەرجیان لەسەر دەست دادەنین و ئاخریش بە هەر فیلیك بووە بەشیك لە حەقدەستەکانیان دەبرن.

موساعەدە وەرگرتن، کە خاوەن کوورەکان بۆ هیشتنەوەی ئەم وەزعە کەلکی لی وەردەگرن، هیچ دەردیکی کرێکاران لەم بابەتەوە چارەسەر ناکا و پێشی ئەم فیل و تەلەکانەی خاوەن کوورەکان ناگری. تەنیا رێگای پێش گرتن بەم کلاو بەرداری‌یانە ئەوەیە کە کرێکارانی کوورەخانەکانیش، وەك کرێکارانی شوێنەکانیتر، حەقدەستەکانیان مانگانە وەرگرن. ئەمە بەری فیل و کەلەکی سەرمایەداران دەگری و ئەم موشکیلاتەی کە باسمان کرد بۆ کرێکارانی ناهێنێتە گۆر.

لە قەراردادەکاندا باسی ئەوە کراوە کە خەرجی چوونی کرێکاران بۆ کوورەخانە لە سەر خاوەن کوورەیە بەلام بی دەنگە لە خەرجی گەرانەوە کراوە. کرێکارانی کوورەخانەکان لە نەتیجەی خەباتی سالانی پێشوویان دا زۆر جار ئەم حەقەیان لە خاوەن کوورەکان ئەستاندوە و پێویستە ئەمسالیش لە سەری بچن و لە ریزی داخوازەکانیان دا بیگونجینن و وەك حەقیکی حاشا هەلنەگری خۆیان بە تەواوی جیی بخەن.

داخوازە ریفاهی‌یەکانی کرێکارانیش، لە قەراردادی پێشنیار کراوی خاوەن کوورەکاندا، بە چەند شتی چکولەی وەك تەئمینی سووخت و سەهول و ساز کردنی حەمام براوەتەوە کە تازە ئەوانیش نیوە و نیوە چل باسیان کراوە.

لە حالیکدا ژنانی کرێکار بە دوو گیانی و سەرەرای مندال داری و کاری نیو مال و کاری تاقەت پرووکینی قالبداری، تەنانەت مەجبوورن غەزا لی بنین و نان بکەن و بە قرچە قرچی نیوەرو لە بەر خورەتاو لیباس بشون، ئەوە حەقی کرێکارانە کە نانەواخانە و سالونی غەزا خۆری و جل شورخانەیان بە خەرجی خاوەن کوورەکان بۆ ساز بکری. ئەمانە بە تایبەت داخوازی ژنانی کرێکاری کوورەخانەکانیشە و کاری ئەوانی پی ئاسان تر دەبێتەوە و پێویستە کرێکاران سەرنجی پێویست و تایبەتی بدەنی.

بێجگە لەوانە خاوەن کوورەکان دەبی فروشگا لە کوورەخانەکان دابنین تا کرێکاران بتوانن پێداویستی رۆژانەیان هەر لە کوورەخانەکە وەدەست بخەن و مەجبوور نەبن وەختێکی زۆر و خەرجیکی زیادی بۆ کرینی ئەم شتانە سەرف بکەن.

هەروەها کرێکاران حەقیانە وەتاغ و مەسکەنی کافی و موناسبیان هەبی و لە شوینیك دا بژین کە شیاوی ئینسان بی. تاکەی دەبی کرێکاران بە حەوت هەشت سەر خیزانەوە لە وەتاغیکی تەنگەبەری بی ئیمکانات دابژین؟ بۆچی دەبی خانەوادەی کرێکار لە گەرمای هاوین دا تەنانەت ئەوەندەیان جیگا نەبی کە لەشی ماندوویان تێدا بحەسێننەوە؟ بۆچی دەبی ئاوی خاوین و لوولەکیشی و بەرق و ئیمکاناتی سەرەتایی ژیانیان نەبی؟ بۆچی مندالی کرێکاران دەبی شوینیکیان نەبی کایەی تیدا بکەن و مەجبوور بن لە نیو خاك و خولی مەیدانی کاردا میش و مەگەس دەوریان بدا و لە هەموو ئیمکاناتیکی بیهداشتی مەحرووم بن و یەك لە دوای یەك بە نەخۆشی زۆر سادە لە دەست بچن؟ خاوەن کوورەکان دەبی بە خەرجی خۆیان ئیمکاناتی موناسبی لەم بابەتە بۆ کرێکاران پێك بینن.

بە کورتی ئەوانەی باسمان کرد بە روشنی نیشان دەدەن کە خاوەن کوورەکان، کە لە نەتیجەی خەباتی سالانی پێشووی کرێکارانی کوورەدا ناچار بوون پاشەکشە بکەن، دەیانەوی بە سەلماندنی چەند داخوازی نیوە و ناتەواو، خۆ لە باقی داخوازەکانی کرێکاران گیل کەن. دەیانەوی بە هێنانە گۆری قەراردادەکانیان کرێکاران فریو بدەن و چاویان ببەستن تا بەلکوو ئەمسال خەباتی کرێکارانی کوورەخانەکان شل کەنەوە و تەفرەقەیان لە نیودا ساز کەن.

ئاشکرایە کرێکارانی کوورەخانەکان کە خەباتیکی پر تەجرەبە و چەندین سالەی لیبراوانە و سەرکەوتوانەیان ناوەتە پشت سەر و تا ئێستا بە هێزی یەکگرتووی خۆیان هەموو سالی خاوەن کوورەکانیان ناچار کردوە داخوازەکانیان قەبوول بکەن، دەسکەوتەکانی خۆیان دەکەنە پلیکانیك بۆ وەدەست هێنانی داخوازەکانی تریان و ئەمسالیش بە خەباتی دەستەجەمعی و یەکپارچەیان سەرکەوتنیکی زیاتر بەدەست دینن. نیشانەکانی ئەم خەباتە شۆرشگێرانە و پر سەمەرە، لە خەباتی سەراسەری کرێکارانی کوورەکانی "سنخ" و مەرەند و ملایردا وەدیار کەوتوە.

***

# ژمارەیەکی‌تر لە ژنان و پیاوانی شۆرشگێر هاتنە نیو ریزی پێشمەرگەی کۆمەلە

لە مەراسمیك دا رۆژی ٧ی گولان بەبۆنەی رۆژی کۆمەلەوە لە ئاموزشگای مەرکەزی کۆمەلە دەستەیەکی‌تر لە ژنان و پیاوانی زەحمەتکێش و شۆرشگێر چەکدار بوون و هاتنە نیو ریزی پێشمەرگەی کۆمەلە.

ئەو مەراسمە بە سروودی ئەنترناسیونال و دەقیقەیەك بی دەنگی بۆ ریزگرتن لە یادی گیانبەختکردوانی رێگای رزگاری و سوسیالیزم دەستی پی کرد و پاشان هاوری "ئەبوبەکر جگری" یەکیك لە بەرپرسانی ئاموزشگا ویرای پیروزبایی لە هاوری‌یانی تازە پێشمەرگە سەبارەت بە پێویستی بە هیز کردنی ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەلە بۆ خەبات لە پێناو رزگاری کرێکاران و زەحمەتکێشان و زۆرلیکراوانی کۆمەل و هەروەها دەور و جێگا و شوێنی خەباتی چەکدارانەی پێشمەرگەی کۆمەلە لە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستاندا قسەی کرد. پاشان یەکیك لە هاوری‌یانی تازە پێشمەرگە وەك نوینەری هاوری‌یانی تازە پێشمەرگە قسەی کرد و ویرای باسکردنی ئەوەکە ئەمرۆ لە کوردستان هەموو ئەوانەی دلیان بۆ رزگاری لی دەدا کۆمەلە بە هێزی پشتیوانی خۆیان دەزانن، سەبارەت بە چونیەتی بەرێوەچوونی دەورەی ئاموزشی قسی کرد.

مەراسمەکە بە پیشکەش کرانی چەند سروود و شیعر و گورانی کوتایی پی‌هات.

وت و وێژ لەگەل چەند هاوریی تازە پێشمەرگە

پاش تەواو بوونی مەراسم، چەند هاوریی تازە پێشمەرگە، لە وت وویژیك دا سەبارەت بە هۆی پەیوەست بوونی خۆیان بە ریزی پێشمەرگایەتی کۆمەلە و سەبارەت بە چونایەتی بەرێوەچوونی دەورەی ئامووزشی قسە و باسیان کرد.

یەکیك لەم هاورییانە کوتی:

من کچە زەحمەتکێشیکی خەلکی یەکیك لە ئاوایی‌یەکانی سەقزم. لە ژیانم دا زۆرم ستەم و نابەرابەری دیوە و تامی تالی ئەم نابەرابەری‌یانەم چەشتوە. هەر لە مندالی‌یەوە شوانی و زۆر کاری ترم کردوە و پاشانیش لە جیاتی خوێندن و چوون بۆ مەدرەسە مەجبوور بووم لە کوورەخانە کار بکەم ... ئێستاش بۆیە هاتوومە نیو ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەلە کە لە دژی ئەو ستەم و نابەرابەری‌یانە موبارەزە بکەم.

سەبارەت بە دەورەی ئامووزشی پێویستە بلێم بیجگە لە ئامووزشی سیاسی و نیزامی بەشی ئەوندە فیری خوێندنەوە و نووسین بووم کە ئێستا بتوانم نامە بنووسم و نووسراوەی سادە بخوێنمەوە و لەوەی کە سەوادم پەیدا کردوە زۆر خوشحالم.

هاوری‌یەکی تر کە خەلکی ناوچەی سنەیە وتی:

ئەم جامیعەیە پرە لە زۆلم و چەوسانەوە. چاو لە مەیدانی کاری شارەکان بکەن! پول پول ئینسانی بیکار دەبینن کە لە بەری بەیانی‌یەوە تا تاریکانی ئیوارە بە دوای پارەوە نانیك دا دەگەرین کە خۆیان و مندالەکانیانی پی بەخیو کەن، بەلام ئیوارە بە دەستی بەتال دەگەرێنەوە. ئەم هەژاری و بەش مەینەتی‌یە تەنیا ریگایەکی کە بۆ هەر ئینسانیکی زەحمەتکێشی دەهێلێتەوە ئەوەیە کە لە دژی ئەم وەزعە مەینەت بارە موبارەزە بکا.

ئێمە لە دەورەی ئامووزشی دا لەگەل مەبانی مارکسیزم، ئەحزابی سیاسی و تاریخ و جوغرافیای سیاسی، شیوەی تەبلیغ کردن، چلونایەتی جوولانەوەمان لەگەل دیلەکانی مەیدانی شەر و خەسلەت و شیوەی رەفتاری پێشمەرگەی کۆمەلە ئاشنا بووین.

هاوری‌یەکی دیکەی خەلکی سەردەشت لە ئاخری ئەم وت و ویژەدا کوتی:

شەرایتی مەینەت باری جامیعەی سەرمایەداری کە جمهووری ئیسلامیش هێندەی‌تری پەرە پی داوە، هەر ئینسانیکی ئازادیخواز بیزار دەکا. من خۆم کرێکارم و زۆرم رەنج و مەحروومییەت کیشاوە و سەرەنجام بەم نەتیجە گەیشتم کە بۆ موبارەزە کردن لە دژی ئەم وەزعە مەینەت بارە بیمە ناو ریزی پێشمەگەکانی کۆمەلەوە.

ئێمە لە ئامووزشگا فیری شیوە و تاکتیکی شەر، چلونایەتی کار کردن بە چەکە جۆراوجۆرەکان، شیوەی عەمەلیات و شەری شەوانە، کەمین و زیددی کەمین و... بووین و فیر بووین کە چۆن شەری چەکدارانە لە پێناو بە هێز کردنی زیاتری خەباتی کرێکاری دا بەکار بەرین.

***

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

# PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: ٣٠ June: ١٩٨٩

## کورتەی هەواڵی هەڵسوورانی سێ مانگی رابوردووی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە

* رۆژی ١٨ی رەشەمەی ٦٧ پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد لە ئاوایی "دەرەوەران" لە بەشی خاومیراوای مەریوان، پەلاماریان بردە سەر قەرارگایەکی هێزەکانی رژیم.

هاوکات لەگەل ئەم عەمەلیاتە واحیدیکی دیکە لە پێشمەرگەکان پەلاماریان بردەسەر رێگایەکی حفازەتی رژیم لە نزیك ئەم قەرارگایە. لەم دوو پەلامارەدا تەلەفاتیك لە بەکریگیراوان درا و زەرەر و زیانیکیش لە ساختمانی قەرارگا و سەنگەرەکانیان کەوت.

* رۆژی ٥ی خاکەلیوە پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد و تیپی ١١ی سنە لە دەرێژەی حوزوور و هەڵسوورانی خۆیاندا لە ناوچەی مەریوان، چوونە ئاوایی "رەشەدی" لە ٥ کیلومیتری شاری مەریوان و پاش شناسایی ساختمانیك کە بۆ مەرکەزی میحوەری سپای پاسداران ساز کرا بوو، ئەم ساختمانەیان تەقاندەوە.

هاوکات لەگل ئەم عەمەلیاتەش هاورییان پەلاماریکی جەسوورانەیان بردە سەر پایگای رژیم لەو ئاوایی‌یە و تەلەفات و خەسارەتیکی بەرچاویان پی گەیاند.

* شەوی ٧ی خاکەلیوە هاورییانی گوردانی کاك فوئاد چوونە نیو ئاوایی "سیف" لە ١٠ کیلومیتری شاری مەریوان و پەلاماریان بردە سەر پایگای رژیم لەم ئاوایی‌یە و تەلەفاتیکیان پی گەیاند.

ل١٠

## چاوگیرانیکی کورت بەسەر هەڵسوورانی نیزامی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە سێ مانگی رابوردوودا!

هەڵسوورانی نیزامی ئەمساڵی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، زووتر لە ساڵانی پێشوو، هەر لە ئاخرمانگی زستانیەوە دەستی پێکرد. پێشمەرگەکانی کۆمەڵە نیوەی هەوەلی مانگی رەشەمەی ٦٧، بی ئەوەی مانعیکی جیددی‌یان بێتە سەر رێ بە نیو دەیان مەقەر و پایگا و قەرارگای هێزەکانی رژیم داتێپەرین و خۆیان گەیاندە قوولایی ناوچە داگیرکراوەکان و پەنا شارەکانی کوردستان.

لە ماوەی سێ مانگی رابوردوودا پێشمەرگەکانی کۆمەڵە نزیکەی ٤٠ عەمەلیاتی گەورە و چکولەیان بە جەسارەت و کارزانی‌یەوە لە قوولایی ناوچە داگیر کراوەکان دا بەرێوە برد. بێجگە لە ٣٠ پەلاماری غافلگیرانە بۆ سەر پایەگاکانی هێزەکانی رژیم لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و گرتنی پایگای "خواشت" لە بەشی "ژاوەرو"ی سنە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە چەند مەقەر و مەرکەزی فەرماندەهی و گورووهی زەربەتیان لە نیو شارەکانی مەریوان و سەقز و پەنا شارەکانی‌تر دایە بەر پەلاماری بەدەست و برد و دلیرانەیان.

بە دەستەوە گرتنی کۆنترۆلی بەشێکی زۆر لە گەرەك و خیابانەکانی شاری مەریوان، پەلاماری هاو کات بۆ سەر دوو مەقەری مەرکەزی گرینگی نیزامی لە مەرکەزی شار، پەلامار بردن بۆ سەر مالی فەرمانداری بەکریگیراو لە مەریوان و مالی موعاوینەکەی، بی دەنگ کردنی تەقەی پایگایەکی‌تری رژیم، بلاو کردنەوەی نووسراوە و تراکتی حیزبی و قسە و باس لەگەل خەڵك و سوخەنرانی لە بلندگوی مزگەوتیکی شارەوە بۆ خەڵکی تێکۆشەری مەریوان، تەنیا یەکیك لە عەمەلیاتە گەورەکانی سێ مانگی رابوردوو بوو کە لە نیو پیشوازی گەرم و گۆر و هاوکاری خەڵکی تێکۆشەری ئەم شارە بەرێوە چوو.

بەرێوە بردنی دوو زنجیرە عەمەلیاتی سەرکەوتوانەی‌تر لە نیو شاری سەقز لە ماوەی حەوتوویەك دا، بەدەستەوە گرتنی بەشێکی شار، پەلامار بردن بۆ سەر هێزەکانی رژیم لە پارکی جەنگەلبانی و وەستاندنی زەربە، گفت و گو لەگەل خەڵك و بلاو کردنەوەی نووسراوە و تراکت و نەوار، سوخەنرانی بۆ خەڵك و بلاو کردنەوەی نەواری سروود و سوخەنرانی لە سەر بلندگوی مزگەوتیکی شار، دوو نموونەی‌تری عەمەلیاتی نیو شاری پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بوو.

پەلاماری پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بۆ سەر مەقەر و مەرکەزی فەرماندەهی هێزەکانی رژیم لە ئاوایی "بسام" کە هەم مەرکەزی فەرماندەهی رژیم لەو مەنتەقەیە و هەم مەرکەزی فەرماندەهی رژیم "جەبهەی شلیر"ە، پەلاماری بەدەست و برد بۆ سەر قەرارگای ژاندارمری و سپای پاسداران لە چنارە، پەلامار بۆ سەر قەرارگای نیزامی هێزەکانی رژیم لە دەور و بەری شاری مەریوان، پەلامار بۆ سەر مەقەری گورووهی زەربەتی "حاجی ئەول" لەسەرشێوی سەقز، پەلامار بۆ سەر گورووهیکی زەربەتی تر لە سەرجادەی سنە _ مەریوان و بە دیل گرتنی مەسئولی ئەو گورووهی زەربەتە و ٣ بەکریگیراوی‌تر، چەند نموونەی‌تر لە عەمەلیاتەکانی سێ مانگی رابوردووی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەن.

بەشیکی دیکە لە هەڵسوورانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لەم ماوەیەدا بەرێوەبردنی چەندین جەولەی سیاسی نیزامی بە قودرەت بوو کە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی سنە و مەریوان و سەقز و دیواندەرە و بانە و سەردشت، لە لایەن پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە بەرێوە چوو.

لەم جەولانەدا هاورییانمان بێجگە لە زەبر وەشاندن لە هێزەکانی دوژمن چوونە نیو کۆر و کۆمەڵی ژنان و پیاوانی کرێکار و زەحمەتکێش و ویرای قسە و باس لە سەر ئەوزاعی سیاسی ئێستای ئێران و کوردستان و چونیەتی بەرەوپێش بردنی خەباتی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بۆ وەدی هێنانی داخوازەکانیان و راوەستان لە بەرانبەر سیاسەتەکانی رژیم دا، نووسراوە و تراکتی حیزبیان لە نیودا بلاو کردنەوە و سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان بۆ باس کردن. لە هەموو ئەو ناوچانەی کە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە جەولەیان تیدا کرد، خەڵکی تێکۆشەر پیشوازیەکی گەرم و گوریان لی کردن و ویرای هاوکاری بی دریغ



ئیتیلاعات و نهینی‌یەکانی هێزەکانی رژیم و یارمەتی مالی و تەداروکاتی خۆیان گەیاندە پێشمەرگەکان.

هەموو عەمەلیات و جەولە و هەڵسوورانی ئەمساڵی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە هەلومەرجیك دا بەرێوە چوون کە لە لایەکەوە سەرەرای تەواو بوونی شەری ئێران و عێراق، جمهووری ئیسلامی هێزی زۆر و زەبەندی داگیرکەری بۆ پاراستنی دەسەڵاتی رەشی لە کوردستان و بۆ سەرکوت کردنی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان، لە هەزاران مەقەر و پایگا و قەرارگا و مەرکەزی نیزامی، لە شارەکان و لە دێهاتی کوردستان راگرتوە و کوردستان هەروەك سالانی پێشوو میلیتاریزە کراوە.

لە لایەکی دیکەشەوە خەباتی کرێکاران و خەباتی جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان بۆ وەدی هێنانی داخوازەکانیان و لە دژی دەسەڵاتی کونەپەرستانە و حوزووری سەرکوتگەرانەی رژیم لە کوردستان بەردەوامە و پشتیوانی هەمەلایەنە و بی دریغیان لە هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە درێژەی هەیە.

ل٩

## کورتە باسیك سەبارەت بە قەراردادی خاوەن کوورەکان!

ئەمساڵ کە ئیتر ماوەیەکە شەری ئێران و عێراق تەواو بووە کاری کوورەخانەکانیش رەونەقیکی زیاتری پەیدا کرد و لە چاو ساڵانی رابوردوو ژمارەیەکی زیاتر لە کرێکارانی کوردستان بۆ کار چوونەتە کوورەخانەکانی دەرەوەی کوردستان.

ئەمساڵ لە شێوەی جوولانەوەی خاوەن کوورەکاندا بەرانبەر بە کرێکاران ئاڵ و گۆرێك پێك هاتوە کە هەر لە چاولیکردنی هەوەل دا بە زەقی دەبیندری. ئەم ئاڵ و گۆرەش ئەوەیە کە ئەمساڵ خاوەن کوورەکان بە قەراردادەوە هاتبوون بۆ گرتنی کرێکار. هەر لە سەرەتای مانگی رەشەمەی ٦٧وە خاوەن کوورەکان و نوینەرانیان خۆیان گەیاندە شار و دێهاتی کوردستان و داوایان لە کرێکاران کرد کە بە پێی پێشنیارەکانی ئەوان قەراردادیان لەگەل بنووسن.

جیا لەوەی کە پێشنیاری خاوەن کوورەکان پێکەوە هێندیك فەرق و جیاوازی‌یان هەبوو، مەسەلەیەك سەرنجی کرێکارانی رادەکیشا ئەویش ئەوە بوو کە بەشێك لە لانی کەمی داخوازەکانی کرێکاران لە قەراردادی پێشنیار کراوی خاوەن کوورەکاندا گونجا بوو.

رەنگە ئەم شێوە جوولانەوەی خاوەن کوورەکان لەگەل کرێکاران ئەم پرسیارە بۆ ژمارەیەکیان هێنابێتە پێش کە چونە خاوەن کوورەکان کە ساڵانی پێشوو ماوەیەك پاش دەست پێکردنی کا و تەنانەت بە زۆری خەبات و مانگرتنی کرێکاران حازر دەبوون قەرارداد لەگەل ئەوان بنوسن، ئەمساڵ خۆیان پێش دەست پێکردنی کار قەرارداد پێشنیار دەکەن و تەنانەت هێندیکیش لە داخوازەکانی کرێکارانی کوورەخانەکانیان لەو قەراردادانەدا گونجاندوە؟

وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە و روشن کردنەوەی هۆی بەرخوردی خاوەن کوورەکان و هەروەها چونیەتی بەرخوردی کرێکاران بەرانبەر بەم مەسەلەیە پێویستی‌یەکی فەوری‌یە و خەباتی کرێکارانی کوورەخانەکان هەنگاویك دەباتە پێش و ئێمە لیرەدا بە کورتی لە سەریان دەدویین.

پێش هەموو شتێك کرێکارانی کوورەخانەکان پێویستە سەرنج بدەنە ئەم مەسەلەیە کە نە ماهییەتی بورژوایی خاوەن کوورەکان وە نە خۆیان، فەرقیان کردوە. ئەوان هەمان خاوەن کوورەکانی پار و پێرارن کە ئەمساڵیش وەك ساڵانی پێشوو، بۆ چەوساندنەوەی زیاتری کرێکاران، بۆ وەدەست هێنانی سوودی زیاتر، بۆ داسەپاندنی شەرایتی کاریك کە بە قازانجی خۆیان بی، هەموو مافیکی ئینسانی کرێکاران پێشێل دەکەن و دەست لە هیچ پیلانیك لە دژی کرێکاران ناپارێزن. خاوەن کوورەکان ئەمساڵیش وەك هەمیشە بۆ تەفرەقە ساز کردن لە نیو ریزی کرێکاران دا، بۆ پێش گرتن بە خەبات و ئیعتیرازی کرێکاران، بۆ سەرکوت کردنی کرێکارانی مانگرتوو بە یارمەتی بە کریگیراوانی رژیم، بۆ بە گرتن دانی رابەرانی کرێکاران و ... هەموو توانای دژی شۆرش و دژی کرێکاری خۆیان دەخەنە گەر.

ل١١

## چەند نموونەی قەراردادی کار لە کوورەخانەکان

بەدەست پێکردنی کاری کوورەخانەکان ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران و خانەوادەکانیان لە شارەکان و دێهاتی سەردەشت، مهاباد، بۆکان، نەغەدە، شنو، پیرانشار و شارەکانی‌تری کوردستان بۆ کار چوونە کوورەخانەکانی تاران، مەرەند، کەرەج، قەزوین، تەوریز مەلایر و هەمەدان و ورمی.

زۆربەی ئەم کرێکارانە پێش دەست پی کردنی کار قەراردادیان لەگەل خاوەن کوورەکان نووسیوە کە تا ئێستا ژمارەیەك لەم قەراردادانەمان بە دەست گەیشتوە و بۆ ئاگاداری خوێنەران چەند دانەیان وەك نموونە دێنێنەوە:

**دەقی قەراردادی ژمارەیەك لە کوورەخانەکانی تاران لەگەل کرێکارانی سەردەشت**

– حەقدەستی برینی هەزار خشت ٢٥٠ تمەنە.

– هەر خانەوادەیەك یەخچالیکی دەدریتی.

– سووختی نان کردن لەسەر خاوەن کوورەیە و کرێکاران سەهمیەی ئاردیان دەدریتی.

– خاوین کردنەوەی مەیدان، چ کاتی دەست پی کردن و چ لە نیوان کاردا، لە ئەستوی خاوەن کارە.

ل١٠

## ژمارەیەکی‌تر لە ژنان و پیاوانی شۆرشگێر هاتنە نیو ریزی پێشمەرگەی کۆمەڵە

لە مەراسمیك دا رۆژی ٧ی گولان بەبۆنەی رۆژی کۆمەڵەوە لە ئامووزشگای مەرکەزی کۆمەڵە دەستەیەکی‌تر لە ژنان و پیاوانی زەحمەتکێش و شۆرشگێر چەکدار بوون و هاتنە نیو ریزی پێشمەرگەی کۆمەڵە.

ئەو مەراسمە بە سروودی ئەنترناسیونال و دەقیقەیەك بی دەنگی بۆ ریزگرتن لە یادی گیانبەختکردوانی رێگای رزگاری و سوسیالیزم دەستی پی کرد و پاشان هاوری "ئەبوبەکر جگری" یەکیك لە بەرپرسانی ئاموزشگا وێرای پیروزبایی لە هاوری‌یانی تازە پێشمەرگە سەبارەت بە پێویستی بە هیز کردنی ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بۆ خەبات لە پێناو رزگاری کرێکاران و زەحمەتکێشان و زۆرلیکراوانی کۆمەڵ و هەروەها دەور و جێگا و شوێنی خەباتی چەکدارانەی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستاندا قسەی کرد. پاشان یەکیك لە هاوری‌یانی تازە پێشمەرگە وەك نوینەری هاوری‌یانی تازە پێشمەرگە قسەی کرد و ویرای باسکردنی ئەوەکە ئەمرۆ لە کوردستان هەموو ئەوانەی دلیان بۆ رزگاری لی دەدا کۆمەڵە بە هێزی پشتیوانی خۆیان دەزانن، سەبارەت بە چونیەتی بەرێوەچوونی دەورەی ئاموزشی قەسی کرد.

ل١١